ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752913

# له ماتەمینی هێمندا

**Book** · January 2014

CITATIONS
0

READS
122

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University
**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# لەماتەمینی هێمندا

## چەند دەقێکی شین و لاواندنەوە

# لەماتەمینی هێمندا

## چەند دەقێکی شین و لاواندنەوە

گرد و کۆی:
عوسمان دەشتی عەلی بداغی

هەولێر - ٢٠١٤

- لەماتەمینی هێمندا
- گرد و کۆی: د.عوسمان دەشتی - عەلی بداغی.
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
- نەخشەسازی: رزگار موحسین.
- بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٨٩).
- تیراژ: (٥٠٠) دانە.
- چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(     )ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

# ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا

**د.عوسمان دەشتی**

**پێشەکی:**

ماتەمنامە یەکێک لە بابەت و مەبەستە سەرەکییەکانی شیعری کوردی کلاسیک پێکدەهێنێت، لە پاڵ کۆمەڵێ بابەت و مەبەستی دیکە لە وێنەی؛ وەسف، ستایش، شانازی، داشۆرین.....تاد، بابەت و ناوەرۆکی شیعر بە شێوەیەکی گشتی لەوانەش ماتەمنامە بە ژیانی کۆلایەتییەوە گرێدراوەتەوە، هەربۆیە ڕەنگدانەوەی دیاردەی خەم و ماتەم و پەژارە لە شیعردا لە کاتی مەرگ و ماتەمینی مرۆڤەکان شتێکی ئاسایی و دێرینە. هەربۆیەشە ئەم دیاردەیە لە شیعری کوردیدا هەم ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی هەیە، هەمیش پانتاییەکی بەرینی لای شاعیران و لە شیعری کوردیدا گرتۆتەوە. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم لایەنەی شیعری کوردی و ڕوومالکردنێکە بۆ چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی لەئەدەبی کوردیدا. باسەکە خۆی لە دوو تەوەری سەرەکی پێک دێت بەم شێوەیە:

**تەوەری یەکەم:**

أ- چەمک و پێناسەی ماتەمنامە.

ب- ماتەمنامە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و ئەوروپاییەکاندا.

**تەوەری دووەم:**

أ- ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا

ب- جۆرەکانی ماتەنامە لە شیعری کوردی.

ئەنجا بە چەند خاڵێکی ئەنجامگیری و لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان کۆتایی دێت. میتۆدی پێڕەوکراو لە خستنەڕووی باسەکە، میتۆدێکی وەسفی مێژووی پراکتیکییە.

## تەوەری یەکەم

### أ/ چەمک و پێناسەی ماتەمنامە:

ماتەمنامە پارچە شیعرێکی لیریکە تێیدا شاعیر هەست و سۆزی خۆی لە ئاست کەسێکی لە دەستچوو دەخاتە ڕوو. لە ڕەخنەی کۆندا ماتەمنامە لەگەڵ شیعری ستایش وەکو دوو دیوی دراوێک سەیر کراون، کاتێک ڕەخنەگرانی عەرەب و عەجەم وای بۆ چوون کەوا ماتەمنامە هەمان چەشنی شیعری ستایشە و ئەوەندە هەیە بە ڕێژەی ڕابردوو دەهۆندرێتەوە.[١] ئەوان لەو باوەڕەدان کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ماتەمنامە و ستایشدا نییە، تەنیا ئەوەی لێکیان هەڵاوێر دەکات ئەوەیە کە لە ماتەمنامەدا هەوێنێک هەیە لە تێکستە شیعرییەکەدا کەوای لێ فام دەکرێت، یان وای لێ دەخوێندرێتەوە کەوا بۆ کەسێکی کۆچکردوو گوترابێت.[٢] دیارە ئەم بۆچوون و تێگەیشتنە دەقاودەق گوێزراوەتەوە بۆ ناو ڕەخنەی کوردیش، بۆیە کەسێکی وەکو د.مارف خەزنەدار سەبارەت بەماتەمنامە، وەکو مەبەستێکی شیعریی دەڵێ: (ئەم جۆرە شیعرە وەکو پیاهەڵدان و مەدح وایە، بەڵام بۆ مردوو بەکار دەهێندرێ).[٣] لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ناساندن و لێکدانەوەیە بۆ شیعری شینگێڕی[*] و ماتەمنامە تا ئەندازەیەک بۆچوونێکیی وشک و ناواقعییە ئەویش لەدوولایەنەوە: یەکەم هەڵوێستی شاعیر لە نێوان ئەم دووجۆرە گوتارە شیعرییە ڕەچاونەکراوە. چونکە هەم لە ڕووی چۆنیەتییەوە و هەم لەباری شێوازو دەربڕینەوە زۆر لەیەک دوورو جیاوازن.

دووەم ئەو هەست و سۆزەی، کە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێ و ئەو کەشوهەوایەی، کە باڵ بەسەر دەقی شیعری دادەکێشێت، کە بە فەزای شیعری دەناسرێت، لەودوو مەبەستە شیعرییەدا جیاوازن.[٤] ماتەمنامە لە بنچینەدا لە سویێ مەرگی پاشا و سەرۆک و سەرکردە و پیاوانی تەریقەت و کەسانی زانا و ناودار، یان بۆ مەرگی دۆستان و کەسە نزیکەکانی شاعیر دەهۆندرێتەوە. تێدا وەسف و سیفەتی باش و پەسەند کراو دەخرێتە پال کەسی کۆچکردوو، وا هەیە وەکو کەسێکی نموونەیی نیشان دەدرێت، کە ڕەنگە لە هەقیقەت و واقیعدا وا نەبووبێت.

وەکو لە سەرەتادا گوترا ماتەمنامە لە ڕووی ناخ و کرۆکی شیعرییەوە بەشێکە لە ئەدەبی لیریک کە شاعیر هەست و هەستپێکردنەکانی دەروونی خۆی تێدا دەردەبڕێت.

لە ڕووی قاڵب و ڕوخسارەوە، یان لە شیوەی پارچەی لیریکی بچووکدا دەبێت، یان لە فۆرمی قەسیدەی دوور و درێژ، ئەنجا چ قەسیدەی ئاسایی بێت، یان قەسیدەی موسەممەت و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند بێت.

**ب/ماتەمنامە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و ئەوروپاییەکان:**

ئەم جۆرە ئەدەبە مێژوویەکی دێرینی هەیە و ڕەگو ڕیشاڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینی و ئەفسانەییانەی لەکاتی ناشتنی مردوودا لە شارستانییەتە کۆنەکاندا پێڕەوی لێ کراوە. بۆ نموونە دەگوترێت بەگوێرەی تیوری ئەفراندن کە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا هەیە، حەرزەتی ئادەم وەک چۆن مرۆڤی خوڵقێندراوی یەکەمە، زۆر شتی دیکەی یەکەمینی دراوەتە پاڵ، لە وانەش ئەوەیە کە ئەو یەکەمین کەسێک بووە ماتەمنامەی لە سەرەمەرگی (هابیل) دا گوتووە کاتێک بەدەستی (قابیل) کوژراوە.(٥) لە ئەدەبیاتی عەرەبی ماتەمنامە لەسەردەمی جاهیلیدا پلە و پایەیەکی دیاری هەبووە و بەرز نرخێندراوە. یان بەشێوەیەکی گشتی شیعری فەخر و مەدح و ماتەنامە (مەرسییە)، وەکو سێ مەبەستی سەرەکی شیعری کۆنی عەرەبی، کە لەیەک چوار چێوەی گشتیدا کۆ دەکرێنەوە، لە بابەتەکانی تر زیاتر بە چاوی ڕێزو پەسەندییەوە سەیرکراون و بەشێکی گەورە لەشیعر و دیوانی شاعیرانی سەردەمی جاهیلی و کلاسیکی عەرەبی پێکدەهێنێ. بۆ نموونە ژنە شاعیری دیار و ناوداری عەرەب (الخنساء/ کە لە ساڵی ٢٤ی کۆچیدا مردووە) هەموو دیوانەکەی لەو شیعرە شینگێڕییانە پێکهاتووە، کە لە سوێی مەرگی هەردوو براکەیدا (موعایە و سەخر)هۆنیویەتەوە. لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا، لە ڕۆژگاری پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشدین، ئەم بابەتەی شیعر تا ڕادەیەک ڕووی لە کزی کردووە، لە سۆنگەی ئەوەی کە زیاد پێ لەسەر دەمارگیری هۆزایەتی دادەگرێ و هاندەرە بۆ شەڕ و شۆڕ و تۆلەسەندنەوە،

ماتەمنامە لە ئەدەبیاتی فارسیدا زیاتر لە ژێر کاریگەری ماتەمنامەسەرایانی عەرەبدا بووە و هەر لە دەورانی سەرەتای ئەدەبیاتی فارسی دەڕییەوە ئەم

بابەتە شیعرییە بەدی دەکرێت، لەو ناوەدا (ڕوودەکی/شاعیری سەدەی چوارەمی کۆچی) بەسەرامەدی شاعیرانی فارس لە قەڵەم دەدرێت، کە لەو بابەتە شیعریان داناوە، لەو بوارەدا ئەو شیعری ماتەمنامەیەی کەوا (فەرخی سیستانی/ کەلە ٤٢٩ی کۆچیدا مردووە)، بۆ مەرگی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی گوتوویەتی بە بەهێزترین بابەتی شیعری ماتەمنامە دەناسرێت لە ئەدەبی فارسیدا.[٦] جۆرێکی دیکە لە شیعری ماتەمنامە لە ئەدەبی فارسی، ئەو بەشەیانە کە لە تازیەباری ئیمامانی شیعە و ئەندامانی ئالی بەیتی پێغەمبەرەوە گوتراون و بە (ماتەمنامەی مەزهەبی) دەناسرێت. ئەمە لایەنێکی گەورە لەشیعری فارسی دوابەدوای دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی پێک دەهێنێت، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ شیعرێکی تەرکیببەندی (موحتەشەمی کاشانی/لە ساڵی ٩٩٦ کۆچیدا مردووە) دەکەن، کە بە مەزنترین شاعیری ماتەمنامە خوێنی فارسی وەسف دەکرێت، کە بۆ شین و ماتەمی دوازدە ئیمامەکانی شیعە هۆنراوەتەوە و شیعرەکە خۆیشی لە دوازدە بەندی تەرکیب پێکهاتووە.[٧]

لە ئەدەبیاتی رۆژئاواش ماتەمنامە وەکو بابەتێکی شیعری مێژووییەکی کۆنی هەیە. (elegy) کە وەکو زاراوە بۆ ماتەمنامە بەکاردێت، ڕیشەکەی لە زاراوەی (elegia یاخودelegos)ی گریکییەوە هاتووە. لە ئەدەبیاتی گریکی ئەو شیعرانەی کە سەبارەت بە عەشق و جەنگ و مەرگ و ئاوارەبوون و ژیان دەهۆندرانەوە کێشێکی تایبەتیان هەبووە کە بە کێشی ماتەمینی (elegiac) ناسراوە.[٨]

لە ڕۆژگارەکانی ڕۆمانی و لاتینیشدا ماتەمنامە هەر بەو چەمک و پێناسەیە ماوەتەوە، کەوا شیعرێکی کورت، یان گۆرانییەکی ئاهەنگدارە کە بناوانی لە عیشق و خۆشەویستی و مەرگ و لە دەستدانی مرۆڤێکەوە بەرپابووە.[٨]

لە سەدەی شانزەهەم بە دواوە ماتەمنامە لە ئەدەبیاتی ئەوروپا لە فۆرم و ناوەرۆکێکی تایبەتدا مەییوە. بە نموونە ئەدەبی ئینگلیزی لە رابردوودا چەند نموونەی شیعری ماتەمنامەی ناوداری هەبووە، لە وانە ماتەمنامەی (تێنی سۆن)، بە ناوی (چامەیەک بۆ مەرگی دۆق ولینگتۆنode on the death of the duk of wlington). هەروەها ماتەمنامەی (ئالفرێد تنسیون)، گەورە شاعیری دەرباری بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کە بە ناونیشانی (In memorion)ە و بۆ مەرگی شاعیرێکی دۆستی هۆنیویەتەوە، ئەنجا (ئۆدن

auden)ی شاعیری ناودار چامەیەکی شینگێڕی زۆر بە سۆزی بۆ یادی شاعیری ئیرلەندی هاوڕێی (دەبلیو. ب. ییتز) هۆنیوەتەوە.[٩]

جۆرێک لە شیعری ماتەمنامە لە ئەدەبیاتی ئەوروپا بە تایبەتیش لە فەرەنسا و ئینگلتەرا پەرەی سەندووە، کە بەشیعری ماتەمنامەی شوانکارەیی ناودێرکراوە، تێیدا هەم ماتەمنامەخۆین و هەم ماتەمنامە بۆ خۆێندرا و لە شێوە و ئاکاری شونکارە و خەڵکی دێهات وێنا دەکرێت، کەوا سروشت و گژوگیا وگوڵ و گوڵزاری تەبیعەیش دەبنە شەریک و برابەشی ئەو ماتەمینییە.[١٠]

لێرەدا و لەدیدی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەتواندرێت دووجۆری ماتەمنامە دەستنیشان بکرێت، جۆرێکیان لە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینەوە سەرهەڵدەدات کەوا سەرشارە لە هەست و سۆز و سووتان و بە کوڵ لە دڵ و دەروونی شاعیرەوە لە شێوەی لاواندنەوەیەکی خەمناک هەڵقولاوە.

جۆرێکیش ماتەمنامەی ڕەسمی و فارمایشییە، کەوا شاعیرانی دەربار وەکو جۆرێک لە ئەرک و وەزیفە لە تازیەمانەی گەورە و وەلی نیعمەتەکانیان، یان کەس و کاری نزیکەکانی ئەوان، جێبەجێی دەکەن. کە دوورە لە هەر جۆرە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینە و لە دڵ و دەرووندا کاریگەرنابێت.

## تەوەری دووەم

### أ/ ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا:

دیارە ماتەمنامە لە شێوە سەرەتاییەکەی و لای هەموو کۆمەڵگاکان بۆ ئەو ڕێوڕەسم و نەریتانە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی تازیەباری و لاواندنەوەی مردووەکان لە ئارادا هەبووە، سەرەتا لە شێوەی سرووت و دوعا و پاڕانەوە بووە لە خوداوەند لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەری وەکو مەرگ، پاشان بۆتە بەند و سڵاو و پەسن و پێداهەڵگوتن بەو ئومێدەی بۆ مردوو لە گۆڕخانەدا ببێتە مایەی ئارامی و ئۆقرەیی.[١١]دابونەریتی کوردەواریش لە ڕابردوو هەر بەو جۆرە بووە. لە هەنگامی کۆچی میرو مەزن و جوامێراندا، یان جوانەمەرگی کوڕان و کچانی لاو بەناکامی، ژنان بەتایبەتی لە مەراسیمی تازیە باریدا کۆڕی شینیان بۆ گێڕاوە.

شیینگێڕان بە واتای شەپۆڕ و شێوەن و زاری دێت بە دەنگ و بە ئاواز کە بەشێوەیەکی تایبەتی بەڕێوەدەچێت.[١٢] تازیەباران جلی شین و نیلی، (کە

بەخم ڕەنگرێژ دەکرا) دەپۆشن و سەرەژنێک دەبێت بە (شینگێڕ) و بە دەنگ و ئاوازێکی خەماوی بە بەندی شیعر و پەخشان مردووەکە دەلاوێنێتەوە و پێیدا هەڵدەڵێ، ئاکارە ناوازەکانی دەستنیشان دەکات و ئەو نەهامەتی و کۆستەی لەو کۆچکردنەدا کەوتۆتەوە باس دەکات، دوا بە دوای ئەویش کۆڕی ژنانی شینگێڕ بە ئاهو حەسرەت و قوڵپی گریانەوە، لە سەر ریتمێکی تایبەت وەکو کۆرس بۆی دەسەننەوە.

هەر ئەم نەریتە پەری سەندووە و لەپاڵ جێکەوتە و کاریگەری شیعری فارسی و عەرەبی، وەکو سەرچاوە بوون بە بنەمای چەکەرەکردنی جۆرێک لە باس و بابەتی ناوەڕۆکی شیعری کوردی، کە بە ماتەمنامە، یان شیعری شین و لاواندنەوە، یان شینگێڕی دەناسرێت.

**ب/ جۆرەکانی ماتەمنامە لە شیعری کوردی:**

کەشکوڵ و هەگبەی شیعری کۆن و کلاسیکی کوردی پڕیەتی لە دەقی شیعری پتەو و پڕ لە گەوهەر و هونەر لە بابەتی ماتەمنامەدا، کەوا لێرەدا گەشتێک بە نێو ئەو گوڵ و گولزارەدا دەکەین:

**١ـ لاواندنەوەی میرو پاشایانی کورد:**

یەکەمین تێکستی ماتەمنامە لەو بارەوە کە لە بەردەستمان دابێت شیعرێکی (ئەحمەدێ خانی/١٦٥١ـ١٧٠٧)یە، کە بۆ کۆچی دوایی میری بایەزید، (میر محەمەدی کوڕی بالولی سێیەم) هۆنیویەتەوە، خانی پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو میرەدا هەبووە، لەسەردەمی ئەو و باوکیشیدا، خانی وەکو میرزا و نامەنووسی دەرباری میرایەتی کاری کردووە، لە دوای کۆچی دوایی میر محەمەد بەگ لە سالی (١٠٩١ک/١٦٨١ز)، خانی بەقەسیدەیەکی ناسک و بەسۆز دەیلاوێنێتەوە کە لە فۆرمی بەندی چوارینە دایە و لە (٣٤) بەند پێکهاتووە، کە ئەمە دوو بەندی سەرەتاکەیەتی:[١٣]

**کانێ موحەممەد بەگ گەلۆ**
**کان پادشاهێ سەرحەدان**
**ئیرۆ ژدل بگرین دەلۆ**
**کان پادشاهێ سەرحەدان؟**
**ئیرۆ ببینن عیبرەتێ**
**ئاغا و و خەلقێ هیشەتێ**
**کانێ خودانێ غیرەتێ**

**کان پادشاهێ سەرحەدان؟**

وەداعی (کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە)، ماتەمنامەیەکی لە سەر ڕێوشوێنی تێکستەکەی خانی، لە ساڵی ١٨٢١ی زاینی لە دوای مەرگ و کوژرانی (شێخەبەگی بەگزادەی هەکاری) هۆنیوەتەوە. کە بریتییە لە (٣٨) بەندی چوارینە، کە بەزمان و شێوازێکی ڕەوان و پاراو هۆنراوەتەوە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**ئیرۆ ژ دەستێ فەلەکێ**
**کانێ جیهانگیرێ جیهان**
**بگرین ژبۆ شێخی بەگێ**
**کانی جیهانگیرێ جیهان**
**میرێ ب ئیمان و کەرەم**
**کانێ صاحب جوود و نیعەم**
**وەصفێ دڤێ هەردێ بدەم**
**کانێ جیهانگیرێ جیهان**

لە بەندی کۆتایشدا مێژووەکەی بە حیساب و حەرفی ئەبجەد تۆمارکردووە:

**یاقەنج ئەوە ئەم ڤێ بکەین**
**ناڤێ ل تاریخێ بدەین**
**بۆغەین و ڕێ و لام و زەین**
١٠٠٠ + ٢٠٠ + ٣٠ + ٧ = ١٢٣٧ه/١٨٢١ز
**کانی جیهانگیرێ جیهان**(١٤)

تێکستێکی ناوداری (نالی) هەیە کەوا زۆر هونەرمەندانە و شارەزا، دوو مەبەستی دژبەر و پێک ناکۆکی (ماتەم و ستایش)ی لە یەک بۆتەدا کۆکردۆتەوە و هاوئامێزی یەکتری کردوون، ئەو لە کاتێکدا سلێمان پاشای بابان (کە لە ساڵی ١٨٣٨ زاینی مردووە) دەلاوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا ستایشی هاتنەسەرتەخت و دەسەڵاتی ئەحمەد پاشای کوڕی دەکات. تەنانەت نالی توانیویەتی لە یەک تاکە بەیتدا، لاباڵێکی بۆ لاواندنەوە و لاباڵەکەی تری بۆ ستایشی ناوبراوان تەرخان

بکات وەکو لەم نموونانەدا بەرچاو دەکەوێتک:[١٥]

لابالّی یەکەم/ لەلاواندنەوەی سلێمان پاشادا/

**١- تا فەلەک دەوری نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو.**

**٢- تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاّتی دانەگرت.**

**٣- تا چەمەن پیرا لە سەر ئەصڵی دەرختی لانەدا.**

**٤- تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت.**

لابالّی دووەم/ لەستایشی ئەحمەدپاشادا/

**١- کەوکەبەی میهری موبارەک طەلعەتی پەیدا نەبوو.**

**٢- گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو.**

**٣- فەرعی تازە خوڕڕەم و بەرز و بولەند بالاّ نەبوو.**

**٤- (ئەحمەدی موختاری ئێمە) شاهی تەخت ئارا نەبوو.**

دیارە کۆکردنەوەی ئەم دوو مەبەستە دژبەیەکە (واتە ماتەم و ستایش)، لە یەک بۆتەی شیعریدا کارێکی زۆر سەخت و دژوارە، لە دەسەلاّتی شاعیرێکی هەڵکەوتووی وەکو نالی نەبێت نەهاتووە.[١٦] ئەم دەقەی نالی پارچەیەکی لیریکی کورتی (٨) دێرییە. لە بەرانبەردا (سالم) قەسیدەیەکی (٤٥) بەیتی هەیە کەوا لە تازیمانە و ماتەمینی مەرگی (سەلیم بەگی شیوەکەڵ)دا گوتراوە، ئەمە یەکەمین ماتەمنامەیە کە لە شێوەی قەسیدەدا هۆنرابێتەوە و بەم شێوەیەیە:[١٧]

**لێم گەڕێن با گریەکەم دیدەم بە دیدەی خونفشان**
**نایەڵێ یەکـدەم بە ڕاحەت رابوێرم ئاسـمان**
**چونکە سیوەلی قەدیمن حەق لەپاش عەهدی (سەلیم)**
**دایەدەس مەحموودی حاتەم دڵ چراغی دوودمان**

**٢- لاواندنەوەی شێخ و پیری تەریقەت:**

کۆنترین تێکست کە لەو بوارەدا بەدەستمان گەیشتبێت هی (مەلا عومەری ڕەنجووری)ە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٠٤ی زاینی) و کاتێک لە دوای مەرگی (شێخ ئەحمەدی بۆنخوشی عەودالانی)، کە پیر و مورشیدی بووە، ماتەمنامەیەکی بە کولی نووسیوە. ئەم ماتەمنامەیەی ڕەنجووری لە سەر هەمان فۆرم و کێش و ئاوازی دێرینی شیعری گۆرانییە، کە ئەمە چەند دێرێکە

له دەستپێکی تێکستەکەدا:

**دنیای بەینەت کەم، دنیای بەینەت کەم**
**دنیـــای نـــا شـــنەخت شـــەرت و بەینـــەت کەم**
**سیا دل نەسەنگ سکۆی سای ستەم**
**خاییـــن خونخـــوار خەڵوەتخانـــەی خـــەم**
**عەجووزەی عاجز، پۆست ڕوو کنیا**
**تەپـــل بـــەد نامیـــت نـــە هـــەر جـــا ژنیـــا**

تا له کۆتاییدا دەڵێت:

**چونکە دونیای دون تۆی مەزهەر پەی گشت**
**هەرچـــی پێـــت واچـــوون حەقـــم ها نەمشـــت**
**(ڕەنـــــجـــــووری) تـــا واد ئـــاخـــر هـــەنـــاســـان**
**هەر ئـــاخ ئاخشـــەن پەی مـــەرگ خاســـان**(١٨)

بە هەمان شێوە میرزا عەبدوڕەحیمی وەفایی چەند قەسیدەی بەرز و سۆزناکی (بە کوردی و فارسی) لە دوای هەواڵی مەرگ و پرسەداری شێخ و پیرەکەی (شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی لە ساڵی ١٨٨٣ دا) نووسیوە. یەکێکیان ئەم تێکستەیە کە بریتییە لە قەسیدەیەکی (٦٠) بەیتی کە لە سەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو: (مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون) ٢× هۆنراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ماتەمنامەیە شایانی ئەوەیە کە وەکو نموونەیەکی بەرز و باڵا و تەواوی شیعری ماتەمنامە و شینگێڕی لە شیعری کوردی کلاسیکدا چاوی لێ بکرێت.(١٩) ئەمە چەند دێرێکی سەرەتایەتی:

**درێغـــا بـــای خـــەزان دایـــە بەهـــاری شـــۆخ و ڕەعناکەم**
**لـــە ئیزهـــاری عەمەل کـــەوت ئافتابـــی عالـــەم ئاراکەم**
**وەرەق ڕیـــزان خەزان کەوتە ڕەزان، وەزعی چەمەن گۆڕا**
**بە سەرچوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم**
**خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری**
**درێغـــا حەســـرەتا بـــۆ گوڵعیـــزاری ســـەرو باڵاکـــەم**
**لـــە گریـــان ئاســـمان دامانی ســـووربوو شـــینی گێڕاوە**
**مەگـــەر گیـــراوە یامایـــل بەشـــام بـــوو ڕۆژی ڕووناکەم؟**

دیاره کۆچی شێخ و پیر و زانا و ناودارانی تەریقەت هەستی شاعیرانی بزوواندوە و چەندین دەقی ماتەمنامەی پڕلە سۆز و کوڵ و خۆشەویستیان بۆ گوتوون کە لێرەدا ماوەی بە سەرکردنەوەیان نابێت.

**٣-لاواندنەوەی خێزان و هاوسەر و خۆشەویستان:**

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو شاعیری ناسراوی سەدەی نۆزدەی ناوچەی هەورامان و گۆران زەمین دەکەین. کەیەکێکیان (مەولەوی تاوەگۆزییە/ (١٨٠٦ ـ١٨٨٢)، کە بۆ کۆچی دوایی (عەنبەر خاتوون)ی خێزانی چەندین تێکستی ماتەمنامەی نووسیون، کە هەر کامێکیان بگریت دەبینی سۆزێکی مرۆڤانەی قوولی لێ هەڵدەقوولێت.[٢٠] ئەمە چەند دێر لە نموونەی یەکێ لەو تێکستانە:

**ئیمساڵ نەو وەهار چۆن خەزانی سەرد**
**بەرگــی وەردی باغ مەعــدووم بەرد پەی هەرد**
**مشێو تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ**
**وەرنــە کــێ کــەی دی وەهــار گوڵڕێــز بــۆ!**
**دڵ وەکەچ بازیی چەپگەرد بازیش وەرد**
**جفت ئــارەزوو کەرد، چەپگەرد تــاق ئاوەرد**
**بۆی عەنبەر نە تۆی دەماخم دوورکەرد**
**فرســەتش ئــاوەرد هــەوای وەبــای دەرد**

ئەوە کەی تر (ئەحمەد بەگی کۆماسی)یە، کەوا قەسیدەیەکی زۆر نایابی شینگێڕی داغداری لەسەر گڵکۆی هاوسەرەکەی هۆنیوەتەوە، کەتێیدا هاوار و ئامانی لە دەست تەنیایی و لە دەستدانی هاوسەر و دۆستدا لێ هەڵساوە، ئەمە چەند دێرێکیەتی:

**گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکلۆی تازەی لەیل**
**ئارۆشــیم وەســەر گڵکــۆی تــازەی لەیــل**
**نە پایەی مەزار ئەو لەیلی پڕمەیل**
**نەدیــدەم ڕێــزا ئەســرینان چــۆن ســەیل**
**شیم وە سەرینش وە دڵەی پڕ جۆش**
**ســەنگی مــەزارش گێرتــم نــە ئاغــۆش**

کرووزانەوەی شاعیر لە سەر گڵکۆی هاوسەری لە دەستچووی درێژە دەکێشی تا (٥٥) دێری تێکستەکەی خایاندووە، کە لە کۆتاییدا بە مجۆرەیە:

**هەر چەند پەرێ من تۆ ئەلوەداتەن**
**ئاخر سەرەنجام ئی جاگە جاتەن**
**هێندە خاک و سەنگ وە جەستەم بارەن**
**نەجاگەی جواب، نەڕای گوفتارەن**
**ئەحمەد پەرێ کۆچ شای جەمین جامان**
**ڕەستاخیز کەرۆ تا مەرگ سامان**[٢١]

لە بەرانبەردا شینی خێزان و هاوسەرەکانیشمان هەیە کە بۆ مەرگی مێرد و سەردارەکانی خۆیانیان گێڕاوە لە کاتی کۆچ و ئۆغرکردنیاندا. ئەوەتا هەردوو ژنە شاعیری کورد (ماە شەرف خانمی کوردستانی/ مەستوورە و، زەینەب خاتوونی/ حەزینە) لەکاتی لە دەستدانی مێردەکانیان، ئەم کۆست و کارەساتەیان لە ماتەمنامەی غەمناک و سۆزداردا دەربڕیوە. مەستوورە خانم ماتەمنامەیەکی لە دوای کۆچی دوایی مێردەکەی (خوسرەوخانی ناکامی میری ئەردەلان) هۆنیوەتەوە کە سەرەتاکەی بەم شێوەیەیە:

**خەسرەوم ئێشم، خەسرەوم ئێشم**
**جە جەور فەلەک ناسۆرەن ئێشم**
**جگەر کەیل هوون هەناسە سەردم**
**ئەسرین سەروازەن وە چیهرەی زەردم**
**خوسوس فیدات بام شای کەمەر لاڵم**
**ئێمشەو جە سۆزش جگەر زوخاڵم**
**پەرێ ناکامیت مە گرەوام وەتاو**
**جەبەدبەختی وێم سەرنیام وەخاو**[٢٢]

هەر بەو ڕەنگەش (زەینەب خاتوونی خێزانی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە/ حەزینە) لە سۆزی کۆچی دوایی مێردەکەی شینی گێڕاوە، ئەمە چەند دێرێکە لەو تێکستە:

**ئەی ڕەفیقانی شەریعەت بێن بکەن گریان و شین**
**حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامیل کۆچی کرد بۆ ژێر زەمین**
**حەیفە بۆ ئەو کۆهی عیرفان و دەلیلی ڕاهی حەق**
**پیشەوای ئەهلی مەحەببەت ئەو(رئیس العاشقین)**[٢٣]

**٤- لاواندنەوەی قارەمان و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد:**

چەند ڕووداوێک لە مێژووی کۆن و نوێی کورددا ڕوویان داوە، لە کاتی خۆیدا وەکو کۆست و نوشوستی و زایعە سەیرکراون، لە وانە مەرگی قارەمان و سەرکردە و کەسە شوڕشگێڕەکان کەوا شاعیران وەکو زمانحاڵی میللەت نەیان هێلاوە هەروا تێپەڕێ، بەڵکو داخ و حەسرەتیان بۆ هەڵڕشتوون و بە شیعری لاواندنەوە و ماتەمنامەی بەسۆز یادەکانیان زیندوو ڕاگرتووە. یەکێک لەمانە شەهیدکردنی سەرکردەی کورد (شێخ سەعیدی پیران)و دەستەیەک لەو شۆڕشگێڕانەیە کە لەساڵی (١٩٢٥)دا لە سێدارە دران. (پیرەمێرد)ی نەمر ماتەمنامەیەکی بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتە هۆنیوەتەوە بەناونیشانی (شیوەنی شەهیدانی کوردی سەروو)، کە تێیدا دەڵێ:

**ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە**
**تەحلیلی وا کراوە، قوببەی غەمە تەمە**
**چەرخێکی کۆنە ماکینەی ژەنگی گرتووە**
**چەوری نەکا بەخوێن پەتی سووڕانی کەوتووە[٢٤]**

دووبارە پیرەمێرد لە ماتەمانەیەکی دیکەدا بۆ ئەو قارەمانانە دەڵێ:

**هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە**
**دایکی وەتەن دە هەستە سلاویان بستێنەوە**
**شێخ قادرە لە پێشەوە سەرقافڵەی ئەوان**
**چەند جوانە، خوێن و ڕیشی سپی، پیر و نەوجەوان**
**سەیری ئەمانەکە، هەموو کوردی سەف شکەن**
**گیانیان پێشکەش ئەکرد و ئەیان وت: بژی وەتەن**

(سەرچاوەی پێشوو: ١٠٤)

هەر پیرەمێرد، دیسان ماتەمنامەیەکی دیکەی بۆ مەرگی پاشای عێراق (مەلیک غازی / ١٩١٢ - ١٩٣٩) نووسیوە و دەڵێ:

**ئەمڕۆ ڕۆڕۆیە و شین و ماتەمە**
**چەرخی نیلگون خومخانەی غەمە**
**بەهار ڕوو زەردە ڕەنگی وەرەمە**
**هەور بۆمان ئەگری هێشتا هەر کەمە**
**تازە نەمامان سەر لە گەڵایە**
**تازە نەمامان سەر لە گڵایە**

(سەرچاوەی پێشوو: ٣١٧)

کۆچی دوایی (شێخ مەحموودی حەفید زادەی مەلیکی کوردستان) یەکێکی تره لەو ڕووداوانەی کە شاعیرانی کورد فرمێسکیان لە دڵەوە بۆ ڕشتوە و شینیان بۆ گێڕاوە و ماتەمنامەی وەفاداریان بۆ هۆنیوەتەوە. ئۆغر و ماڵئاوایی شێخ چەندین تێکست و قەسیدەی ماتەمنامەی لە لایان شاعیرانی کوردەوە بەدوای خۆیدا هێناوە، لە وانە: قانیع، کەمالی، شێخ نووری، لوتفی، سەودایی، سەی وەهاب، بێبەش و دیلان و گەلێکی دیکە [٢٥]، لە ناو ئەمانەدا ئاماژە بە چەند دانەیان دەکەین: ماتەمنامەکەی قانیع بەم چوارینەیە دەست پێ دەکات:

**کەس نەڵێ ئەم بێشە چۆڵە و ئەم زەعیمە مردووە**
**قارەمانی بێچوە شێری کوردستانە نووستووە**
**پێت بڵێم چی کردووە بۆ خزمەتی کوردی هەژار**
**لاپەڕەی مێژووی بە خوێنی ئاڵی خۆی نەخشاندووە[٢٦]**

(شێخ نووری شێخ ساڵح) لە قەسیدە ماتەمناکەیدا بە ناوی (شیوەنی شێخ مەحموودی سەرۆک)دا دەڵێ:

**چ نووکی خەنجەرێ بوو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم**
**چ تینی ئاگرێ بوو وا بە جارێ جەرگی سووتانم**
**لەسەر چاوەی تەقیوی دڵمەوە خوێناوی ئاڵ و گەش**
**بەناو شەریانەکانا دێتە سەرچاوەی دووچاوانم[٢٧]**

نموونەی بەرزی ماتەمنامە وەکو ژانەرێکی شیعری[*] لەشیعری نوێی کوردیدا لەو قەسیدەیەدا بەرجەستە دەبێت بە ناونیشانی (شێخ مەحموودی زیندوو)، کەوا (دیلان)ی شاعیر لە کۆچی ماتەمینی شێخی نەمردا هۆنیوەتییەوە کە لە دووبەندی سەرەتاکەیدا وا هاتووە:

**پایز خەزانی تەماوی و مەنگە**
**گەڵا لق و پۆپ خونچە بە ژەنگە**
**ئاسمان نە شینە نە پیرۆزەیی**
**نە شەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە**

***

**پشکۆ تەمی نارد لە بۆ ئارارات**
**هەناوی ئەزمر بە کاژاو بەنگە**
**بەڵام کوردستان با لە شینابێ**
**گوێ هەڵخراوەی ئاوازی زەنگە[٢٨]**

هەروەها (هەژاری موکریانی) بۆ کۆچی دوایی سەرکردەی شۆڕشگێڕی کورد(مەلا مستەفای بارزانی) قەسیدەیەکی ماتەمنامەی لە ژێر سەردێری (بارزانی نامرێ) داناوە، کە لە سەرەتاکەیدا واهاتووە:

**بارزانی پاڵەوانی کورد   هیوای پیر و جەوانی کورد**
**خەبەریان پێدام تۆ مردووی   بە دیمەن لەبەرچاو ون بووی**
**من دەزانم تۆ نامری   تۆ لە مردن بەهێزتری[٢٩]**

لە دوایی ئەوەش هەموو ساڵێک بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەی (١١ساڵ)، هەر ساڵە و شیعرێکی بۆ ساڵیادی ئەو کۆچە نووسیوە کە هەموویان لەو چوار چێوەیە دان[٣٠].

**٥- لاواندنەوەی کەسایەتی و ناودارانی کۆمەڵگە:**

ڕەنگە ئەم بابەتە فراوان بێت و مرۆڤ نەتوانێت پەی بە هەموو لایەن و لق و پۆپەکانی ببات، زۆر وا هەیە لە کاتی کۆچ و ماتەمینی کەسایەتییەکی ناودار و خزمەتگوزاری ناو کۆمەڵگا شاعیرانی کورد ماتەمنامەیان بۆ هۆنیوەتەوە، ئەوەی لەبەردەستمان بێت لێرەدا چەند نموونەیەکی دەهێنینەوە.

هەریەکە لە (ڕەمزی وەهبی سلێمانی) و (ئەسیری کەرکووکی) ماتەمنامەیان بۆ (ساڵح زەکی بەگی صاحێبقڕان) هۆنیوەتەوە، کەوا کەسایەتییەکی کورد بووە و لە ساڵی ١٩٤٤ دا کۆچی دوایی کردووە. هی یەکەمیان بەناوی (شینی ساڵح زەکی بەگ)ەو تێیدا دەڵێ.

**لە بێشەی زیندەگانی و هەستیا شێری ژیانم ڕۆ**
**لە باغی ڕاستی و سەربەرزیا سەرووی ڕەوانم ڕۆ**
**لە بورجی کوردەواری و ئەوجی دانایی و سیاسەتدا**
**مەهی میهر و وەفا شەهبازی عیرفان ئاشیانم ڕۆ[٣١]**

ماتەمنامەکەی ئەسیری بەناونیشانی (شینی ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان)ەو بەم دێرانە دەست پێدەکات:

**نەبوو ئەی پیاوی چاک چاخی نەمانت**
**بۆ گەل لەم چەرخە پێویست بوو ژیانت**
**لە داخی گەل زووانم بەسترابوو**
**لە داخی تۆ کراوە بۆ بەیانت**[٣٢]

هەر لەم بوارەدا بۆ کۆچی دوایی و لەچلەی ماتەمینی کە سایەتییەکی وەکو(محەمەد ئەمین زەکی بەگ)دا، کە لە ساڵی (١٩٤٨) دا کۆچی کردووە، هەریەک لە (پیرەمێرد) و (أ. ب. هەوری) و (بێخود) و (شێخ سەلام) و (بێکەس) و (ئەوڕەحمان بەگی بابان) ماتەمنامەیان بۆ هۆنیوەتەوە، کەوا پاشتر لە نامیلکەیەکدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.[٣٣] هەر ئەم شاعیرەی دوایی واتە (ئەوڕەحمان بەگی بابان)، ماتەمنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی (سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکووکی) هۆنیوەتەوە.[٣٤]

(بێخود/ ١٨٧٨ – ١٩٥٥)، لە ساڵی ١٩٥٣ دا، ماتەمنامەیەکی لە بۆنەی وەفاتی (حەپسە خانی نەقیب)ەوە نووسیوە، تێیدا دەڵێ:

**بە خوڕ دیسان ڕژا فرمێسکی باران**
**لە هەوری چاوی سووری دوڕ نیساران**
**تەمی ماتەم وڵاتی کوردی داگرت**
**لە پڕ وەک دووکەڵی ماکینە شاران**
**زەمین بۆ قوڕ نەپێوێ وەک من و تۆ**
**زەمان بۆچی نەشێوێ چەشنی جاران**
**جەنابی (حەپسە خان) تەشریفی ڕۆیی**
**شکا پشتی فەقیران و هەژاران**

(دیوانی بێخود: ٦٣)

(پیرەمێرد)، چەند شیعرێکی ماتەمنامەی بۆ کەسایەتی و ناسیاوەکانی سەردەمی خۆی هۆنیوەتەوە، کە لە دیوانەکەیدا هاتوون، لەوانە، (بۆچلەی مستەفا پاشای یامولکی)، (بۆ کۆچی شێخ عەزیزی برای شێخ نووری شێخ

ساڵح)، (بۆ چلەی عەبدولواحد نووری )، (بۆ کۆچی سەید نووری نەقیب) (بۆ شەهیدان مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی)، (بۆ کۆچی جەمیل سدقی زەهاوی)، (شینی مستەفا مەزهەر)، (بۆ کۆچی مەلا ئەفەندی هەولێری/مەلا گچکە)، (بۆ کۆچی شێخ حسامەدین تەوێڵە)، (بۆ شێخ قادری گۆپتەپەیی)، (بۆ مەرگی حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم)، (بۆکۆچی عەبدولقادری کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا)[٣٥].

(شێخ سەلام) شیعری ماتەمنامەی بۆ چەند کەسایەتی کورد هۆنیوەتەوە، لەوانە شیوەن بۆ (ئەحمەدی بەگی فەتاح بەگی ساحێبقڕان)، (خەلەف شەوقی داودی)، (کاکە حوسێنی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە)[٣٦].

لە بەشی (شیوەن و ماتەمنامە)، لە دیوانەکەی (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا چەند هۆنراوەی شیوەن و ماتەمنامە هەن کە بۆ کەسایەتی و ناودارانی کورد نووسراون، لە وێنەی، (شیوەنی مەحموود جەودەت)، (کۆچی مەلا ئەفەندی هەولێری)[٣٧].

(بێکەس) شیوەنی بۆ چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کورد گێڕاوە و لە (شیوەن بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیران)ی ساڵی ١٩٤٧دا دەڵێ:

**ئەمڕۆکە ڕۆژی ماتەمە**
**عالەم دڵی پڕ لە غەمە**
**ڕووی ئاسمان هەور و تەمە**
**بۆ جوانەمەرگانی وەتەن**

***

**وەتەن دەروونی لەتلەتە**
**گێرۆدەی داوی نەگبەتە**
**خەوو خۆراکی میحنەتە**
**بۆ جوانەمەرگانی وەتەن**[٣٨].

ئەنجا هەر (بێکەس) شینی بۆ کەسایەتی و ناودارانی کورد لەوێنەی، (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) و (مستەفا مەزهەر) و (قالەی ئایشەخان) گێڕاوە[٣٩].

لە بەشی (شیننامە)ی (دیوانی شاری/ عەلی عارف ئاغا)دا چەند دەقی شیعری ماتەمنامە هەیە کە بۆ کەسایەتی و ناودارانی کوردی ڕۆژگاری خۆی

هۆنراونەتەوە.[٤٠]

ئەم بابەتە ئەگەر بەدوای دابچین وا بەزوویی کۆتایی نایەت، کورد واتەنی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشی و زۆر تێکستی ماتەمنامە هەیە کە لە وێنەی گەوهەری یەکدانە دیوانی شیعر و گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردیان ڕازاندۆتەوە.

**٦–لاواندنەوەی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی شاعیران:**

زۆر جار وابووە لە مەرگی هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکان، شاعیران فرمێسکی خەم و حەسرەتباریان هەڵڕشتووە و تێکستی خەمنامە و ماتەمباریان بۆ هۆنیوەنەتەوە، دیوانی شاعیرانی کورد لەم بوار و بابەتەدا دەقی شیعری زۆریان بۆ دەور کردووینەتەوە. لێرەدا، تاقە نموونەیەک لە شیعری کلاسیکی دەهێنینەوە کە ئەویش لاواندنەوەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ ١٨٣٧ – ١٩١٠)یە بۆ (قادری وەستا خدر)ی هاوڕێی:

**بۆ نەسـووتێ جیگـەر و بۆچی نەبێ دڵ بە کەباب**
**بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕووحی ڕەوان میسلی شەهاب**
**بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشمەیی خوێن**
**بۆ لــە فەووارەیی موژگان نەچکــێ قەترەیی ئاب**

(مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤: ٣٠٩)

ئینجا هەر بۆ نموونە ئاوڕێک لە دیوانی (گۆران) دەدەینەوە و دەبینین کەوا مەرگی هەردوو جگەر گۆشەکانی (هیوا) و (گوڵاڵە) چۆن دووزامی قووڵی خستۆتە پەڕەی جگەریەوە و لە دوو ماتەمنامەی پڕ لە هەنسک و ناڵە و فرمێسکدا چۆن شینی بۆ گێراون. لە (شیوەنی گوڵاڵە)دا دەڵێ:

**کچـم، مایــەی ژیانــم، یــادگاری**
**شــەبابم، نۆبــەرەی شــیرینی داری**
**غەرامــی کەم دەوامــی عومری لاوێم،**
**دڵۆپــی خوێنــی گەرمــی ئاگراویــم؟**
**جگەر گۆشەی عەزیزم، نووری چاوم،**
**ســەری تاڵەدەزووی ئامالــی خاوم.**

**چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،**
**چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟[٤١].**

هەروەها لە بەندی دوایی ماتەمنامەی (لەسەرەمەرگی هیوادا)گوتویە:

**سـابۆم بڕوانــە تێــر بــەو چاوانــە!**
**ڕۆڵــە مردنــە و فرمێسـک بارانــە!**
**هیــوا ڕۆڵــە ڕۆ، کۆرپــەم ڕۆڵــە ڕۆ**
**ئــەو کوڵمــە ئاڵــە نــەرم و نۆڵە ڕۆ**
**ئــەو قــژە زەردە ئــەو چاوانــە ڕۆ**
**ئەو نەغمەی (دایە) و (بابە) جوانە ڕۆ**
**تــا دەممان لە گۆ ئەکــەوێ وەک تۆ:**
**هیــوای دایــە ڕۆ، هیــوای بابــە ڕۆ.**

**٧- شین و ماتەمنامەی شاعیران لەناو خۆیاندا:**

وا بووە شاعیرانی کورد لە نێو خۆیاندا و لە کاتی مەرگ وماڵئاوایی یەکێکیان، هاوڕێکانی لە خەم و تازیەباری لەدەستچوونی شین و ماتەمنامەیان بۆ گێڕاوە و یاد و بیرەوەریان لە مێژووی ئەدەب و لە دڵی ڕۆڵەکانی گەلدا بەزیندوویی هێشتۆتەوە.هەم تەعبیریان لە ناسۆری دڵ و هەست و سۆزی خۆیان کردۆتەوە سەبارەت بە لە دەستدانی هاوڕێیەکیان هەمیش ئەو کۆست و زیان و زایەعەیان بەرجەستەکردووە کەوا لەگەڵ و نیشتیمان کەوتووە. دیارە ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا بەدی دەکرێت و لەم ماوەیەدا پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکات. ئەوەی پێوەندی بە ماتەمنامەو شینگێڕی شاعیرانی کوردەوە هەیە لەناو خۆیاندا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین.

(کەمالی) لە ماتەمنامەیەکدا بەناوی (شیوەن بۆ شاعیری بەناوبانگ ئەحمەدی موختار بەگی عوسمان پاشای جاف)دا دەڵێ:

**دیســان فەلەک ئــەم داخە چ بوو نــای بەجگەردا**
**ئــەم ئاگــرە چــی بــوو لــە دڵــی عالەمی بــەردا**
**دیســان چییە ئەم شــۆڕە لەنــاو میللەتــی کورد**
**عالەم هەموو غەرقە لە قوڕ و شــین و چەمەردا[٤٣]**

ئەنجا هەر (کەمالی) ماتەمنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی (بێکەس)ی شاعیر هۆنیوەتەوە.(٤٤)

(شێخ نووری شێخ ساڵح) لە شیوەنیدا بۆ (مەلا مەحموودی بێخود) ماتەمنامەیەکی بەسۆزی هۆنیوەتەوە کەتێیدا دەڵێ:

**خەمــم نەدیــوە کــە دڵ هەڵــدڕێ وەکو نەشــتەر**
**خەمــم نەدیــوە وەکــو تیر بــدا بەندی لــە جگەر**
**خەمــم نەدیــوە کــە ڕووناکــی و فــەرەح لــەدڵا**
**وەها نەهێڵێ، لە جێگەی نەمێنێ شــوێن و ئەسەر**
**خەمــم نەدیــوە لە ســەر تەختــە نــەردی دنیادا**
**وەهابیەســتێ لە خۆشــی و لەپێکەنین شەشــدەر**
**خەمــم نەدیــوە بــەری خوێنــی دڵ وەهــا بــەردا**
**لــە فوارەیــی دڵــەوە هەڵقوڵێتــە دیدە وســەر**(٤٥)

لە مەرگ و ماتەمینی (پیرەمێرد)، شاعیرانی کورد هەست و نەستی خۆیان لە چەند دەقی شیعری پڕ لە خەم و ماتەمدا دەربڕیوە کە لەو چلەی ماتەمینییەدا کە بۆی ساز کراوە پێشکێشیان کردووە. لەوانە ماتەمنامەی (بیخود)، (عەبدولڕەحمان بەگی بابان)، (هیجری دەدەی کەرکوکی)، (ڕەمزی مەلا مارف)، (حاجی باقی بەنگینە)، (أ. ب هەوری)، (قانع)، (ئەحمەد شوکری) و (ئەخول) و (هادی سائب)ە.

لەنێو ئەمانەدا (هیجری دەدە) ماتەمنامەیەکی خوێندۆتەوە کە لە چوار بەش پێکهاتووە و هەربەشەی بە دیالێکت و زمانێکە بەم شێوەیە: (بەشی کوردی موکری: ٨)، (بەشی کوردی هەورامی: ١٦)، (بەشی فارسی ٤ بەندی پێنجینی موسەممەت)، (بەشی تورکی: ١٩بەیت). دواتر ئەم شین و ماتەمنامەی شاعیران هەمووی لەتەک کۆمەڵێ وتار و بابەتی تر هەر لەم بابەتەدا، لە کتێبێکدا چاپ و بڵاوکرانەتەوە.(٤٦)

هەروەها (گۆران) لە شین و لاواندنەوەی (بێکەس)دا ماتەمنایەکی هۆنیوەتەوە بە ناوی (هاوڕێم بێکەس)، لە شێوەی چامەیەکی درێژ کە (٧) لاپەڕەی دیوانەکەی گرتۆتەوە. گۆران بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

ئەی فریشتەی شیعری جوان
کۆستی کەوتووی هەردووکمان
بۆ ئەم جارە بێکەسە
کەوتمان بێکەس، بەسە
شاعیرێک بوو فەننان بوو
ئەدای خوڕ، خرۆشان بوو
بۆ باغچەی کزی کوردی
بلبل بوو نەغمەی وردی
سەرەڕای بەهرەی فەننی
دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی
نرکەی شیعری رزگاری
بێکەس، شتێکە دیاری
لە هەموو کوردستانا
لە ناو بیر ئازادانا

لە بەندی کۆتاییشدا دەڵێ:

ئەی شێوە شۆخ، ئەی پەری
دانیشە لای ژوور سەری
وەک یاری وەفادار بە
بەڕاستی خەفەتبار بە
قژی زەرد با پەشێو بێ
بەستەم خەم لەسەر لێو بێ
تۆ بڵێ و منی هاوڕێ
تا دەستم قەڵەم بگرێ
ئەنووسم: دێر دێر، بەن بەن
بۆ بێکەس شیعری شێوەن[٤٧]

کاتێک دڵە گەورەکەی (گۆران) لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، ئەم هەواڵە بە کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە و دەگەڕێ، لە موکریانەوە (هێمن) بانگ و هاواری لێ بەرزدەبێتەوە ماتەمنامەیەک بۆ (شینی گۆران) دەهۆنێتەوە[*].
هێمن بەم شێوەیە ماتەمنامەکەی دەست پێ دەکات:

هـــەر لـــە بـــۆتـــانـــەوە هـــەتـــا ســـۆران
هـــەمـــوو ســـۆرانـــی شـیـنـە بـــۆ گـــۆران
هـــەر لـــە کـویـێـسـتـانـەوە هـەتـا گـەرمـێـن
یـــەخـــەمـــان دادڕاوە تـــا دامـــێـــن
لـــە جـــزیـــرە هـــەتـــا بـــەحـــری ڕەش
نـیـیـە کـیـژێ سـەری نـەنـابـێ لـە هـەش
لـــە دیـــاربـــەکـــرەوە هـــەتـــا ورمـــێ
ســەر بــە قــۆر، مــل بــەکـوێـنـە نـێـر و مێ
هـــەر لـــە کـــەرکـــووکـــەوە هـەتـاکـو سنە
شـیـن و ڕۆ ڕۆ و فـغـانـی پـیـاو و ژنـە

بەم ڕەنگەش دوایی پێ هێناوە:
ڕۆیـــی ئـــاواتـــی بـــردە بـــن گـڵـی ڕەش
ڕۆیــی کــورد مــاوە بـێ کــەس و بـێ بـەش
حـــاجـــی، گـــۆران و پـــیـــرەمـــێـــرد مـــردن
داخـــەکـــەم کـــوردی ئـــێـمـە هـــەر کـــوردن
کـــوردن و تـــووشـــی ڕۆژی تـەنـگـانـەن
مـــەردن و دیـلـی دەسـتـی بـێـگـانـەن.(٤٨)

کاتێک (هێمن) بۆ خۆشی دەمرێ و ماڵئاوایی دەکات شاعیرانی کورد بە کۆمەڵ شینی بۆ دەگێڕن و لە پرسە و تازیەباری ئەو مرۆڤە و شاعیرە بەهرەمەندە، کە وەکو سامان و سیمبولێکی نەتەوەیی لەو ڕۆژگارە و لەو وەختەی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەی سەیرکراوە. مەرگی هێمن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لانی کەم بۆ چینی خوێندەوار و شاعیر و نووسەر و ناوەندەکانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کۆستێکی گەورە بووە، کوژانەوەی مەشخەڵ و بڵێسەیەک لە ڕۆژگارێکدا کەوا ئەو خەڵکە ئومێدی زۆریان پێی هەبوو. بۆیە مەرگ و ماڵئاوایی کردنی قەڵەمی شاعیرانی کوردی بەدەستە جەمعی هێناوەتە شین و فرمێسک هەڵوەراندن. ئەمە بۆتە دیاردەیەک لە مێژووی ئەدەبی کوردی

که پێشتر نموونەی کەم بووە.(*) مەزن شاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵات بە گشتی و بە تایبەتیش شاعیرانی موکریان کۆمەڵێک ماتەمنامەی بەرز و هونەری پڕلە هەست و سۆز و کوڵ و کەسەریان بۆ هۆنیوەتەوە، لە وێنەی: حەقیقی، سەید تاهیری هاشمی، مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەبیعی، هەژار، هێدی، خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی، فیدایی، سەید عەبدولقادری سیادەت، ڕاوچی، ئوستا، مارف ئاغایی و ئەمین گەردگیلانی و چەندانی تر، کە هەندێکیان لە دیدی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بە شاکار و سەرتۆپی شیعری ماتەمنامەی کوردی دەردرێنە قەڵەم، لێرەدا چەند نموونە دەهێنینەوە و بەپشتبەستن بە گوتەیەی کە دەڵێ، مشتێ نموونەی خەروارێکە دەستبەردار دەبین:[٤٩]

**١- شینگێڕیی حەقیقی:**

**برای بەرزم لە پاش تۆ من ئیتر سەیر و سەفاناکەم**
**بەمەرگی تـۆ بەدڵ مەیلی کەژ و کێو و چیا ناکەم**
**بـە داخی تـۆ وەها جەرگم بڕاوە حەسـتەمە ژینم**
**بەزام و ئێشـەوە مەرگـم دەوێ دەردم دەوا ناکەم**
**ئەوا دەشت و چیا شینە و لە خاکی نیشتمان شینە**
**وڵاتی کـوردی غەمگینە دەڵێ تەرکـی عەزا ناکەم**

**٢- شینگێڕیی سەید تاهیری هاشمی:**

**بەهاری کـرد بەپایز مەرگی زانای باسـەفا هێمن**
**لەگەڵ خۆی بردی هۆش و دانش و فەزل و زەکا هێمن**
**درێغ زووخاوی خوارد و ڕەنجی برد و مەینەتی کێشا**
**کە گەل ڕاحەت بژی و بەڵکو نەچی ڕەنجی بەبا هێمن**
**کەچل ساڵ دەردی ناکامی و بەڵای چەوسانەوە و خاری**
**گوارا کرد لە خۆی بۆ بەرزیەتی گەل مەردی وا هێمن**
**لـە بۆ گەنجی مراد چەند شـار و دێ بەدێ گەڕیا**
**لەگەڵ سروەی بەیانی هاودەمی یادی سەبا هێمن**

٣-شینگێڕیی مەلا محەمەدی ڕەبیعی:

لــــە دونــــیــــادا کــەســێ ڕەنــــجــی بــەبــابــێ
هــــەرەس گــرتــوویــە هــەرچــی کــێــوە بــابــێ
بــەهــاری بــێ گــوڵــی بــێ بــولــبــولــی کــورد
خــــەزانــە کــــــردەوەی وەک کــا و بــا بێ
لــە کۆســتــێــکــا کــە کــوردســتــانــی داگــرت
ڕەوایـــــــە شــــیــــوەن و شــیــن و هـــەرابــێ

٤- شینگێڕیی سدیق بۆرەکەیی:

خــاک خـــەم نــیــشــتــەن وەســەرکــوردســتــان
خـــار خــــەم ڕووان جــەبــەر کــوردســتــان
بــولــبــول مــەنــالــو جــەبــاخ و گــوڵــزار
مــاســی مــەگــرو و جـــەدەریــا و ڕووبـــار
چــەرخــیــش خــۆکــەڕ بــێ جــەغــەوغــای مــەردم
ئـــای چـــەنــد گــیــان ســەخــتــم کـــەوا نــەمــردم

٥- شینگێڕیی شێخ عەبدولکەریمی هیرانی (وریا):

گەر هەبێ شاعیر لەنێو کوردا بەڕاستی هێمنە
خۆشەویستی ئەو هەمیشە وا لەناو هەستی منە
شیعرەکانی وەک چرای ڕووناکە بۆ ڕێگەی خەبات
نووکی خامەی ئەو بەوێنەی چقڵی چاوی دوژمنە
مەردی مەیدانی خەبات و بولبولی باخی هونەر
شاعیرێکی پایە بەرز و بیر و باوەڕ ڕۆشنە

٦- شینگێڕیی هەژار:

کاک هێمن برای شیرینم    چاوان دەگێرم ناتبینم
زل کوێران دەڵێن مردووە    کۆچی یەکجاری کردووە
دڵەی پڕکۆڵی هەژارم    گیانی بێ ئۆقرە و قەرارم
بە مەرگی تۆ باوەڕ ناکا    چۆن بێ منی لە توێی خاکا

٧- شینگێڕی هێدی:

وەرە کە وەک پاییزێ زەردە ڕەنگم
دەناڵێنم بەڵام ناتگاتێ دەنگم
وەرە سەیرێ سەرێ هەڵبێنە تاوێ
وەرە لەو ناوە سیلەی چاوێ یاوێ

تا دەڵێ:

منیش ناڵێم هێمن کەم هات بەبیرا
ناڵێم هێمن ڕۆیی قەدری نەگیرا
ئێستەش ناڵێم وەرن ڕێزی لێ بگرن
من هەر دەڵێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن[٥٠]

## ئەنجامەکان

وەکو ئەنجامگیری کۆتایی دەکرێ گەوهەری باسەکەمان لەم چەند خاڵانەدا چڕ بکرێتەوە:

١- ماتەمنامە وەکو ژانەرێکی لاوەکی شیعری، بەگوێرەی ڕێباز و قوتابخانەی ڕەخنەی کلاسیک، ڕەگوریشەی بۆ ئەدەبی کۆن و کلاسیک دەگەڕێتەوە.

٢- لە شیعری کوردیدا ماتەمنامە دوو سەرچاوەی بووە: یەکەمیان نەریتی کۆمەڵایەتی ماتەمینی و تازیەباری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، دووەمیش شیعری رۆژهەڵاتی عەرەبی و فارسی.

٣- ماتەمنامە لە وێنەی تەون و ڕایەڵە لە چەندین جۆر و شێوەدا لە هەموو قۆناغەکان باڵاپۆشی شیعری کوردی بووە و لای بەشی هەرە زۆری شاعیران بوون و بەردەوامی هەبووە.

## پەراوێزەکان

١. قدامة بن جعفر والنقد الادبي: ٣٥٦.
٢. العمدة في محاسن الشعر، ج ٢: ١٦٦.
٣. مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١: ١٧٦.

(*) لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، شین، شین و لاواننده، شین و شەپۆڕ، تازیمانە و تازیەباری، ماتەمینی، سەرەخۆشی......تاد، بۆ ئەم بۆنە و موناسەبەتانە بەکاربراون. سەیری ئەم وشە و زاراوانە بکە لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە).
وەکو زاراوە و مەبەستێکی شیعری (شیعری لاواندنەوە، شین و لاواندنەوە، شیوەن، شیعری ماتەمینی و ماتەمنامە، شیعری شینگێڕی) بەکاردەبرێن، لای ئێمە (ماتەمنامە) وەکو فۆرمێکی زمانەوانی بۆ ئەو مەبەستە شیعرییە دروست و گونجاوە.

٤. قدرامة بن جعفر والنقد الادبي: ٣٦.
٥. ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا: ٧٣.
٦. فرهنگ اصطلاحات ادبي: ٤٣٤.
٧. واژەنامە هنر شاعیری: ٢٣٩.
٨. سەرچاوەی پێشو: ٢٣٩.
٩. انواع ادبي: ٢٣٧.
١٠. فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبي: ١١٨.
١١. تاریخ الادب العربي: ١٩٦.
١٢. هەنبانە بۆرینە: ٤٨١.
١٣. جواهر المعاني: ٢٧٨،٤١.
١٤. دیوانا وەداعي: ١٠٨،٢٧.
١٥. دیوانی نالی: ٣٧٠.
١٦. لە شیعری کلاسیکی عەرەبیدا چەند نموونەیەکی دەگمەنی لەو جۆرە بەرچاودەکەون، یەکێکیان چەند دێرێکی (عبدالله بن همام السلولی)ە کە لە ماتەمینی موعاویە و پیاهەڵدانی یەزیدی کوڕیدا گوتوویەتی، هەروەها

(ابو نؤاس)یش قەسیدەیەکی لە سەرەخۆشی کردنی (هارون الرشید) و پیرۆزبایی کردنی لە هاتنەسەرتەختی (ئەمین)دا گوتووە. بگەڕێوە بۆ: العمده فی محاسن الشعر:١٧٠.
هەروەها ئیبن زەیدون (١٠٠٣ – ١٠٧٠ ک)، ماتەمنامەیەکی بۆ مەرگی (ابو الحزم بن جهور)ی پاشای (قرطبە) و هاتنە سەرکاری (ابو الولید) ی کوڕی نووسیوە، تێیدا دەڵێ: ئاوابوونی خۆر؛ دەرکەوتنی مانگ و، تەواوبوونی باران؛ گوڵ و گیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

ألـم تــــرَ ان الشمس قد ضمها القبرُ      وان قد كفانا – فقد القمر – البدرُ
وان الحيــــاةَ – ان كان قد اقلع صوبه      فــقــد فــــاض فـــي آثــــــره الــبــحــرُ
(ديوان ابن زيدون: ١٥٠)

١٧ـ دیوانی سالم: ٩٠. هەروەها، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی:٤٠.
١٨ـ دیوانی ڕەنجووری: ٢٠٠.
١٩ـ دیوانی وەفایی: ٢١٠.
٢٠ـ دیوانی مەولەوی:٦٥٠.
جگە لەمانە، مەولەوی (٢٨) شیعری لاواندنەوەی بۆ دۆستان و کەسانی خۆشەویستی خۆی نووسیوە، لە وێنەی (عەبدولڕەحمانی کوڕی مەحموودی یاروەیس، بەگزادەی جاف، شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، محەمەدی کوڕی خۆی، ئەحمەد بەگی کۆماسی.....تاد،)
٢١ـ دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی: ١٣١.
٢٢ـ دیوان مستورە:٣١١.
٢٣ـ کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا:٢٦٠.
٢٤ـ پیرەمێردی نەمر: ١٠٣.
٢٥ـ شێخ مەحموود لە شیعری کوردیدا: ٦١ –١٠٠.
٢٦ـ دیوانی قانع:٢٢٥.
٢٧ـ دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح: ٣٥٤.
(*) لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا جۆرەکانی شیعری؛ (لیریک، ئیپیک، دراماتیک، دیراکتیک) وەکو جۆری ڕەسەن و مێژوویی (ئەسڵی) دراونەتە

قەڵەم و مەبەستەکانی شیعری (وەسف و ستایش و شانازی و داشۆرین وماتەمنامەو.........) وەکو جۆری دەستی دووەم، لقوپۆپ، (فەرعی) لە قەڵەم دەدرێن: انواع ادبي:٢٣٦.

٢٨ـ دیوانی شیعر:١٨٩.

٢٩ـ بۆ کوردستان: ٥٣٩.

٣٠ـ بەیادی تۆ دەژی دڵم:٥ـ٦٣.

٣١ـ گۆڤاری کاروان(٩٣): ٥.

٣٢ـ دیوانی ئەسیری: ٦٣.

٣٣ـ محمدئەمین زکی:٢٩ـ ٤٤.

٣٤ـ دیوانی ئەوڕەحمانی بەگی بابان:٥٨.

٣٥ـ پیرەمێرد، ب ١، ٣٢٩ـ ٣٦١.

٣٦ـ دیوانی سەلام: ٩٣، ١٠١، ٢٢٢.

٣٧ـ دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح: ٣٤٥، ٣٤٦.

٣٨ـ دیوانی بێکەس:٨٠.

٣٩ـ دیوانی بێکەس: ١٤٠، ١٤١، ١٥٩.

٤٠ـ دیوانی شاری: ٢٤١ ٢٥٤.

٤١- دیوانی گۆران: ٩٧.

٤٢- دیوانی گۆران: ٩٣.

٤٣- دیوانی کەمالی: ٢٨.

٤٤- دیوانی کەمالی: ١٥٣.

٤٥- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح: ٣٤٠.

٤٦- یادی پیرەمێرد: ٥٠.

٤٧- دیوانی گۆران: ٨٣.

(*) ڕۆژنامەی (کوردستان)ی چاپی تاران، ژمارەیەکی خۆی تایبەت کردووە بۆ بیرەوەری کۆچی دوایی گۆران، تێیدا نووسەر و شاعیرانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک باس و وتار و شیعری ماتەمنامەیان لەو بۆنەیەدا بڵاوکردۆتەوە. بڕوانە:

- کوردستان، ژمارە (٤٣)، ساڵی چوارەم، ٢٧ی فوریە ١٩٦٣. هەروەها لە ژمارەیەکی پێشووتریش (عابیدی سیراجەددین)ی ماتەمنامەیەکی (٢٣)

دێری بۆ ئەو کۆچە بڵاوکردۆتەوە، هەروەها (شینی گۆران)ی هێمنیش بۆ یەکەمجار لە ژمارە (٤٦)ی ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوبۆتەوە.
٤٨- تاریک و ڕوون: ١٥٣.
(*) من خۆم دواتر لەکاک سەلاحی جوانەمەرگی کوڕی مامۆستا هێمنم بیستووە، کەوا زیاتر لە (٥٠) شیعری شینگێری بۆ کۆچی هێمن نووسراوە، کە تائێستا هەندێکیان بڵاونەکراونەتەوە.
٤٩- نموونەکان لەسەرچاوەی جیاجیاوە ڕاگوێزراون. ئێمە لەم کتێبەدا کە بە هاوکاری دۆست و هاوڕێمان کاک (عەلی بداغی)، خەریکی ئامادەکردن و لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی داین، نزیک بە هەموو ئەو دەقە شیعرییە شینگێڕیانەمان کۆکردۆتەوە کەدەستمان پێی ڕاگەیشتبێ.
٥٠- ئێمە لەم باسەدا ڕاگوزەرێکی خێرامان بە شیعری ماتەمنامەی کوردیدا کردووە و ڕووماڵی چەند لایەنێکیمان کردووە و چەند نموونەمان لەو بارەوە خستۆتە ڕوو. دیارە مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو لە دیوانی شاعیرانی کورددا بە دەیان تێکستی شیعری ماتەمنامە بەدی دەکرێت کە لە بۆنەی کۆچ و ماتەمینی کەسان و ڕووداوی جیاجیادا هۆنراوەتەوە. ئەگەر وردتر بۆ مەسەلەکە بچووینایە و ڕووماڵی هەموو تێکستەکانمان بکردایە ئەوەبێ شک لە قەوارەی ئەم باسەدا جێگای نەدەبۆوە.

((لە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ و ٢٦ /٩/ ٢٠١٣) و لە میانەی بەشداریکردنمان لە دووەمین کۆنفرانسی زانستیی ساڵانەی (زانکۆی ڕاپەرین) بۆ (زمان و ئەدەب)، ئەم باسەمان لە یەکێک لە سیمینارەکانی کۆنفرانسەکەدا پێشکێش کرد، هەر لەوێشدا لە ڕێگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانییەوە زانیمان کەوا نامەیەکی ماستەر لەم بابەتەدا لە بەشی کوردی – کۆلیژی زمانی زانکۆی ناوبراو، بە ناونیشانی (لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووودا)، لە لایەن خوێندکار (ئاشنا جلال رەفیق)، لە ساڵی (٢٠١١)دا ئامادە و پێشکێش کراوە)).

## سەرچاوەکان

**أ/ کوردی:**


١- ئەفرادن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا، فەرهاد عەزیز خۆشناو، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣.

٢- بەیادی تۆ دەژی دڵم، هەژار، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید – کوردستان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣.

٣- بۆ کوردستان، هەژار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

٤- پیرەمێردی نەمر، محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، چاپخانەی (العاني)، بەغدا، ١٩٧٠.

٥- تاریک و ڕوون، هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧٤.

٦- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، حەمەسەعید حەمەکەریم، دارالحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٨٦.

٧- دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی، محەمەد عەلی سوڵتانی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، سلیمانی، ٢٠١٢.

٨- دیوانی ئەسیری، د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٩- دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٩.

١٠- دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٠.

١١- دیوانی بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٠.

١٢- دیوانی ڕەنجووری، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی أفاق عربیة، بەغدا، ١٩٨٣.

١٣- دیوانی سەلام، ئومێد کاکەڕەش، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠.

١٤- دیوانی سالم، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧٢.

١٥- دیوانی شاری، ئەحمەد حوسێن ئەحمەد، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠١٢.

١٦- ديوانی شيعر (محەمەد ساڵح ديلان)، عبدوڵلا عەزيز خاليد، ئەمينداری گشتی ڕۆشنبيری و لاوان، بەغدا، ١٩٧٨.
١٧- ديوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحيد، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٨- ديوانی قانع، برهان قانع، بەڕێوەبەرايەتی چاپخانەی زانكۆی سليمانی، سليمانی، ١٩٧٩.
١٩- ديوانی كەمالی، كەمال عەلی باپير، دەزگای ڕۆشنبيری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨٦.
٢٠- ديوانی گۆران، محەمەدی مەلا كەريم، چاپخانەی كۆری زانياری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٢١- ديوانی مەولەوی، مەلا عەبدولكەريمی مودەڕيس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سليمانی، ٢٠٠٦.
٢٢- ديوان مستوره، ماجد مردوخ روحانی، سازمان چاپ و نشر آراس، اربيل، ٢٠٠٥.
٢٣- ديوانی نالی، مەلاعبدولكەريمی مودەڕيس، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.
٢٤- ديوانا وەداعی، سەعيد دێرەشی، دەزگای سپيرێز، دهۆك، ٢٠٠٨.
٢٥- ديوانی وەفايی، د.عوسمان دەشتی، له بڵاوكراوەكانی ئەكاديميای كوردی، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٦- رۆژنامەی كوردستان، ئامادەكردنی بنكەی ژين، لەبڵاوكراوەكانی ئەكاديميای كوردی، ب٤، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٧- شێخ مەحموود له شيعری كورديدا، لەتيف بەرزنجی، مطبعة الثقافة والشباب، اربيل، ١٩٩٠.
٢٨- كۆيه لەڕەوتی شارستانيەتدا، كەريم شارەزا و كەسانی تر، بەڕێوەبەرايەتی گشتی چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٩- گۆڤاری كاروان، ژماره (٩٣)، ساڵی دەيەم، هەولێر، ئاداری ١٩٩٢.
٣٠- محەمەد ئەمين زەكی، عەلائەدين سەجادی، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٤٨.
٣١- مێژووی ئەدەبی كوردی، د.مارف خەزنەدار، دەزگای چاپ و

بڵاوکردنەوەی ئاراس، ب١، ب٤، هەولێر، ٢٠٠١، ٢٠٠٤.
٣٢- یادی پیرەمێرد، علاءالدین سجادی، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥١.
٣٣- هەنبانە بۆرینە، هەژار، سروش، تهران، ١٣٦٩.

**ب/ عەرەبی:**

٣٤- تاريخ الادب العربي (العصر الجاهلي)، د.شوقي ضيف، ط٣، دارالمعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٠.
٣٥- جواهر المعاني فی شرح ديوان احمد الخاني، تحسين ابراهيم الدوسكي، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوک، ٢٠٠٥.
٣٦- العمدة في محاسن الشعر و آدابه ونقده، ابي علي الحسين بن رشيق القيرواني، عبدالحميد هنداوی، ج٢، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠٠٧.
٣٧- معجم المصطلحات الادبية، پول آرون و آخرون، ت: د.محمد حمود، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٢.

**ج/ فارسی:**

٣٨- انواع ادبی، سيروس شميسا، انتشارات فردوس، چاپ دهم، تهران، ١٣٨٢.
٣٩- فرهنگ اصطلاحات ادبی، سيماداد، انتشارات مرواريد، تهران، ١٣٨٢.
٤٠- فرهنگ توصيفی اصطلاحات ادبی، ام. اچ. ايبرمز، ت: سعيد سبزيان، انتشارات رهنما، ١٣٨٧.
٤١- واژەنامه هنر شاعری، ميمنت مير صادقی، كتاب مهناز، تهران، ١٣٧٣.

# هۆنراوەکان

# شینگێڕی

**عەباس حەقیقی***

برای بەرزم لە پێش تۆ من ئیتر سەیر و سەفا ناکەم
بە مەرگی تۆ بە دڵ مەیلی کەژ و کێو و چیا ناکەم
بـە داخی تـۆ وەها جەرگم بڕاوە حەسـتەمە ژینم
بە زام و ئێشـەوە مەرگـم دەویٚ دەردم دەوا ناکەم
ئەوا دەشت و چیا شینە و لە خاکی نیشتمان شینە
وڵاتـی کوردی خەمگینە دەڵـیٚ تەرکی عەزا ناکەم
لە باخان پەڕپەڕن گوڵ بولبول و قومری دەناڵێنن
منی دڵخەستە جا چۆن مەحشەری کوبڕا بەپا ناکەم
هەوارچی تازیەدارن چادرو چیغ ڕەشپۆش و خەمناک
هەڵاڵە و سوێسنە دژ ماون بە لالەی گەش بەقا ناکەم
هەوایە دەشت و سەحرا مەیلی کوێستانم لەلا بایە
هەوای تۆم تا لە سەر دایە، هەوای ئاو و هەوا ناکەم
کەلاوی کردووە ئەستێری خەم بۆ نێو کەلاوەی دڵ
هەموو شـینگا زەلن خاکی پەتـی تێدا پەیا ناکەم
فیراقـی تۆم وەکو (حج الـوداع)یٚ دێتە بەرچاوی
ئەگەر فیدیەت دەویٚ فەرموو بە غەیری سەر فیدا ناکەم
لە نێو گەل قاوی مەرگت شوێنەوارێکی وەهای دانا
لە خوێناوی خەما غەرقم ئەگەر چاکی ئەدا ناکەم
بەهارە و بولبولی باخی ئەدەب هێمن دەڵیٚ ئەو جار
لە باخان بۆ گوڵی نەوڕەس ئیتر نەغمە و نەوا ناکەم
بە سروەم دێتە گویٚ دەنگی سەلاحەددینی ئەییووبی
دەڵیٚ کوردێکی دڵسۆزی لە هۆزی خۆت جودا ناکەم

---

* وێژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

پەژارە و مەینەتت زۆر دی لە دنیا خاترت جەم بێ
خــودا فەرموویەتی ڕەنجی عیبادم بێ جەزا ناکەم
وەکو دیوانی تۆ (تاریک و ڕوون)ە ژینی من ئەمما
لەبەر ناڵەی جودایی تۆ خەیانی خەم بەبا ناکەم
لە ســەر کێکی تەمەن شەم نایســێ جارێکی دی قوربان
ئەجەل مەودای نەدا دەیگوت بە عەهدی کەس وەفا ناکەم
(حەقیقــی) چاوەڕێــی دیــداری تــۆ بــوو داخــی داخانم
نەنیشــت ئەو بازە بەختی من لە بەختی بەد ئیبا ناکەم

# یادی هێمن

عەباس حەقیقی*

کـەو و کوڕکـوڕ لـە سـەر دونـدی چیای شـین
دەناڵێنـن لـە شـینی مەرگـی هێمـن
گوڵـی باخـی ئـەدەب ژاکا لـە نـاکاو
لەبـەر ئـەو زەردە ڕەنگـم وەک بەهـێ مـن
بەهـارە و حەقیەتـی بولبـول بناڵـێ
دەڵـێ: لـەو شـیعری پـاراوم دەوێ مـن
لـە نێـو باخـان دەڵێـن شـەونم دەبـارێ
کەچـی فرمێسـکە، دیتـم دوێ شـەوێ مـن
وەهـای دادا هـەور بارانـی ئەسـرین
بـەراو و شـینە هەرچـی وشـکە دێمـن
بنـەو بارگـەی تەمەنمـان گەییـە ئاسـۆ
لـەوێ ئـەو تێپـەڕی، مـاوم بەجـێ مـن
لـە شـوێن ئامانجـی دڵ نەسـرەوت و ڕۆیـی
لـە شینی ئـەو دڵـم چـۆن بسـرەوێ مـن
لـە پـاش تـۆ شـاعیری بـەرز و بەڕێـزم
قـەت ئاواتـی دڵـم نایێتـە جـێ مـن
لـە دووریـت تـازە دڵخـۆش بـم مەحاڵـە
بـە نەغمـەی بولبـول و قاسـپەی کـەوێ مـن
بـە بـێ تـۆ جـەرگـی مـن سـووتـاوە "هێمن"
ئەمـن ئـاوام ئەتـۆ چۆنـی بەبـێ مـن؟
ڕەفـیـقـان دڵ بـریـنـدارە (حـەقـیـقـی)
دەوای ئـەو زامـە داوا کـەم لـە کـێ مـن؟

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ ی هەتاوی

# شینگێڕی

سەید تاهیری هاشمی*

بەهاری کرد بە پاییز مەرگی زانـای باسەفا هێمن
لەگەڵ خۆی بردی هۆش و دانش و فەزل و زەکا هێمن
دریغ زووخاوی خوارد و ڕەنجی برد و مەینەتیی کێشا
کە گەل ڕاحەت بژی بەڵکو نەچێ ڕەنجی بەبا هێمن
کە چل ساڵ دەردی ناکامی و بەڵای چەوسانەوە و خاری
گوارا کرد لە خۆی بۆ بەرزیەتی گەل مەردیپرا هێمن
لە بۆ گەنجی مراد چەند شار بە شار و دێ بە دێ گەڕیا
لەگەڵ سروەی بەیانی و هاودەمی بادی سەبا هێمن
مەغاران سەختی سەر کێوان و شیو و هەرد و جەنگەڵ
وەکـو دەشـت و بیابان لابـەلاکـان گشت گـەڕا هێمن
ژیانی نالەبار و دەربـــەدەر بـوون کـاری مەردانە
لەبەر خۆشیی من و تۆ جەزرەبەی کێشا و سزا هێمن
لە بۆ خۆی ڕاحەتی پێویست نەبوو قەت پیاوی پیاوانە
ئەگینا ئـەوپـەڕی ڕابـواردنــی بـۆ دەس دەدا هێمن
بە ئوستادی هەموو زانستگەیێ دەسیان ئەدا بووشە
کەسەر شار بوو لە عیلم و زانیاریی پڕ بەها هێمن
بەڵام نەیو یست کە ئەو کورسی نشینی ئەوجی عیززەت بێو
ئەمن تێهەڵدراوی زیللەت و پەستی و عەنا هێمن
لە سەر سووتا و توویوە قەترە قەترە جیسمی بانرخی
بەڕاستی بۆ گەلی خاوەن هونەر بوو وەک چرا هێمن
درێغا شیعری خۆش مەزموونی دڵکەش مەحزەری زیبا
بە باڵای ڕێکو پێک بوون هەر بە مانەندی کەوا هێمن

* وێژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

لە گوفتاری عەزیزی گوڵ دەباری و بەربەیان ئەنگووت
لە ڕەفتاری کەریمی خێر و بێر و ئیتتیکا هێمن
بەیانی خۆش و تەقریریم لە سەر نالی لەبیر ناچی
بە من پیشانی دا تەقریری ئەو حوسنی ئەدا هێمن
مەعانی و بەیان فەننی بەدیع و عیلمی (نقد الشعر)
لە زیهنی سافیدا ئامادە بوون و ئاشکرا هێمن
دریغ بۆ ماوەیەکی کەم وجوودی (فایض الجودی)
لە بۆ من بوو بە کانگای فەزل و سەرچاوەی دەها هێمن
بناغەی سروەیی ئازیزی دانا بۆ گەلی کوردان
لە مەیدانی ئەدەبدا شەهسەوار و موقتەدا هێمن
لە زانیارانی کورد کەی یادگاری وای لە شوێن جێ ما
کەسێ ئیللا جیهانی عەقڵ و عیلم و بیر و ڕا هێمن
کە ڕۆی داخی دڵەکەم سروەی ئازیزی بە کێ ئەسپارد
بە نازاری بەخێوی کا لە ژێر سایەی خۆیا هێمن
("محمد" ناو ئەمین مەدحەت سولالەی طاهرەی حضرت)
(لە بەطنی فاتمەی زەهرا و صولبی مرتضی هێمن)
نەقاوەی خانەدانی پاکبازی شێخولئیسلامی
سەفاوەی دین و دانیش مەجد و عیزز و ئیعتیلا هێمن
وەفایی و نالی و مەحوی و جامی و سالم و کوردی
ئەبێ بێنە رساخانی لەگەڵ مەدح و سەنا هێمن
ئەمن بەم چەشنە شیعرانە حەقی ئەو قەت ئەدا ناکەم
کە من شەوتابی خاکیم شەمەکەی چوارەم سەما هێمن
تکایە ڕۆژی مەحشەر شادمان و موحتەرەم (تاهیر)
خەڵاتێکی لەبەر دابێ لە ئەلتافی خودا هێمن

# کوڵی دڵ

سەید تاهیر هاشمی*

بەهار هات سروە دەنگی دڵتەزێنی بولبولی هێنا
لە نێو باخان نەسیمی بەربەیان بێنی گوڵی هێنا
لەسەر کێوان دوایی کاژولێژی بەوری زستانی
بە نرکەی هەورەوە دیسان پڵنگی پڵپڵی هێنا
بەجێیە مات و حەیرانی تفاق و هەیت و هووتی بم
کەوا هەیتێ بەهێی دا و هەیتی سێوی سەرچڵی هێنا
شەتاو هەرچەندە هۆنەی دیدەیی عاشق وەبیر دێنێ
قەراخی چاوەکەی چاوی وەنەوشە و سونبولی هێنا
مەگەر پاییز و هاوینە عەزیزان وا بە ئەم ڕەنگە
بنێشت و مازوو و قەزوان و شۆکە و گزگڵی هێنا
هەوای ئەم دەشت و بانە هێندە حاڵەت پەروەرە ئازیز
لەسەر کێو شێری شەرزە و میرغوزار ئاسکی سڵی هێنا
بە تاوی وەشت و سەوزەی دەشت و گرمەی کێو و هاژەی چەم
کەوی گەردەن بە خاڵ سوێسکی قەشەنگ پۆڕی شڵی هێنا
هەموو چەشنە شتێکی جوانی هێنا نەوبەهار ئەمما
لە دەردی مەرگی هێمن سەد ئەسەف داخی دڵی هێنا
لە بەر ئەم وشکە ساڵە (تاهیرا) سەرچاوەیی تەبعم
نەما ئاوی، ئەمەش یەک داخ مابوو دڵ کڵی هێنا

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ ی هەتاوی

# شینگێڕی

## ڕەبیعی*

لە دونیادا کەسێ ڕەنجی بەبا بێ
هەرەس گرتوویە هەرچی کێوە بابێ
بەهاری بێ گوڵی بێ بولبولی کورد
خەزانە کردەوەی وەک کا و با بێ
لە کۆستێکا کە کوردستانی داگرت
ڕەوایە شیوەن و شین و هەرا بێ
هەموو وەک یەک عەزادار و پەشێون
پەرێشانن هەوار و شار و لادێ
سەرم سووڕماوە لەم گەردوونە یاران
"خەزەڵوەر" کەی لە "خاکەلێوە"دا دێ
بەهاری بێ گوڵت قەت دیوە کاکە؟
ئەگەر بی چاوەکەم لەم شیوە دادێ

***

ئەگەر لاوێ نەمامی عومری بشکێ
بە ناساغی لە دونیادا بمێنێ
منالێ دەستی باب و داکی بگرێ
دەستی هەنجەل کوتوپڕ بیڕفێنێ
دەسی وا دەستگیری بێ دەسانە
فەلەک پێچی بدات و بیشکێنێ
قەڵایێ سەنگەری پارێزی "گەل" بێ
"تریشقەو بوومەلەرزە" بی ڕمێنێ
ئەدیبی وا زمان و دەنگی هۆزە
لە شین و ڕۆ نەپرسی لێی بسێنێ

* ویژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

سەرت قەت سوورِ نەمێنێ لەو بەهارە
لە جێی "گوڵ" پەیکوڵ"ی "مێمل" بهێنێ

***

ئەگەر شاهۆ لەجێی من با ڕووخابوو
لە لەرزی بوومەلەرزەی مەرگی هێمن
وڵاتی هێمنی تێدا نەمابێ
دەروونی کەیلە هەر وەک بەحری بێ بن
ئەدیبێ بوو، گەلێ دەنگی زوڵاڵە
لە مەرگیدا ئەمێنن "لال" و "قرخن"
ئەتۆ دەنگی زوڵالی میللەتێ بووی
هەموو ڕەشپۆشی تۆیە دۆستو دوژمن
تۆ ڕووحم بووی، بڵێ چۆنت بەجێ هێشت
من و فرمێسکی ئاڵ و جەرگی هەنجن
سەرم سوڕماوە من لەم کارە هێمن
ئەمن ماوم ئەتۆ مردی بەبێ من؟

***

لە خاکەلێوەدا هەر ڕۆژ ئەباری
شڵێژابوو بەهار و کاروباری
هەوا ئاڵۆز و هەور و باو و بۆران
بزەیکم قەت نەدی هەرگیز لە زاری
بەهارم وانەدیبوو مات و دڵ پڕ
تەقەللام دا سەرێ دەرکەم لە کاری
شریخاندی برووسکەی پێ گەیاندم
"ئەوا هێمن تەواو بوو کاروباری"
"ئەوا هێمن نەما سروە سەری چوو"
مەگەر "وە"ی سابڵێن" وەی" کوردەواری
وەها بەخشەر نەبوو قەت هەوری "نیسان"
ئەمە بۆ تۆیە کۆسپ و شین و زاری

***

لــه پـاشـی تـۆ ئـۆمـێـدی گــەل "هـــەژارە"
هــەژاریــش گــەر نــەبـێ ئـیـتـر هـــەزارە
"هــــەژار"ی وا هــەسـیــرەی بــەربــەیـانـە
چــرایـــە ڕێــنــمــایــە بــێ پــــەژارە
هـــەژارە ســەر ئــەداتــە ســـروە دیـســان
کــەوابــێ ســـروە ســــەرداری تــەیــارە
هـــەژاری وا هـــەژاری هـــۆزی کـــوردە
لــە زانـسـتـا هـــەزار ئــەنــدەر هـــەزارە
چـەنـێ مـــردوو پـەرەسـتـە میـلـلـەتی کـورد
هــەســێــرەی تــا نــەنـیـشـێ نــادیــارە
تـۆ ئــەم قـانـوونـە بشکێنە "ڕەبـیـعـی"
بـلــێ بـــەنـــدەی کـەسـێـکـم زانـــیــارە

## شینگێڕی

**فیدایی***

جیهان خانوویی پڕ فیتنه و بەڵایە
خول و سووڕی بە کیشە و ماجەرایە
بەشەر لەو مەنزڵەی تا دەچێتە نێو گۆڕ
بە ئاخ و مەینەت و دەرد و بەڵایە
کە دەیبێنی بە وێنەی حۆرییانە
لە باتیندا وەکو غوولی سیایە
بزەی لێوی هەموو مەکر و فریوە
وتەی خۆشی برینی بێ دەوایە
کەسێ ئەوڕۆکە پشتی پێ ببەستی
سبەینێ بێکەس و پشت و پەنایە
نەکەی باوەڕ ئەتۆ بەو یارە شەنگە
بەبێ قەول و قەرار و بێ وەفایە
ئەگەرهەیبا وەفا ئەو شۆخە هارە
دەگەڵ هێمن دەبا ڕوحمی هەبایە
لە سەر خزمەت بە خاک و نیشتمانی
لە پاداشا خەمی زۆری دەدایە؟
لە ئێران و لە عێراقا دەسووڕا
جوانیی ئەو بەخت بوو بەو هەوایە
لە پیریدا نەبوو خۆشی ببینێ
هەتا ڕۆیی دەچۆ دەر لەو سەرایە
لە بۆ شیعر و ئەدەب هێمن چرا بوو
دەکووژاوە لە کوردان ئەو چرایە؟
کە لێی دا لەو چرایەی سەرسەری مەرگ
خەڵک دەیگوت بە یەک دەنگ و سەدایە

* وێژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

گەل و هۆزت لە خەمدا دڵ پەشێون
لە بۆ تۆ هێمنا هەر قوڕ دەپێون
کە ڕۆیشتی لە نێو دونیایی فانی
نەما بۆ ئێمە عەیش و زیندەگانی
هەور دەگری زەوی ڕەشپۆشە بۆ تۆ
بەهارە و زەردە گوڵ غونچەی جوانی
زمانم لەنگ و لاڵە لەو غەمەیدا
قەڵەم نەیماوە نووسینی ڕەوانی
ئەمن چ بڵێم و چ بنووسم لەبارەی
مەلی تاریک و ڕوونی نیشتمانی
دەگەڵ خەڵکی زەوی شینێ دەگێڕن
لە بۆ هێمن فریشتەی ئاسمانی
پڵنگی نێو دڕاڵی نەزم و پەخشان
شەهێنی کێوی بەرزی وێژەوانی
سەر و کاری لەگەڵ: شیعر و ئەدەب بوو
شتی نووسی لە بۆ گەل تا توانی
بە شاگردی هەر ئەو بوو هەڵدەسووڕا
لە کۆڕی حاجی و مەیدانی خانی
کە مەیلی کرد بچێ بۆ باخی تازە
لەوێ دەس کا بە بەستەو شیعرەکانی
هەوەڵ مانگی بەهاری شەست و پێنجە
کەوایی ژینی دادەڕنا لە شانی
کە پێی نا لەو هەواری خۆش و زەنوێر
خەڵک بەو شیعرە دەیگێڕا زمانی
گەل و هۆزت لە غەمدا دڵ پەشێون
لە بۆ تۆ هێمنا هەر قوڕ دەپێون

***

لە دووری تۆ ئەمن جەرگم بڕاوە
بە مەرگت زامی کۆنەی دڵ کولاوە
لە کووپەی سینگدا دڵ بۆتە بریان
بە ئاوی گەرمی دووچاوم کولاوە

که رۆیشتی لە نێو شاری مەهاباد
بزەی سەر لێو و خۆشی هەر نەماوە
مژ و هەوری بەلاو و شین و چەنبەر
بەسەر ئەو شارە گەورەی داکشاوە
ئەوەش کاری خودایی بێ مەکانە
لە بۆ مردن ئەجەل وەک تەپکە داوە
خەڵک دێت و دەچێ دەڕوا بەرەو گۆڕ
لە سەر ئەو عەرزە بەرپان و بڵاوە
لە دونیا نامرێ ناوی دەمێنێ
ئەوەی وەک تۆ لە دونیادا ژیاوە
خەفەت بێ سوودە بۆ مردن لە دونیا
بەشی ئەولادی ئادەم وا دراوە
ئەوەی خزمەت بە هۆز و نیشتمانی
بکا هەر ئەو شەریفە و ئەو پیاوە
هەر ئەو مەردە هەر ئەو شێر و دلێرە
هەر ئەو موویی بە مەردی لی ڕوواوە
فیدایی هەر لە گۆڕی ئەو کەسانە
هەموو ڕۆژێ دەکا دووسەد سڵاوە
کەسێ کەلکی نەبێ بۆ میللەتی خۆی
لە سەر ئەو خاکە وەک بڵقی سەرئاوە
تەمەن ڕۆیی بەرەو پیری مەرگ چوو
گڵۆڵەی نەوجەوانی هەڵ کراوە
لە رۆژئاوایی سەر لوتکەی ژیانم
تەمەن ون بوو بە وێنەی خۆرەتاوە
وەرن یاران ئەلەو شین و خەمەیدا
هەموو بگرین و من دەیکەم بە قاوە
دەڵێم هێمن لە نێو دڵدا دەژی تۆ
نەڵێی شووشەی ژیانی من شکاوە
گەل و هۆزت لە خەمدا دڵ پەشێون
لە بۆ تۆ هێمنا هەر قوڕ دەپێون

# شینگێڕی

ح. زەرزا*

مانگ لە غووڕڕابی خەوێدا
ئەستیرە دەخوشین بە ڕێدا
چاوم لە ئاسمان بڕیبوو
ئەستێرەکی ماتم دیبوو
نەمزانی ئەو سەر بە هەشە
بەختی منی چارەڕەشە
پارێزم لێ گرتبوو تاوێ
بەڵکوو بێ شەبەقێ باوێ
بەڵام ڕەنگی بزرکابوو
سەرانسوێی نەدا ئاوا بوو
ئۆمێد و ئاوات و تاسە
ئەوەی سەرچاوەی ئیحساسە
لە فرمێسکمدا کۆبۆوە
هەموو خۆشیم لە بیر چۆوە
سووتمان کەوتە نێو بیر و هەست
دەرگای هۆش و زانینی بەست
مامۆستا، مامۆستا هێمن
کێ باسی تۆ بکا کێ! من؟
گەوهەرت بۆ هەڵبژاردین
تارماییت لەسەر تاراندین
ئاوڕت وەسەر مێژوو داوە
بە سەربەرزی سەرت ناوە
لە هیچ سووڕان و دەورەدا
لەو کوردستانە گەورە دا

* وێژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

ئەو خزمەتەی تۆ کردووتە
بەو کوردە هەژار و ڕووتە
ئا بەو کوردە بەش خوراوە
کەم کەس ئاوای پێ کراوە
تا دوا هەناسەی ژیانم
ناوی تۆ وێردی زمانم
یادی تۆ مووخەی لی چنیم
مەکۆی خەم جەرگی ئەنجنیم
وەک منداڵ لە گڕوگاڵم
ناسرەوی لەنێو خەیاڵم
بۆیە دڵی سووتاوی من
بابەڕۆیەتی بۆ هێمن

# شینگێڕی

سەید عەبدولقادری سیادەت*

بە تەنیا وێنەکەی تۆم کاکە هێمن هەر لەبەر چاوە
لە ئـاوی چاوما هەر وێنەیەکی دی بوو شـۆراوە
ئەمن حاشام لە فرمێسکم نییە دەڕژێ لە پێی تۆدا
دەڵێم با کەس نەزانێ دەردم ئەمما هەر لەبەر چاوە
کەسێ بۆ تۆ نەکا شین جەرگی بۆ تۆ هەڵنەقرچابێ
لــە ئاورگــەی وەفــادا وادیــارە بــاش نەبــرژاوە
دڵێکی یادی تۆی تێدا نەسووتێ وەک شەمی ڕۆشن
هــەواری خاڵییــە چۆڵەچرایــە ماڵــی ڕووخــاوە
ئەوەندەی من بە کوڵ دەگریم گرێی لی نابڕێ چاوم
گرێ کەوتۆتە کاری ئاوی چاوی من لە سەرچاوە
دەراوی ڕوون لە هیچ چۆم و شەتێک نابینم ئەوڕۆکە
دەڵێی چۆم و شەتی ئەو هەردە گشت خوێناوە لێڵاوە
هەرچی دەنگێکی دەیبیســم دڵــم دێنێتە ژان و کوڵ
سکاڵای من بە کوینە هەر کزەی جەرگێکی سووتاوە
مەگەر ئەو خاکە تۆی گرتۆتە باوەش من بە سەرداکەم
چ دەکرێ بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆی لە دەس داوە

* وێژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

## یادی هێمن

**سەید عەبدولقادری سیادەت***

بەیادی هێمن ئەمڕۆ سروەیەک دێ لێی گەڕێن بابێ
نەسیم بۆنی بەهەشتی پێوەیە ئەمڕۆ لەهەر لا بێ
شەوو ڕۆژ ڕادەبووریّ و دڵ خەمی وی قەت لەبیر ناچێ
دڵم دەتلێتەوە بەو دەردەوە زۆر ئەستەمە ڕابێ
هەتا کۆنتر دەبێ یادوارەکەی زۆرتر دەبێ دەردم
برینی کۆنە ناسۆری بە ئێشە کەی بڵێی چا بێ
خەمی ئەوزەڕڕەزەڕڕەی جیسم و جانی گرتووم ئێستا
خەمی عالەم چ تۆفیری هەیە بۆ من نەیە نابێ
لە ئاسۆگی هۆمێد ئەستێرەیەک ئاوا بووە ئەوڕۆ
ئەگەر ڕۆژێک لەوێ هەڵ بێ بە زەحمەت شۆقی ئاوا بێ
لە دونیای ئێمەدا مانگێک هەڵات و ڕۆیی ئاوا بوو
بەمن چی گەر تەواوی ئاسمان عەقدی سورەییا بێ
ئەگەرچی خونچە زۆر پشکوتووە لەم باخ و گوڵزارە
لە گوڵزاری ئەدەب بەم شێوەیە گوڵ تازە شین نابێ
دەڵێن تاریکی من ڕوونە بە یارانی ئەدەب پەروەر
دەڵێی ڕێبازەکەی دەگرینە بەرچاو یاخودا وابێ
خودایە لێی ببوورە ڕەنجی زۆر دیوە لە دونیادا
ئەویش با موستەحەققی ڕەحمەتی باری تەعالا بێ
ئەویش ئەولادی تۆیە یا (رسول الله) لە مەحشەردا
کەیاران لێت وەخڕ بوون خۆت بفەرموو "هیمن"یش بابێ
خەمی دنیای لە بیر وێرانەکەی دڵ بردەوە (سەیید)
خەمی "هێمن" بەخێر هات بۆ دڵی من ماڵی ئاوا بێ

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠،ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ ی هەتاوی

# یادی هێمن

## سەید عەبدولقادری سیادەت*

بەهــار ئەمجــارە وادیــارە شــنەی لــە شــنۆوە دێ ئــەورۆ
لــەلای کوێســتانەوە بای وەعــدە دێ زۆریــش بەجێ ئەورۆ
ئەگەرچــی بولبــول و قومــری لــە گوڵــزاری شــنۆ زۆرن
ئەمیــن ئۆشــنۆیی جیــت خاڵی لــە باغی شــار و دێ ئەورۆ
هەموو دەم شــین دەبێ گوڵ تــازەڕوو، بۆنخۆش بەڵام داخم
گوڵێکــی وەک ئەمیــن ئۆشــنۆیی قــەت ناپشــکوێ ئــەورۆ
وەخــرِ بــوون عاشــقانی داخ لــە دڵ وەک لالــە لەم شــارە
بەڵــی مــوژدەی بەهــاری پێیە بــای وەعــدە کە بــێ ئەورۆ
وەباڵــی ئــەو هەموو خونچەی نەپشــکوتوو بەئەســتۆی تۆ
ئەمــن لێــرەم دەوێی ئەی بای شــەماڵ تــۆ دەچیە کــوێ ئەورۆ
لــە هــەر لایــە گوڵێکی تازە شــین بێ ســەوزە ســەر دەرخا
بــە چاوان دەبمە ئاودێری بە ســەر چــاو، دەچمە وی ئەورۆ
بــە تەنیــا چــاوی مــن مــاوە کــە ئاودێــری گــوڵان مابــێ
هــەر ئــەو ســەرچاوەیە وشــکایی نایــە ئــاوی دێ ئــەورۆ
ئەگــەر خــۆم ڕێــم نیە تــا بچمــە پێشــوازی بەهــار و گوڵ
بەجێــی خــۆم جۆگەلێک فرمێســکی گــەش خســتۆتە ڕێ ئەورۆ
لەپــێ کەوتــووم و دەستیشــم بــە داوێنــی فەلــەک نــاگا
فەلــەک تــۆ چیــت دەوێ لــە منێکــی وا بێ دەســتو پــێ ئەورۆ
لــە هــەر لا شــاییە و جێژنــە کە ســەرچۆپی بە مــن نادەن
بــرا بــا دەســتی گاوانیــش بــە من بــێ هــەر نەبێ ئــەورۆ
(سەید) تۆ ڕووبەڕووی هێمن دەلێی چی، بەس کە، چون تووتی
لــەڕووی ئاوێنــەدا زوو لال دەبــێ گــەر زۆر بلێی ئەورۆ

* سروە _ ساڵی چوارەم _ ژمارە ٢٢ _ بانەمەڕی ١٣٦٧

# شینگێڕی

ئوستا*

بەژنی بەهار هەڵوەری
پرچی ڕنی لە سەری
مرۆڤی کورد و پەری
دەڵێن هێمن مردووە
کۆچی دوایی کردووە
***

لە هۆبە و چاکی وڵات
بیرەوەرانی ئاوات
لە چیا و دەشتی خەبات
لە شیو و شاخی نەجات
دەڵێن هێمن زیندووە
لە مێژوو نەمردووە
***

هەڵۆی پێواری شاخان
زریکاندی لە داخان
دەنگ کەوتە بەژنی باخان
بو بە تەم گشت ئێلاخان
دەڵێن هێمن مردووە
کۆچی دوایی کردووە
***

لایەنگری ئازایی
لە بژوێنی زانایی
باڵویزانی بڕوایی
لە ڕوونی و تاریکایی
دەڵێن هێمن زیندووە
لە مێژوو نەمردووە
***

* ویژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

ئاگری داخ، شاخی شاهۆ
ساراوەن تا دالاهۆ
ئاخ و داخ و میشەکۆ
پەرا و سەراسوێ بەمۆ
دەڵێن هێمن مردووە
کۆچی دوایی کردووە
***

لاوی جزیرە و بۆتان
بەدلیس تاکو شاروێران
شەتی ورمێ و زەمزیران
نەتەوەی ژیر، چاودێران
دەڵێن هێمن زیندووە
لە مێژوو نەمردووە
***

لێزمەی فرمێسکی گەش
ناڵەی بلوێری ناخوەش
پەژارەی کورپەی باوەش
کش و ماتی شەوی ڕەش
دەڵێن هێمن مردووە
کۆچی دوایی کردووە
***

تاقگەی ئاواتەخوازان
گەلی گوێگر نیازان
بەرزەفڕ گەورە بازان
”ئوستا“ و برسی و لاوازان
دەڵێن هێمن زیندووە
لە مێژوو نەمردووە
***

نرکاندی هەوری بەهار
لەرزاندی دڵی کۆسار
بوو بە شین ناڵەی سێ تار
بانگی دەرکەوت بۆ هەژار
دەڵێن هێمن مردووە
کۆچی دوایی کردووە
***

دانیشتووانی دلێر
لاوی زانستی گلیر
ڕۆڵەی کوردی بێچوە شێر
پڕشەی لێشاوەی ئەستێر
دەڵێن هێمن زیندووە
لە مێژوو نەمردووە
***

قوڵپەی شەپۆلی سیروان
هاژەی تەیتی ماکوان
زرێوار و مەریوان
ئاسمانگی شینی باوان
دەڵێن هێمن مردوە
کۆچی دوایی کردوە
***

بووکی وڵاتی سابڵاخ
تێکۆشەری شاخ و داخ
پیری بەهەستی بەداخ
سەروەی ساغی بێ دەماخ
دەڵێن هێمن زیندووە
لەمێژوو نەمردووە

# بەهاری ڕەشپۆش

ڕەحمانی قازی*

دەبوو گوڵ پێکەنێ بولبول بخوێنێ
دەبوو زام پاکی بێنن گۆشتە زوونێ
دەبوو سەیرە جریوەی بێ لە باخان
دەبوو کۆتر بگمێنن لە شاخان
دەبوو قاسپەی کەوان بێ لەو پەسارە
چریکەی بێ لە سەر داران قەنارە
دەبوو شللێری گەش چاوی هەڵێنێ
نە وەک ماتەم سەری پێ دانەوێنێ
هەڵاڵە نوالە با پڕ کا لە بۆنی
نەوەک شەختە پەڕوپۆی هەڵوەرێنی
شنەی با پێی نەکرد ئەو ساڵ سەمایە
بە کیژۆڵەی گوڵی جوانی کەمایە
ئەتۆش ڕێواس جحێڵی خیزەڵێنی
گوڵینگەی سەرکڵاوەت نالەرێنی
دەبوو بەیبوون و سوێسن عەتری خۆیان
بپڕژێنن لە سەر ڕێی کاکی خۆیان
بەڵام تێکرا ئەوانەی ناو براون
لە مەرگی کاکە هێمن دڵشکاون
هەموو کیژێک قژی دەڕنێ لە تاوان
هەتیو و لێو بەبارن کۆڕی لاوان
ئەدەبناس و ئەدیبیش دەردمەندن
ئەدەب بابی نەما خوا بابی سەندن
بڕا جەرگی هەموو لاوێکی دڵسۆز
بە مەرگی هێمن ئەو دڵسۆزی پیرۆز

* ویژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

"ئـــەوە مـــردن نـیـیـە ڕەمـــزی نـەجـاتـە"
ئـــەوە دەسـکـەوتـی چـەنـد سـاڵـەی خەباتە"
عــەزیــزی خـۆشـەویـسـتـی کــــوردەواری
بــە تـەنـیـا بـارگـەکـەت بــردە هـــەواری
هــەوارێــک پــر لــە لاو و پـیـری بـێـدەنـگ
هــەوارێـکـی پــەڕیــو و بــێ گــوڵ و ڕەنــگ
کـە بـارگـەت بـەست و تـۆ چـوویـە هـەواری
ڕەفـیـقـانـت دەچـێــژن ژەهـــری مـــاری
"کـە بـارگـەت بـۆ هـــەوار تـێـک نـا عـەزیـزم
شـکـا ئـەسـتـوونـدەکـی تـاوڵـی مــرادم"
خـــودایـــە تـــۆ کـــەریـــمـــی تـــۆ غـــەفـــووری
بـبـەخـشـی هـێـمـنـی تـۆ بـێ قـسـووری
خـــودایـــە هـێـمـنـە هـێـنـای پـەنـا بـۆت
خـــودایـــە بـیـخـەیـە ژێــر ڕەحـمـەتـی خـۆت

# شینگێڕی

## سەڵاحی عەرەبی*

دۆی شەو مانگ و ئەستێرەکان
خزانـــە نێـــو ئەســـتێڕکان
نـــەرم و هێـــدی جووڵانـــەوە
شـــەپۆلی نـــوور شـــکانەوە
وڵات بـــە تـــاوێ بـــوو بـــە تاو
ئەســـتوندەکی گزینـــگ بە تاو
نرانـــە بـــەر خێوەتـــی شـــەو
پســـا تـــرازا ڕەشـــە گـــەو
فریشـــتەکان دەبـــوون نـــەوی
دەهاتنـــە باوەشـــی زەوی
بـــە برژانگ لـــە گلێنـــەی چاو
نووســـرابوو شـــیعرێکی تەواو
ئێمەش وەک مانگ و ئەستێران
هاتینـــە نێـــو شـــاری کوێـــران
هەڵگریـــن ئـــاو بـــۆ گرینـــێ
بـــۆ لـــەدەس چوونـــی ئەوینێ
بـــۆ هێمنـــی هـــەژار و ڕووت
کـــە ڕای ڕفانـــد تەرمی تابووت
تـــا ئاییســـا گـــڕی ڕوون بـــوو
بـــڕوای بە بوون و نەبوون بوو
ئێســـتاش کە نەما هەر گەشـــە
لـــە ڕەشـــی دەکا هەڕەشـــە

* ویژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥/ بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦، ، ،

# شینگێڕی

سدیق بۆرەکەیی*

خـــاک خـــەم نـیـشـتـەن وەســـەر کـوردسـتـــان
خـــار خـــەم ڕووان جـە بـەر کـوردسـتــان
بـولـبـول مـەنـاڵـۆ جـە بـاخ و گـولـزار
مـاسـی مـەگـروو جـە دەریـــا و ڕووبـــار
چەرخیش خـۆ کـەڕ بێ جە غـەوغـای مـەردم
ئـــای چـەنـد گـیـان سـەخـتـم کـەوا نـەمـردم
شـنـۆی نـاکـامـی داش نـە دیـم گـوڵ
پـەری نـاڵـە و سـۆز، چـریـکـەی بـولـبـول
وەشـی و شـادی و شـەوق بـەرشـی جە دڵان
ئـای چـۆن پـەڕپـەڕ بێ بـە یـەکـجـار گـوڵان؟
ئـای چـەرخ چەپگـەرد چـون بێ شانا نـەرد؟
پـەی چێش ئوسـای خـەرد جەئی دنیا بـەرد؟
یـــاران هـــامـــســـەران هـــامـــڕاز دەردم
هـامـفـەردان خـاس، گـردبـان ئـەی مـەردم
بـیـان بـزانـان ڕەسـتـاخـیـز خـیـزان
وەڵـگ عـومـرەکـەی مـام هێـمـن ڕێـزان
بـادەی مـەرگیـش وەرد جـە دەسـت ئـاکـام
حـەیـف کـە جـە دنـیـا نـەیـاوا وەکـام
ئـازیـز وە مـەرگـت کـۆچ و مـەرگ تۆ
ڕۆژم کـەرد وەشـەو ئـارۆ واتـم ڕۆ
پـەی مـەرگـت شـادیـم یـەکـسـەر شێویا
هـۆشـم هـەراسـان مـەغـزم لێـویـا
دەروونـم تـەنـگ بـی دڵ ئـامـا وەزوان
ئـید مـەوات وەسـۆز پـەری پـیـر و جـوان:

* وێژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥ / بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

پیر و موڕشیدی بەزم کوردم ڕۆ
شاعیر و زانای فیکر وردم ڕۆ
هەسارەیی گەش کوردستانم ڕۆ
خاوەن ئەفسانە و داستانم ڕۆ
کێ بۆ دەم بدۆ نە خەرد گۆران
کێ بۆ جەم کەرو هۆنراو سۆران
کێ بۆ بنووسێو چیرۆک کوردی؟
کێ بۆ بوانۆ مەتەڵ بە وردی؟
یانەی بویژان بێ تۆ خاپوورەن
پەی مەرگت چرای زانست بێ نوورەن
زانایان دڵگیر هۆنەران خەمبار
نازک خەیاڵان جە دنیا بێزار
مامۆسا هێمن ڕۆشن بی چون شەم
پەی لواش دەروون بێ وەیانەی خەم
واتەش شیرین بی فەردی جوان بی
پەخشان و فەردش چون ئاو ڕەوان بی
نالی سفەت و سالم ئەتوار بی
مەولەوی لەفز و شیرین گوفتار بی
غەزەلخوان کورد جە "لاچین" ئەو بی
پەری جوانان چون پەرچین ئەو بی
نمانای دانەی دووڕ و گەوهەر بی
ئەو جە کوردستان وێنەی جەوهەر بی
هام باس و هام راز گردین جوانان بی
شەو و ڕۆژ جەکو چەنی شوانان بی
"صدیق" زگارەن پەری مەرگ تۆ
شەو ڕۆ پەرێت مەواچان هەی ڕۆ

# شینگێڕی

ک. د. ئازاد*

نیشـــانەی شـــینە بارانـــی بەهـــاری
کە وەک چاوم لە دووی یاران دەباری

تەماشـــای کوردەواری وەک بەهەشتە
تەماشـــای لالـــەزاری پـــڕ نیـــگاری

بە ڕاستی هەستی شـــاعیر ڕادەکێشێ
کەل و دەشـــت و شـــەتاو و ئابشاری

ئەگەرچـــی هێمنن کوێســـتان و کێوی
بەڵام دوژمن گەزن دووپشـــک و ماری

لـــە دەورەی نەوگوڵی ئاواتی گەلمان
گەلـــێ هێمـــن گـــەڕاون وەک هۆزاری

ســـتێرەی کورد لە ئاســـمانی جیهانا
ونـــە وەک قـــەت نەبووبێتـــن مەداری

بەهـــاران سەوزەپۆشـــە کێو و ســـارا
کەچی ڕەشپۆشە کورد دێهات و شاری

دەپرســـم چـــی بـــووە ئێژن کـــە ڕۆیی
لـــە مەیدانـــی شـــیعردا شاســـواری

---

* ویژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥ / بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

بەهاری کوردەواری و شـــار و گوندی
لە دووی "هێمن" دەکەن گابۆڕ و زاری

لە نێو بێشکەی دڵی کورد دایە "هێمن"
لە ئـــەو جێیە ئەوین دەگرێ ســتاری

لە کاتێکا کە کورد "هێمن" بوو نووری
چرای هیــوای نەبوو بۆ بەختی تاری

لە ســەر کێکــی تەمــەن مۆمێکی دیکە
ئیتــر هەڵناکــرێ بــۆ شاســواری

ئەوەی ویســتی کــە ئادارمان نەمێنێ
شــوکور بۆ خــوا نەماوە ئاســەواری

هــەزار پەیمان وەفــادار بم بە ڕێگەی
وەکــو کوردێ کــە ناشــکێنێ قەراری

دەڵــێ "ئازاد" ئەگەرچــی ڕۆیی هێمن
بەڵام هــەر زیندووە شــیعر و وتاری

# یادی هێمن

## سەید لەتیفی هاشمی*

له تاریک و ڕوونی ژینما تاپۆی ڕوومەتی کەسێکم دی که چرپاندی به گوێی دڵما ئاهەنگی بەرزی بۆ گەل ژیان.

به ئاوات بووم جوان هەستی کەم، خۆش بیناسم، جوان ورد ورد چووم به تانی و تەکانیا له ئەختەر و دێم و دێمی پڕ ناڵەوە له جیاییا کەچی تاسەم هەروا قووڵتر بۆی داچووی تا سنووری ئەویندار بوون. ئەویندارى نەبینراوێک لای کەم بۆ من نەناسراوێک ئەو هێمنه هەروا تاسەی دیداری ئەو به ڕۆژ و شەو له دەروونما، له ناخی دڵی کڵۆڵ و پڕ له کوڵما به گەشه بوو تا تێپەڕی به ڕۆژ شازده و من له ڕۆژی هەفدەی مانگی گوڵی زوو ژاکاوا گوڵی هەرگیز نەسیساو و نەژاکاوی دیاری ئەوم به چاو بینی، هێمنم دی گەییمه ئاوات به تاسەوە دەستی گەرمی پڕ له میهر و خۆشیم گوشی. گۆنای جێی داخی جەوری ڕۆژگار هەزاران جار پیاچزاویم تێر تێر ماچ کرد. ئینجا دەستی کەوته بیرم تێگەیشتم له تەواوی ئەوانەی واشوێنی ئەڕۆن نووسویەتی خوێندوومەتۆ.

هێمنم وا دی، ئاوام ناسی. پێم گوت: ئەمرۆ ئەمن گەییم به ئاواتی ئاواتێکی گەورە و مەزن دیداری تۆ دیتنی ناوچەوانت که وەک ئاوێنەی سنگی مێژوو پیرەمێرد و نالی و حاجی قادر و گۆرانی تێدا دەبینم و خێڵی ئەوان.

"لــە ئـاسـۆیـەکـی دوورەدەســـــت"
ســـەری هــەڵــدا ئـاسـۆگـی روون
چـــــراش تــریــفــەیــان بــڕا
ئەستێرەکان یـەک یـەک ون بوون

***

تیشکی خـۆر کـەوتـە سـەر کـەلان
خـــۆر هـــــەلات بـــێ مـــالاوایـــی
بــووکـی ڕووســـــووری خـۆرەتـاو
ســـــەری هـەڵـێـنـا بــە سـپـایـی

***

---

* ویژەنامە/ گۆڤاری سروە/ ژمارە ٥ / بەهاری ١٣٦٥/١٩٨٦

ســــروەی شــنــەبــای بــەهــاری
پــەنــجــەی پــنجـكـانـی ڕاهــەژانــد
گـــەڵا هــێــدی خــۆیــان تــەكـانـد
شەونمیان یـەک یـەک هەڵوەراند
***
تــاو بـــە تـــاو بـــە تینتر دەبــوو
تـیـشـكـی خـــۆرەتـــاوی زێـــڕیــن
لـــەتـــاوی تـــوانـــەوە ڕشــتــی
فرمێسكی ڕوون ڕنـــووی زێوین
***
تــەمـاشـای هـــەر لایـــەک دەکــەی
بـــەهـــار فـــەڕشـــی ڕاخــســتــووە
دەڵـــێـــی زســتــانــی بـــە دزی
زمـــهـــەڕی جـــوان داخـــســتـــووە
***
خـونـچـە لــەبــەر تیشكی هـەتـاو
بـەسـپـایـی بـــــەرۆک دادڕن
پــەپــوولــە بــۆ هـــەرزەكـــاری
سووک دەنیشن، سووک هەڵدەفڕن
***
گـــــەلا بـــــــەدەم شـــنـــەبـــاوە
دەبـــزوون خـــۆ لـــە گـــوڵان دەدەن
شـــوێـــنـــەواری زیـــنـــدەگـــانـــی
لـــە خـــۆیـــانـــدا نـــیـــشـــان دەدەن
***
بـــاڵـــنـــدەی كـــۆچـــەری مـــانـــدوو
لـــە گـــەرمـــێـــنـــێ گـــەڕانـــەوە
لـــە هـــێـــلانـــەی زێـــدی خـــۆیـــان
هـــەڵـــنـــیـــشـــتـــوون و حـــەســانـــەوە
***

دەخوێنن بەستەی بەهاری
لە سەر چڵی خونچە گوڵان
"خاکەلێوە"خەنی کردوون
دەچن بەرەو پیلی "گوڵان"
***

خورەی خڕە خوڕێنەکان
گرمەی هەور و چپەی باران
قاسپەی خاسەکەوی کێوی
حەیرانی شوان و ڕێبواران
***

بەهارە و ئەوانە هەموو
"شادی هێنن، خەفەت بەرن"
چاو و گوێ زیاتر لە جاران
هەست بزوێن و گیان پەروەرن
***

کۆنسێرتی مۆسیقای سروشت
گیا و گیانلەبەر دەبزوێنێ
دەستەیەک ئاهەنگ دەگێڕن
دەستێکیان وەسەما دێنێ
***

تەنیا بولبولێکی پیرە
ئەورۆ لە خەو هەڵنەستاوە
ئەو بولبولەی بە هێمنی
سەری لە نێو باڵان ناوە
***

تەنیا بولبولێکی شەیدا
سەر لە باڵان دەرناهێنێ
نایاتە دەر لە هێلانەی
بەستەی بەهاری ناخوێنێ
***

تەنیا بولبول بولبولی پیر
نەیخوێندوە بەستەی بەهاری
ئەوەی هەر ڕۆژەی نەغمێکی
بۆ ئێمە دێنا بە دیاری
***
هەڵناستێ نەکا نەمابێ
سایەی لە سەرمان لاچووبێ
ئاخ - نەکا دڕکی مەرگی وی
لە چاو و دڵمان ڕاچووبێ
***
ئاخ - بۆ دەنگێکی بانگی کا
ئاخ - بۆ دەستێک ڕایوەشێنێ
بەشکم هەر لە خەودا مابێ
سەرهەڵێنێ و بچریکێنێ
***
نا، ئەو بولبولەی دەیناسین
ڕۆژی وا لە خەو نامێنێ
زۆر ڕۆژی وام دیوە کە ئەو
خەڵکی لە خەو هەڵدەستێنێ
***
نا وادیارە بەجێی هیشتووین
چۆتەوە گەڵ "یاران"ی خۆی
"بارگەی" تێکەوە پێچاوە
قەدری ویشمان نەزانی - ڕۆی
***
با هەموومان بە تێکڕایی
بخوێنین "ناڵەی جودایی"
ئێمەین و "هەواری خاڵی"
مامۆستایە و "کۆچی دوایی"
***

گــوڵــزاری ئــەدەبــت خــەمڵانــد
بــە "ســـــروە"ت بـولـبـولـی شـەیدا
شـــادیــن – بــــەڵام چـریـکـانـدن
دوای تـۆ حـەیفـە لــەو بـاخـەیدا
***
هــەواڵــی مــەرگــی تــۆم کــە بیست
مـامـۆسـتـای بــەڕێــز و ئـازیـز
"بــــەرە بــەیـانــی بـــەهـــاری" م
لــێ بــوو بــە "ئـێـوارەی پاییز"
***
".. دوور قاقایەکم گـوێ لێ بوو
دەتـگـوت گـوڵـلـەم پـێـوە دەنــێ"
بـۆ مامۆستا – ئـی واش هەیە؟
بـــە تـــازیـــەدار پـێـبـکـەنــێ؟
***
"بــەڵــێ هـــەن و یـەکـجـار زۆرن
بـازرگـانـی فـرمـێسک و خـوێـن
بــەڵــی هـــەن و پــێ دەکــەنــن
بە سـەربـەهـەش بە مل بەکوێن"
***
ســـەدان "رێـبـوار"ت بـۆ دەگـریـن
ئـێـسـتـا کـە لـەنـێو ئـێـمـە نی
لـــەدوای مــەرگـت ئـەوەنـدە بەس
مـامـۆسـتـا – ڕەشـــە گـوتـەنـی:
***
"چـــاوەکـــانــم پـــێــڵاوت بـــوون
نـەتـبـردن یـان لـە بـیـرت چـوون؟
یـا نـە وەلات نـــاون بــۆ شین
لـە کـەو دەن ئـەسریـن و بگرین

# شین

**ب ج هێڤی***

کوردســتان ئیــرۆ خەمگینــە پــڕ شــین
هاتــی هــەواری یــا گەلــەک دڵتەزیــن
دڵــی نیشــتمان گشــت بوویــە بریــن
کــورد و کوردســتان تــەڤ دکــەن گریــن
گوڵیــد گوڵــزارێ ژینــێ قشــرین
کولیلکــی چیــا حەمــوو پەژمریــن
* * *
چیاییــد وارێ مــە تــەڤ مژوتەمــە
قــاز و قومــری، کــەو تێــدا بێدەمــە
ئاڤێــد زۆزانــا هــەر مەنــد و لەمــە
دلــێ خەلقــێ مــە بریــن و خەمــە
هێســر دخوشــن هــەر وەکــە چەمــە
ل چاڤــێ گەلــێ ژار و جگەرخیــن
بــۆ هۆزانڤانــێ جــان و دلحەبیــن
* * *
باشــوور و باکــوور هــەر ژێــر و ژۆران
کورمانــج و زازا گــەل گشــتی ســۆران
قۆچــان، بادینــان حەتانــی گــۆران
فەیلــی و لەکــی کەلهــور و لــۆران
تــەواوی کــوردی ســەر چەرخــا دۆران
حەمــوو رەش و هــەش چــاڤ ب هێســرین
ب ســەد فەغــان و ئاخیــن و نالیــن
* * *

* گۆڤاری سروە، ژمارە ٦، ساڵی ١٣٦٥ / ١٩٨٦.

حەمـوو كـورد زمـان ئیـرۆ ڕەش پۆشـن
درد و كـول مشـە، گەلـەک و بۆشـن
ل دەردێ هۆشـا زامـدار نەخۆشـن
بەحـرا رۆندیـکا تـە ژی لـە کۆشـن
بـۆ ڤەمرینـا چرایـا رۆشـن
خەمبـار و خەمـدار، خەمیـار و خەمگیـن
پێکڤـەد بێـژن شـینە، شـینە، شـین
* * *

ئەو کوردی زۆر چاک مێرخاسـێ مێر چاک
ژ قالـب فـڕی رووحـێ وییـێ پـاک
هەیڤـا عەسـمانێ شـەڤێد سـامناک
گـەش و شـەوقاوێژ گەلەکـی ڕوونـاک
ڕژییـا ژۆرداهـات ئـاخ کەتـە ژێـر خـاک
هەیڤـا چلڤلیـن کەتـە ژێـر زەمیـن
پـڕژکا ڕووح چـوو دونیـا یـا ژۆریـن
* * *

هالهـال ژ خەمـا گـران دڵبـداخ
سۆسـن ب ئەزمـان د بێـژە سـەد ئـاخ
کولیلـک کەسـەرێ دکێشـە ژ نـاخ
پێسـیر دڕانـدن حەمـوو گولێـن بـاخ
چلمسـین وەریـن گشـتی شـاخ بـە شـاخ
گوڵـەڕوون بەیبـوون حەمـوو پەژمریـن
هێسـر ل چاڤـێ نێرگـزێ وەریـن
* * *

جـەرگـی مێلاقە لـە داخـا ڕەش بـوون
ئەشکی شللێرە وەریـن و گـەش بـوون
بنەوش ئوستوخار سەر لە سەر لەش بوون
سورگوڵ و ئاسمین دڵ و ڕەش و هەش بوون
دلـی «هـێۆیـا» بـەر ئێشێ قـەش بـوون
کـراس دڕانـــدن ڕوومـــەت هـەڵـدڕیـن
کـومـا سـونـبلا کـەزکـێ خـوە بـڕیـن
* * *

ل شـەڤا نـۆزدێ هەیڤـا ئـاداری
یەکەمیـن مەهـا دانـێ بەهـارێ
ل سـالا تاڤـی ب ڤـێ هەژمـارێ
سێسـەد، شـێت و پێنج ل سـەر هـەزارێ
د ئورمییـێ دا تـاڤ کەتـە خـارێ
شـەماڵکا ژینـێ کـرە ڤەمریـن
ڕووحـێ پاک مەشـی و بـۆ خولـدا بەرین
* * *
تاریـک و ڕوون بـوو نەینـووکا ژینـێ
ناڵـەی جودایـی ل سـەرهەژینێ
توحفـا موزەفـەر ل ڕێنووسـینێ
هـەواری خاڵـی وارگـەی ئەڤینـێ
گـەل «پاشـەورک»ا ژیـن و ڤەژینـێ
ئـەڤ دەسـتکرانە ژ هۆسـتا دمیـن
گەلـەک گوڤـار ژی وی کـری نەقشـین

# نویَ جیَژنە

شەریف*

نــەمــاون بـیَـکـەس و گــــۆران عــەزیــزان
کــە شـیـعـری شـیـنـی هـیَـمـن دابــڕیَـــژن
گـوڵـی فـرمـیَـسـک و عـەتـری شـیـعـری تـازە
بــەســـەر خـــاکـــی مـــەزاریَـــدا بـــڕیَـــژن
مـــوریـــدانـــی پـــەرۆشـــی پـــیـــری گـــەورە
شــیــاوی نـــاوی بــــەرزی وی چ بـیَـژن؟
ئــەوانــەی چـاوەڕیَـی گـوڵ بــوون لــە ڕیَگای
دەبـــیَ دەردی دڕووی دووری بـچـیَـژن
بــەڕاســتــی تـــاڵ و نـاخـۆشـە کــە یـــاران
بــە دەســتــی خــۆ عــەزیــزی وا بـنـیَـژن
دەڵــیَــن نــویَ جـیَـژنـە مـانـگـیـش نـادیــارە
ئەتۆ مانگ بووی کە چووی، چۆن بوو بە جیَژن؟
چ جـیَـژنـیَ لاوەکـــان فـرمـیَـسـکی دووریــت
بــە بـیَـژنـگـی مــــژۆڵان دادەبـــیَـــژن
نــەبــوو نــووســراوەیــیَ تــەسکـیـنـی دڵ بیَ
قــەڵــەم ئــەمــڕۆ هــەمــوویــان کــاس و گیَژن
بــە شـویَـن تــۆدا گـەلـیَـکی دڵ بـریـنـدار
لــە لای کــیَ داخـــی دڵــیــان هــەڵـبـڕیَـژن؟
لـەبـیـرم نـاچـیَ ئـەو پـەنـدەی کـە فـەرمـووت
گــەلــیَ لــیَـکـدانــەوەی دوور و دریَــــژن:
دەبـــیَ ئـــاڵای شـیـعـر بـــڕوا بـــەرەو پیَش
ئــەگــەرچـی ڕیَـگـە زۆر هـــەوراز و لـیَـژن

* * *

نەمــاون بیَکــەس و گــۆران عەزیــزان
کــە شــیعری شــینی هیَمــن دابڕیَــژن

* گۆڤاری سروە، ژمارە ٧، ساڵی ١٣٦٥/ ١٩٨٦.

# شینی هێمن

مشەختی*

سـەد مخابـن نـاڤ مـەدا بـوو شـاعرێ ڕۆشـن ڕەوان
ئەڤـرۆ چـاوا ژمـە جـودا بـوو «هێمنـی» شـیرین زمـان
بلبلـێ باغـێ وڵاتـێ، شـاعرێ کـورد و جڤاتـێ
شـیعر و نووسـین هنـدە ڕێـک و هەروەکـی ئاڤـێ ڕەوان
ناڤوبانگـی شـیعری «خانـی» ئەووەلە «هێمن» ژی سـانی
لـێ وی ئـازار زێدەتـر دی، پێشـەوای هۆزانەڤـان
بـاس نەکـە، نەرمی و ئەڤینـی، علم و دین و کـورد حەبینی
دڵ نەتـرس و مەردەمێـر و عەقـل و هـوش دەریایـێ پـان
ئـارەزوو بـووم بـۆ دیـداری، شـیعری پڕتـام و وتـاری
شـینی یـا دلکـێ (مشـەختی)، هـەم پەسـەندێ شـاعران
سـەد درووده سـەر حەیاتـی، داخـدارم بـۆ وەفاتـی
حـەق نەبـوو زوو مـە بهێلیـت بـۆ خـەم و کۆڤـان و ژان

---

* گۆڤاری سروە، ژمارە ٧، ساڵی ١٣٦٥/ ١٩٨٦.

# بەهی نامە

دانا کاکە حەمە*

پیـری شـەیدا، مامۆسـتای عیشـق و سـووتان
خـاوەن بەهـرە، جوانپەرسـتی میهرەبـان
ڕێبـواریَ بـووی لـە دورگـەی عیشـقی خاکـدا
مۆمـی دەیـان شـیعری بـەرزت داگیرسـان
«تاریـک و ڕوون» شـاهیدی بێداریتـە
کەوتیتـە ڕیَ لەگـەڵ بوولێڵـی بەیـان
هـاوارت کـرد: هـەر کەسـیَ شـیری پاکـە
بـا هـەوڵ دات بـۆ وڵاتـی بـرک و ژان
«ناڵـەی جودایـی» سـکاڵای هەڵفـڕی
تـا بـارەگای خوداوەنـدی غەریبـان
«مامـە هێمـن» دونـدی «قەندیـل» بـووی ئەتۆ
بـۆ مـەرگ، خامـەی ئەتـۆی لێمـان فـڕان
کـیَ بـە قـەد تـۆ سـارد و گەرمـی چێشـتووە؟
کـیَ غەمـی کردۆتـە هەمـڕازی ژیـان؟
تـۆ رۆیشـتی و بەرهەمـت بـە یـادگار
دیارییـە بـۆ دڵدارانـی نیشـتمان
« مامـە هێمـن» خامەکـەم لاڵ و سـڕە
وەختـیَ کەوتیتـە هەنـاوی گۆڕسـتان
تـۆ هەمیشـە گۆڕەپانـی هەڵگـوردی
بـا تەرمـت دەس کاتـە مـل مـەرگ و نەمـان
میـری میـران! بنـوو بـۆ خـۆت تـا وەکـو
سـاتی ئاهەنگـی نەمـر و سـەروەران
ئەودەمـی هەڵسـە و تەماشـاکە گەلـت
چـۆن ئەتـۆی خسـتۆتە نێـو سـۆمای چـاوان!

* گۆڤاری سروە، ژمارە ٢٧، ساڵی ١٣٦٧/ ١٩٨٨.

## یادی هێمن

**شێخ عەبدولکەریم هیرانی،**
**وریا***

ماڵی وێرانم بە بەختی ڕەشی کورد، کەی زانراوە لە بەهاردا گوڵ هەڵوەرێ و بولبول بێدەنگ بێ؟ بەڵێ بەهاری ئەو ساڵەشمان پڕ لە خەم و پەژارە بوو، بە تایبەتی بۆ هونەردۆستان بەهۆی کۆچی دوایی ئەو شاعیرە مەزنەوە.

بەهاری ئەو ساڵەشمان کە ساڵی (١٩٨٦)ە، داخی گرانم دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی کورد و کوردستان لە لێدان کەوت و تەرمی ئەو شاعیرە مەزنە خرایە باوەشی خاکی پاکی کوردستان.

**گەر هەبێ شاعیر لەناوکوردا بەڕاستی "هێمن"ە**
**خۆشەویستی ئەو هەمیشە وا لەناو هەستی منە**
**شیعرەکانی وەک چرای ڕووناکە بۆڕێگەی خەبات**
**نووکی خامەی ئەو بەوێنەی چقڵی چاوی دوژمنە**
**مەردی مەیدانی خەبات و بولبولی باخی هونەر**
**شاعیرێکی پایە بەرزو بیرو بـــــــاوەڕ ڕۆشنە**
**«هێمن"ی شاعیر لەناو کوردا ناوی هەرگیز نامرێ**
**چونکە خاوەن بەرهەمێکی پڕ لە سوود و شیرینە**
**چی بکا "وریا" لە بۆ ئەو شاعیرە هێشتا کەمە**
**داخەکەم هیچ ناکرێ ڕێگای هەمووومان مردنە**

* گۆڤاری سرەوە، ژمارە ١٠، بانەمەڕی ١٣٦٦ / ١٩٨٧

## پێنج خشتەکیی مەلا عەبدوڕەحمانی فاتیحی
## لە سەر شینگێڕیی شێخ عبدلکەریم هیرانی، «وریا»
### بۆ هیمن*

ئەوگوڵەی ئاواتی گەل بوو پێم بڵێ بۆچی ونە
چاو لەتاوی خوێن دەڕێژێ دڵ لە تاوی کون کونە
خۆی نەماوە شیعرەکانی تیری جەرگی دوژمنە
«گەرهەبێ شاعیر لەناوکوردا بەڕاستی "هێمن"ە
خۆشەویستی ئەو هەمیشە وا لەناو هەستی منە"

«تاریک و ڕوون" بەڕاستی خۆشە وەک ئاوی حەیات
کۆچی "هێمن" ماتەمی خستۆتە سەرخاکـــی وڵات
کۆڕی شاعیران دەگیرا ئەو چرا بوو گـــــەر دەهات
«شیعرەکانی وەک چرای ڕووناکە بۆرێگەی خەبات
نووکی خامەی ئەو بەوێنەی چقڵی چاوی دوژمنە»

کۆ بۆوە ئەورۆ لەسەردڵ حەسرەت وداخ وکەسەر
باغ وگوڵزاری ئەدیبان بێ شەفافەو بێ سەمەر
داخەکەم بۆشاعیـری پیری لەشیعرا بەهرەوەر
«مەردی مەیدانی خەبات و بولبولی باخی هونەر
شاعیرێکی پایە بەرزو بیرو بــــــاوەڕ رۆشنە»

* دیوانی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی فاتیحی (چاپ نەکراو)

شەرحی دووری خۆشەویستان ناکرێت ونادرێ
ئەو هەموو دەردو پەژارە کوا لەدڵ لا نابرێ
شەڕ لەگەڵ خوادا بێ هوودەیە و بۆت ناکرێ
«هێمن"ی شاعیر لەناو کوردا ناوی هەرگیز نامرێ
چونکە خاوەن بەرهەمێکی پڕ لەسوود و شیرینە»

چیت لەدەست دێ "فاتیحی"لەو شینە هەر جێی تۆ کەمە
ژین بەبێ ئەو لەو زەمانە زۆر مەحـــــاڵ و ئەستەمە
مودەتێکە گـــــــــۆشەگیرم خواردنم دەردو خەمـــــە
چی بکات "وریـا" لەبۆ ئـەو شاعیرە هێشتاکەمە
داخـەکـەم هیچ ناکرێ رێگای هەمووومان مردنە»

## یادی هێمن

ف.محەمەدی*

دڵە هەڵقرچە دەسا، دیدە بە خوڕڕەم بگری
شین کە سۆرانی گەلۆ، هەوری خەفەت بۆ کزری
بووکی وێژە هەقە گەر بدڕی بەرۆکت ئەمرۆ
کۆچی بێ وادەی هێمن هەرە سەختە زەبری
کاری ئەمڕۆی نییە پیلانی لە مێژینەی چەرخە
تا دەگا دەستی ئەودا چڕ ئەنوێنێ غەدری
هێمنی ئێمەیە وا نووستە لە سینگی تۆدا
"گڵە مەرگت بێ ئەگەر گەرمی لە باوەش نەگری"

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی

## بەهاری زەرد

ج.ئاشتی*

وەرە هــاوڕێ وەرە ســەیری دەردم
لەســەر ئەم دەردە، بەهــاری زەردم

لێـک دەکەن ڕەنگی بەهــار و هی من
لــە پــەژارە و خەمی مەرگــی "هێمن"

وەرە بڕوانــە "مەهابــاد" ی مــە
کە جوانی و گەشــیی ئەوە شادیی مە

نایەڵــێ دەنگێ لــە دووی بێ ئۆخەی
بــێ لــە هــاوار و شــەپۆڕ و واوەی

هەرچــی بێگــەردە ملــی بــە کوێنــە
هەرچــی کوڵمــە بــە ڕنینــێ خوێنە

چەشــنی گۆڕخانێ بەســامن جێژوان
کیــژ و لاو لــەو کەســەرە وا شــێوان

هیچــی یــادی نییــە ئــەوڕۆ پەیمان
دەنگــی ئــەم ناڵە دەچێ بۆ ئاســمان

دەگ نەبــێ ژوانێ بە ڕەشپۆشــی بێ
دەردی دڵ کردنــێ بــێ خۆشــی بــێ

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ ی هەتاوی

سـەر نەوی کردنە بەرەوڕووی قوبڵە
خەڵکی "شوانان" و "گومرک" و "قوبڵە"

"ڕزگەیان"، "ئەرمەنییان" و "سیَ ئاش"
"تەپی تابانی"، "خڕێ" و "سەربەرداش"

پاکـی هـەرد دەکوتێ بەنێـو چاوانی
دەسـت بە ئەژنۆن هەمـوو تۆ نازانی

نوێـژی ئێوارەیـە چـۆک دادانـە؟
یانـە کڕنووشـی بـەرەو قەبرانـە؟

شـادی خەمبـار "بـداق سـوڵتان"ە
فەخـرە بـۆی هاتنـی ئـەم جیرانـە

کەچـی دەڕوانـێ وەکـو جارانـە
ئەمەگـی خەڵکـی نیشـانەی مانـە

هەرچـی فرمێسـکی گەشـە دەیڕێژن
نایدەنـە خـاک و لـە دڵ دەی نێـژن

دڵـە هەرچەنـدە برینـت سـەختە
گیـان لە لەش دەربچـێ لێرە وەختە

سەرێ با ڕوو لە دەرەی "لاچین" کەین
دوور لە چاوان بگرین سەر شین کەین

لە "موغارێ" و قەد و لووتکە و داوێن
بـە هەنیسـکی لە کوڵی بـەرد تاوێن

زێــدی تاســاو و پەشــێو ڕاژێنیــن
"ســارم" ی جــەرگ بــڕاو لاوێنیــن

هەڵگەڕێین بۆ ســەروو "شــیلاناوێ"
چــاوێ لــەو نێــوە بگێڕیــن تــاوێ

ئاخــۆ هــەر دار و کــەژی ئــەو نێوە
ڕەمزی ســەربەرزی و مەزنیی خێوە؟

ماوە شەوگوردی کوڕی گونداو گوند؟
مــاوە ئەو بیــری فڕی دونــداو دوند؟

مــاوە گوێگرتنــی تــووڕەی بلوێــر؟
کاتی خەو، لەو کەژ و شاخی زەنوێر؟

ئێستەکەش خۆشە شــەوی بێدەنگی؟
دێتە گوێ شــین و گڕووی یەکڕەنگی؟

دەردی دڵ کردنــی لەگەڵ ئەســتێران
دادەمرکێنــێ کــوڵ و کــۆی میــران؟

کانیــی دڵ ڕوونکــەرەوەی "پیرێــژن"
سەردە ئێستەش بە هەناسەی "هێمن"؟

شــەنگەبێری لــە شــوان دەڕوانــێ
بێتــەوە و کوێنــی ملــی پــێ دانــێ؟

"دێم و دێم" دێتەوە گوێی "خانم"ی دێ
گیــان بکێشــێتە پەنا پــەردەی گوێ؟

شـایی هەر ماوە "هەژار" هەڵببەزێ؟
دۆیەکی بێتـە دەس و جەرگی تەزێ؟

یانە لێـی نایە چ جووکـە و نووکە؟
ماتـە بۆو بولبولە سـەر بێ تووکە؟

دڵ کـە جـوێ نابێ لە قەبـران تاوێ
دەفـڕێ تەیـری خەیاڵـم تـاوێ

"کانـی پیرێـژن"ی "شـیلان ئـاوێ"
ئـاوی سـەرچاوەیی ئەمـڕۆ نـاوێ

هینـدە گریـاوە بـۆ یـاری گیانـی
پێڵـی دەریایـە کـەلاوی کانـی

ئاشـەکەی کـۆن و کەلاوەی سـەردێ
ئـاوەدان بۆتـەوە بـۆ شـینی نـوێ

بەردی بەرداشی "قەڵات" ەو "هەڵگورد"
سوێسـن و لالـە دەهـاڕێ ورد ورد

لـە بناری گـردی "هـەوارە بـەردە"
کەو سیاسـووتە و سووت لەو دەردە

هیند بە دەنگ بەرزی لە بەرزایی دێ
گوتی: جێی بەرزی دەوێ شینی دەوێ

هەڵگەرا بۆ سـەری کێوی "چەکوچی"
شینی شا شین بێ بە دەنگی چەکوچی

لــه "هــەواری ســەری کرماویلــێ"
شــوێنی هەڵدانــی کوڵــی دڵ کەیلــێ

شــەنگەبێری بــە هەنیســکان دەگری
شــوان نەما تاوەکو فرمێســک بسڕی

ئــەو "هەمیــن"ی کە بە دانــەی خاڵی
"هێمــن" ی بــردە "هــەواری خاڵــی"

پێــی فــڕێ داوە شــەدە و دەســماڵی
دەردی بینینــی هــەواری خاڵــی؟

"کێوەڕەش" سەربەهەش و ڕەشپۆشە
ژینــی کــەژ دوور لە هەڵۆ ناخۆشــە

دەردی ئــەو نــاوە بــە تینــی توانــە
وەرەوە خــوارێ خەیــاڵ لــەو بانــە

جــاڕی "بوندرغ"ە بــە باغی بێڕەنگ
وەکــو دایکێکــی هەتیوبــار بێدەنگ

کاکی جووتێری بەری "سەردەشــتان"
دوژمنــی کۆنــی وچــان و وەســتان

دەســتی قەڵشــیوی لە پاشــبارە شل
بــوورە دەدوێنــێ دژ و لارە مــل:

"کێیــە ئەمجــارە بــە ئەوکــی زێڕین
بۆم بڵێ شیعرێ کە ئارەق بێ و تین؟

پێـم بڵــێ چۆن لــە مەچــەک ڕابێنم؟
چــۆن لــە کار کاوی دڵ و ژن بێنــم؟

هەرچی شـینکەی کە لە دەشتی شینن
هەمــوو سەرشـین و خەریکی شـینن

شـینی شـینگێڕی گوڵی پەڕ پەڕ بوو
کە لە شینی گوڵی گەش پەڕ پەڕ بوو

وا خەیــاڵ لێــرەوە دەڕوا لە سـوێی
ناڵەیــی "سـروە"کە بابە لــە کوێی؟

هەوری بــۆری سـەری "گۆلی ورمێ"
بە کـزەی سـروە قژی خـۆی دەڕنێ

هەور و ئاو هەر دوو لە باوەش یەک دان
قەت نەبوو هیندە نەوی بێ ئاسـمان

بەسـیەتی بیـری دڵــی شـێواوم
وەرە لای دڵــی لێقەومــاوم

شینە دڵ، سـووری ئەتۆ، زەردم من
بــا بدەیــن دەورە لە گڵکـۆی "هێمن"

ناڵەمــان گەرمــی بـکا دیلانــێ
نــەک بڵــێ ڕەشـبەڵەکی مـن کوانێ؟

چــاوە هەڵچــۆڕە بە ئاهەنـگ بگرێ
دڵــە سـەرچۆپی بــەدڵ بــۆ بگـرێ

تـۆم کە ناسـی بە خەیاڵـم لەو بوو
پـێ گەیــی بیــری مناڵـم لــەو بـوو

هەستی بێ خەوشی ئەوینم لەو بوو
بیری ڕازێنەری ژینم لەو بوو

بیری سووتان وەکو خۆری سەرکەل
وەکو مۆم ڕوونکەرەوەی بەزمی گەل

بیری: شەوگارە کە دیلی چوونە
بیری: هیوام بێ کە "ئاسۆ ڕوونە"

شوێنی ئەم پەندە لە دڵ هەر مانە:
لە ئەوین ڕایە کە دنیا جوانە

دڵە بۆ یەکتر ئەمە ناسیاوین
هەر خەیاڵە کە فریوی داوین

ئەگینا کوا وزە بۆ ئینسانێک
لێرە ئەورۆ هەیە بۆ دیلانێک

شەرتە تۆ یادی بکەی هەر ساتێ
بۆ گرین هەوری بەهار نەمگاتێ

تاکو ئەو میسرەعە بۆم بێتە ژوان
"تەک و تەنهام و عەزیزانم کوان؟"

دەست لە مل بووکی ئەوین هاڵێنم
لە گەلی گەرم و بە هەست ناڵێنم

بە موژەو جەوهەری سووری ئەسرین
هەر بنووسم شەو و ڕۆژ شیعری شین

## یادی هێمن

سەید ئیبراهیم ستوودە*

بەهـــارە و کاتی بـــەزم و جامـــی گوڵڕەنگ
بـــەڵام گوڵ ســـینەچاکە و خونچـــە دڵتەنگ

بەجێیـــە گـــەر بڕێـــژێ چـــاوی گـــەردوون
بـــە ســـەرچاوەو چیـــادا ئەســـری گوڵڕەنگ

وەنەوشـــە مـــل کـــز و ســـۆرانی شـــینە
زمانـــی سوێســـنی شـــیرین زمـــان لەنـــگ

چلیخانـــەی دڵـــی ناســـک خەیـــاڵان
پەشـــێواوە وەکـــو توغـــڕا بـــە چلچەنـــگ

بەڵـــێ ڕەنجـــی جیهـــان ژەنگـــی دڵانـــە
دڵ ئەر ئاســـن بێ ئاســـان کـــون ئەکا ژەنگ

"هەوارگـــەی خاڵـــی" و "ناڵـــەی جودایـــی"
بە شیوەن ساز دەکەن شوور و نەوای چەنگ

نـــەوای شـــین، نـــازی نـــەورۆزی گوڵانـــە
لە زەخمەی چەرخی چەپگەردی کەچ ئاهەنگ

---

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ ی هەتاوی

لــه گڵ دەرهاتــووه ئــاڵای ســپای گــوڵ
بــەڵام شــای وێژه گڵکــۆی کــرده ئەوڕەنگ

زمانــم لاڵ دەڵێــن چەرخــی چەمەر پشــت
هومــای مــن هێمنی بــردووه بــه نەیڕەنگ

درێغــا هێمنــی شــیرین زمــان چــوو
خودانــی شــەوق و زەوق و فام و فەرهەنگ

نییــه هاوگەوهــەری شــیعری لەتیفــی
مەگــەر ئاونگی ســەر کوڵمی گوڵی شــەنگ

نەبــوو هاوڕەنگــی ڕێحانــی خەتــی وی
مەگەر موشــکی تەتەر یا نەخشی ئەرژەنگ

بەچوونی ئەو نەهات هات، هات لەدەس چوو
چ هــات و چۆیــه ئــەی بەختی ســیاڕەنگ؟

لــه پێــی ئامانجــی هــۆزی خۆی نەترســا
له دەرد و ڕەنج و کۆسپ و بەند و سەرچەنگ

"ســتووده" مەرگــی هێمــن کاســی کــردی
مەنــات ناکــەم ئەگەر ماتــی، ئەگەر مەنگ

لــه دڵ بەردیــت بوو قــەدری ویــت نەزانی
بەڵــێ بــێ باییه گەوهــەر لەلای ســەنگ

# شینگێڕی

**خاڵەمین***

شـاعیری میللـی، هێمنـی کاکـی
لال بـم ئەوڕۆکـە دیلـی ژێـر خاکـی

تـۆ لەشـت مـردووە گیانـت هـەر بـەرزە
ڕێـز لە تـۆ نان لـە سـەر هەمـان فەڕزە

تـۆ چرایەکـی پـڕ لـە پڕشـەنگی
دایکـی نیشـتمان بـۆت دەکوتـێ سـنگی

شـێرە ڕۆڵێکـی کـورد و کوردسـتان
ئـاخ کـە مەرگـت بەهـاری کـردە زسـتان

حاجـی و پیرەمێـرد و هەرچـی نەمـان
ڕاسـتی تـۆ هەبـووی لـە جێی هەمـووان

ئەدەبـی کـوردی هـەر لە تـۆ جـوان بوو
شـیعری تـۆ ڕابـەری هەموومـان بـوو

خزمەتـی تـۆ بـە گـەل گەلـێ زۆرە
نەتەویـت ئەوێسـتێ سەرشـۆڕە

گەنجەکانـت گەلـێ گەیاندوونـێ
لـە پلـەی پێشـێ تـا تەواوبوونـێ

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی

ئـەو جحێڵانــە گەرچــی زۆر گەنجــن
خــۆ ســپاس بــۆ خــودا هەمــوو گەنجــن

ســروەکەت چەشــنی ســۆزی کوێســتانە
نێــوی پــڕ میــوە، بــاخ و بێســتانە

ئــەی جحێــڵان و خوێندەوارانــم
جێــی هۆمێــدی دێهــات و شــارانم

داخــە ســروە هەتیــو بــێ دوای هێمــن
ئێمــە شــەرمەندە بیــن لــەلای هێمــن

ئینتیشــارات هــی ســەلاحەددین
ســروە و مــروە دەربخــەن چینچیــن

لــە وتووێژەکانــی بــا یــاد کەیــن
گیانــی مــام هێمنــی پــێ شــاد کەیــن

خــاڵ و خەڵکێکــی زۆری کــرد ڕەشــپوش
خــۆی کــە ڕۆیــی وتــاری جوانــی خــۆش

جا ئەوێســتا کــە "خاڵــە" دەس بــە دوعا
بــۆی بپاڕێینــەوە هەمــوو لــە خــوا

ئــەی خــودای ئاســمان و هــی هــەردی
ئــەی پەنــا و پشــتی میللەتــی کــوردی

هێمنــە و هێمنیــش بــوو بــی بەخشــە
ئــەوی بیبەخشــی خــۆش و خۆشنەخشــە

## یادی هێمن

هەژار*

کاک هێمن برای شیرینم
چاوان دەگێڕم ناتبینم
زل کوێران دەڵێن مردووە
کۆچی یەکجاری کردووە
دڵەی پڕ کڵۆڵی هەژارم
گیانی بێ ئۆقرە و قەرارم
بە مەرگی تۆ باوەڕ ناکا
چۆن بێ منی لە توێی خاکا؟
تۆیەک هۆگری منداڵیم
هاوشکڵ و هاوکرچ و کاڵیم
هەمدەمی دەمانی لاویم
تەواوکاری ناتەواویم
هاو هەنگاو لە ڕێی خەباتا
هاوبەش لە هات و نەهاتا
هەوەڵ دڵداری کوردستان
هاوپێشمەرگەی زێدپەرەستان
هاوسروود خوێن؛ بۆ ئازادی
بۆ ڕزگار بوون لە بێدادی**
هاوسەنگەر دژی داگیرکەر
نامۆی خوێنمژی سەرەخەر
هاوقەتار لە دەربەدەری
بە هەژاری و خاکەسەری

* گۆڤاری سروە، ژمارەی ١٢ ، ساڵی ١٣٦٦ / ١٩٨٧
**لێرەدا مامۆستا هەژار ئاماژە بە خەباتی دوو قۆڵیی خۆی و هێمن دەکات لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوی

هاوقەڵەم؛ هاوبیر و هاوهەست
هاو زمان؛ هاودڵ و هاودەست
هەر یەکێک بوو "هەژار هێمن"
منیش هەر تۆ بووم، تۆش هەر من
ڕووحێک بوین دابەش لە دوو لەش
دوو لەشی ماندووی بەخت ڕەش
پەیمان بوو بە جێم نەهێڵی
وێڵم نەکەی لە شوێن خێڵی
باری خەم وێکرا هەڵبگرین
دواجاریش پێکەوە بمرین
تۆی کوردی وا خاوەن بەڵێن
چی تۆی کردە پەیمان شکێن
گەوی بەین و بەقات هەڵبوارد
خۆت بە ئاسوودەیی ئەسپارد
لا باری خەم خواریت لادا
ئەویشت بە مل مندا دا
جارز بوی لە دنیای بێ فەڕ
دونیای پڕ لە دەزبڕی و گەڕ
دونیای وڕ و گێژ و کاسان
گەوهەر و ئەمەک نەناسان
دونیای بازاڕی نامەردان
دونیای خەم و کوڵ و دەردان
خەلەسی لەدەم هار و مار
تەکیەوە لەو ژینی گەمار
ژیانی پڕ ژانی بێ دەرمان
گەیشتییە هەواری هەرمان
بۆ ئەو کۆچەی بێ من کردت
ئەو بەشە خۆشیەی تۆ بردت
زامی گیان و دڵ بە سۆیە
شین بۆ خۆمە نەک بۆ تۆیە

خۆزگە بەر لە تۆ دەمردم
تۆ شیوەنت بۆ دەکردم
دوور لە تۆ دڵگۆمی خوێنم
بە گازندەوە دەتدوێنم
منیش وەک تۆ قەڵسم لە ژیان
«بۆ چت جێ هێشتم هێمن گیان؟»*

* ئەم نیودێرەی دوایی بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ساڵی وەفاتی مامۆستا هیمن: (١٣٦٥)

# مندەڵێم

حاجی حوسێن حەداد*

مندەڵێم فیردەوسی کوردان هێمنە
من دەڵێم حافز بۆ کوردان هێمنە
شیعری شاخی وێردی زمانی هێمنە**

پەسنی کوێستانی وەڵاتی شیرنە
شینی هێمن شینی پێشمەرگەی ونە
زمانی وەک خانی و جزیری و مەولەوی
زمانی پاراوی سۆرانیی هێمنە

کێ دەتوانی هێمن ئاسا جاڕ بدات
کێ بوو وەک ئەو پەسنی گوند و شار بکات
نییە لە قامووسی کەسدا بەم وردییە
ئارەق و تین خۆی شاکاری هێمنە

زیڕەی زەنگی دەنگی هێمن لای‌منە
کڵپەی ئاگری ناو ئاوێستا هێمنە
ئەو شاسوارەی تەنیا پێنووس بوو چەکی
مەتەرێزی شەڕەف«گر» هەر هێمنە

کێ هەبوو باسی وەڵات و هەرد و کێو
کێ بوو زوڵمی حوکمی شاهەنشای دزێو
کێ بوو باسی سووت و سات و دەست بڕین
بنووسێ وەک مێژوو ئەویش هەر هێمنە

* ماڵپەڕی دیمانە، یادی ٢٠ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن، خاکەلێوەی ١٣٨٥، ،
** ئەم بەندە نیوەدێڕێکی کەمە، بۆمان ساغ نەکرایەوە.

لاوی شەنگ و کچی چەلەنگ و نازدار
پێشمەرگەی، شاخی چالاکی شاسوار
بووکی ڕازاوەی زۆزانو لێرەوار
ئەو کەسەی کردی بە تابلۆ هێمنە

ئەو دەنگەی شوانەی هێناوە لێرەوە
ئەو گۆرانییەی ماملێ بە بلوێرەوە
وەسفی زمزیران بە ئاو هەڵدێرەوە
ئاغاش قەتناگرێ بەنۆکەر هێمنە

ئەو کەسەی خۆزگەی بە شوانان خواستووە
بازگەی شیعری بۆ لاوان هەڵبەستووە
قەت! لە ژیانیدا، بوتی نەویستووە
هەر کاروان سالاری نوێخواز هێمنە

ئەم: بوێژەی شیعری ڕووتی وتووە
ئەو بوێرە کوڵمیناسکی گەزتووە
ئەو هەستیارەی هەستی جوانی بزاوتووە
ئەم: بوێژە پاڵەوانەش هێمنە

ئەو سوار چاکەی ئەسپی شیعری تاودەدا
ئەم دڵ«داوە»ی سەریدڵداری دەدا
ئەو کەسەی باسی هەوارمان بۆ دەکا
خاوەنی هەواری خاڵی هێمنە

ئەم شەوارەی کەشەوان دابەش دەکا
ئەو پێشەنگەی ڕێی سەرکەوتن خۆشدەکا
ئەو نۆشدارەی باسیژان و ژەنگ دەکا
شارەزای ئاسۆگە و سەرکەل هێمنە

ئەو ڕێبوارەی قەت لەڕێ ماندوو نەبوو
ئەو چاوتێرەی هەرگیز چاو لە دەست نەبوو
ئەو شاسوارەی دێوەزمەی تۆقاند بوو
خەییامی خەمخۆری خۆمان هێمنە

ئەو کەسەی هەڵکشا بەرەو ئاسۆی وەڵات
ئەو کەسەی تەسلیم نەبوو بە دەسەڵات
ئەو کەسەی گاڵتەی دەکرد بەلات و پات
مەولانای ڕۆمی کوردستان هێمنە

ئەو ئەمینەی چوو بۆ لای پیشەوەری
پێشکەشی کرا ناوی گەورە شاعیری
ئەو سەییدەی، بۆ پێشەوا شیعری چڕی
شاعیری میللی کوردستان هێمنە

ئەو وەرزێرەی شارەزای کوێرەوەری
ئەو«وریا»یەی بنەماڵەی مەلای چۆڕی
بەننای پەخشان بۆ توحفەی موزەففەری
ئەو شاکارە ڕەمزی زمانی هێمنە

ڕق ئەستووری بەندیخانە و بەندی دیل
سوورتر لە سەر داواکەی لە ژێر زنجیر
ئەو کەسەی جەلالدی کردەڕێوی پیر
ئەو کەسەی نەتوایەوە هەر هێمنە

ئەو کەسەی بەم چوارێنە کوردی هەژاند
هاتە مەیدان دێوەزمەی هاری تۆقاند
ڕووحی تازەی خستە شۆڕشی تازەوە
چارەزانە، قارەمانە، هێمنە

تەرمی نێژراوە لە بوداق سوڵتانی
چۆتە ڕیزی مەلای جزیری و خانی
بەرزە وەکو سێ کوچکەی بابانی
تاقە سوارەیە هێمنی موکریانی

ئەوسوارەی تاق بوو لەسوارەی لاچین
ئەو تەرمەی بۆی چوونە قەڵاتێ سەرشین
ئەو تەمەی گرتی سەری شیلاناوێ
شیعری هێمن بوو گوتی! من دیلیم ناوێ

بەستەی هێمن بوو گەڕا، گوندا وگوند
بیری هێمن بوو لە سەر ترۆپکی دوند
ئێستەش تووڕەی بلوێری شوانان ماوە
شەنگەبێرییە، بانگبێژی شار و گوند

کانی پیرێژنێ هەتا ئێستاش ماوە
ئاوەکەی ساردە دەڵێی بەفراوە
ئەوکانیەی بەهەناسەی هێمن ساردبوو
لەم سەر ڕێگایە بۆ هێمن خێراوە

شەنگەبێری لە پەساری بەرکانێ
وێڵی ڕێی شوانەو لەڕێی دەڕوانێ
بێتەوەو کۆڵی لە کۆڵێ دانێ
کوێنی پێفرێداو لەڕووی بڕوانێ

دێم و دێم، ئێستاش لە شاران هەردێ
لاوی خوێن گەرم لە ڕووی داگیرکەر دەتفێ
دێم و دێم نەبڕا لە شاری هەر دێ لە دێ
مووژدە لاوان! دەنگی گووڕڕەی هێمن دێ

ئاشەکەی کۆن و کەلاوەی ژووروووی دێ
ئاوەدان کراوەتەوە بۆ ڕاوچی نوێ
دەنگی بەرداشی زراوتۆقێنی دوژمن
وەک هەوری بەهاری هێمن دێتەگوێ

کێوەڕەش هەر وەکو پێشوو ڕەشپۆشە
ژینی«کەژ» دوورلە «هەلۆو باز» بێخرۆشە
شەنگەبێری لەهەواران تۆراون
شوان لەدوای «ڕان»ی بێخاوەن ڕەشپۆشە

مەیخانە وەک پێشوو نەماون باقی
مێزەکە شکاون و، ملی سووراحی و ساقی
مەیخانە پڕنلە زەلامی بێ خەم
کوانێ هێمن؟ بکات ڕێنوێنی ساقی

ئەو «هەمینەی» کە دڵەکەی هێمنی برد
هێمنی بە «پێ» گەیاندە هەواری هەڵگورد
نە بۆ خۆی ما نە شەدەو دەسماڵی
هەرلەسەر دڵانە هەواری خاڵی

شینی «شیناوێ» شنەی ئاوایی
هەر لە خۆی جوان بوو تەباییو برایی
ئەو کەسەی نێڵەی بەشۆڕشی نوێدا
ئاگری هێمن بوو بە ناڵەی جیایی

سەیری جەعفەر بکە، کە دەدوێ بۆخۆی
شنەدڵ! زەردم ئەمن؟ سووریش تۆی
وەرەبا دەورێبدەین لەدەوری گڵکۆی
هێمنەو، وەسییەتی کردووە بۆخۆی

بـابـه نـاڵــەی دڵــمسـازکــەم دیـلانـێ
گـەرمـەشـیـنـێ، چــەمــەرێ، گـریـانـێ
چـۆپـی بگـریـن و بـەلـەز هەڵببەزین
نـەک بڵێ ڕەشبەڵەکی سـەرگـۆڕم کوانێ

چـاوی هـەڵـچـۆڕانـدووە جەعفەر دەگـری
هـەڵـدەپـەڕێو بـەدڵ سەرچۆپی دەگـری
هــەردەبــێ وابــێ وەفــای کـوڕ بـۆ مامی
کێ دەتـوانــێ بەکوڵ هەڵپەڕێ و بگری

شینـی شــەوگــاری حـاجـی سووتـانـە
فرمێسکە، هەنیسکە، گـریـانـە، ژانـە
یــادی هێمن گــڕی بــەردایــە جەستەم
هـەر لە ئەمەک ڕایـە، کە دونیاجوانە

دڵــە دەی بـۆ یــادی هێمن هـەرساتـێ
شـەرتـە وەک جەعفەر هــەور نەمگاتێ
هــەر کـاتــێ یــادی بــۆدڵ هــاتــەژووان
دەست بکەمە ڕۆ، ڕۆ، پــەژارەو لەخۆدان

دەسـت لە ملو گـەردنـی قەڵەم بئاڵێنم
ئـەسرین هـەڵـڕێـژم و بـەگـوڕ بناڵێنم
بـە دەسـتــی سـسـتو سـەری تـاسـاوم
شیعری شین بنووسم هـەتـاکوو ماوم

# یادی هێمن

ئەحمەد دەشتی*

که هەتاوی خۆشەویستی
ون دەبێت و بێ نوور دەبێ
چی ڕووناکیی سەرزەمینە
دەنێو چاڵی تاریکیدا نوقم دەبێ
که جەنگەڵێ گڕ دەگرێت و
هەرچی لێڕ و دار و گەوە، دەسووتێنن
چی ڕووبار و کانی و ئاوە
قەتیس دەبێ و هەڵدەچۆڕێ
که بەفری لووتکە و قەدپاڵان
دەتوێنەوە و ڕەش دەبنەوە
چی گوڵ و گیای سەرزەمینە
وەسەر برین دەکەونەوە
کاتێ تیشکی خۆرەتاوی ئەم جیهانە
پەڕ و باڵی خۆی ناوێژێ
چی سروودی ئێش و ژانە
دادەمرکێ لەو ژیانە
کاتێ زەمین و ئاسمان بە یەک دەگەن
گوڵ دەوەرێن
لە نێو دەچن گیانلەبەرانی سەر زەوی
تەنیا وشەی بەرز و شیعرە لەو نێوەدا
هەڵناوەرێن
ئەی خاوەنی شیعری بەرزی «شەنگەبێری»
تۆ بە تەنیا ئەستێرە نی: کە کۆچت کرد

*– سروە، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢٢، بانەمەڕی ١٣٦٧/ ١٩٨٨،

وا به خاڵی ماوەتەوە هەواری من
تۆ بارڕن نی کە نەباری
گوڵی گەنم وشک بن و هەڵپرووکێن
تۆ ئەو مرۆڤە مەزنەی کە
هەتا هەتا شیعرەکانت وشەی گوڵن
هەڵناوەرن
بە کۆچی تۆ
نەک هەر کوردستان دەلەرزی
بەڵکوو هەرچی مەزن و هونەروەرە
ئاڵای پرسەی تۆ هەڵدەگرێ بۆ سەربەرزی
کڕنووش دەبەن بۆ تەرمەکەت
بۆ مەزارە خەمگینەکەت
بۆ تاریکی و ڕووناکیەکەت
بۆ بیر و ڕای هەستی بەرزی دیوانەکەت
بە ناڵەناڵ بۆ جودایی هەتوانی ژین
دەبیننەوە
لە فێنکایی سروەی هێمن
لە نێو کێڵگەی قەتماغەکان ناوی بەرزت دەنووسنەوە

# تامەزرۆ *

**هاوار**

مـن کـە مەحکوومـی نەمانـم پـڕ بـە دڵ مانـم دەوێ
نیوەنـووزەم تاکـوو مـاوە هێـزی هەسـتانم دەوێ
ڕەوڕەوەی بەختـم شـکاوە و دواهەناسـەی ژینمـە
بـۆ ئـەوەی نەمـرم بمێنـم ئـەم چەلـەش قانـم دەوێ
ویشـکە سوێمە و سـووری هاوینە و گەوەی سـەختم لەپێش
ئـاوی ڕوونـی کانیـاوی بـەر بنارانـم دەوێ
ئـەو دڵـەی بژوێـن بـوو ئێسـتێ شـۆڕەکاتە، قاقـڕە
تـا دەمـێ ئۆخژنـی بێتـێ ڕێژنـە بارانـم دەوێ
ویسـت و داخـوازم وەدی نایـە لـە پاوانـی خەمـا
کـۆڕی یارانـم دەوێ، کواشـاری مارانـم دەوێ
چیـدی ئەسـتی و بـەردی تیروتانـە بـۆ مـن لێـک مـەدەن
بۆچـی سـەرکۆنەم دەکـەن ئینسـانم و ژیانـم دەوێ
بـێ ئـەوەی خۆشـی ببینـم ژینـی دیلیـم بـردە سـەر
پاشـی مەرگـم، دەوری تەرمـم گەرمەدیلانـم دەوێ
تاریـک و ڕوونـێ بـەرەو ئاسـۆ وەڕێ کەوتـم کەچـی
دیـم «هـەواری خاڵـی» بۆیـە «سـووڕی دەورانـم» دەوێ
سـازی ناسـازە دڵـم «تاوانـی بـێ هێـزی» منـە
سـەردەمی مـردن بڕسـت و هێـزو هەتوانـم دەوێ
دڵ شـکا، دەنگـی بـڕا، «هـاوار»ە لـەم ڕۆژە ڕەشـە
هاودڵێکـی دەردەداری یـەک دڵ و گیانـم دەوێ

---

* گۆڤاری سروە، ژمارە ٧٥، ساڵی ١٣٦٥/ ١٩٨٦.

## یادی هێمن

حوسێن شینکی*

سروە بەڕاستی سروەی بەیانی
گلێنەی چاوی هەموو کوردانی
وەک سروەی بەیان گوڵ دەپشکوێنی
بە نووسراوەکەت دڵ دەبزوێنی
ئەوا دەمێکە سریوەت دێتە گوێ
دەنگی دایەوە «لە کوێ وە بۆ کوێ»
بۆتە مەرهەمێ بۆ زامی لەشمان
دەدرەوشێتەوە ئەستێرەی گەشمان
زۆر بەرزە ناوی سەلاحەددینت
ناوی گۆڤار و شیعری شیرینت
پەند و هەڵبەست و چیرۆکەکانت
شیعری لاوان و مەتەڵی جوانت
وەک گوڵی بەهار هەموو خەملاون
بەڵام ماوێکە سیس و داماون
لام وایە هێمن ئاودێری گوڵان
پەژارەی خستە نێو هەموو دڵان
ناوی هێمن بوو لە نێو دڵاندا
بۆنی هێمن بوو لە نێو گوڵاندا
شیوەن و گریان شایانی ئەوە
ڕێگا بی ڕێنوێن تاریکەشەوە

*سروە، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢٢ ، بانەمەڕی ١٣٦٧، ،

## یادی هێمن

**مستەفا کوێستانی***

کە خونچە دەدوێ ئەسرین دەڕێژێ
بەستە خەزانی وشە دەبێژێ
دەبێ کازیوەی سروشتی هونەر
بەرگی ماتەمی تۆی بکرێتە بەر
لە جەوری ڕۆژی بەهارێکی زەرد
بیست میلیۆن تەزووی ژانی کردە بەرد
بەناو بەهار بوو پاییز بوو ڕاسا
شای باغی شیعر لە سروشت تاسا
عوود و کەمانچە، ئاواز لەگەڵ تار
ماتن ئەمڕۆکە لە لادێ و لە شار
بێ نەزمی نەغمەی بەستەی ئازادی
موکریان چۆڵە و چوارچرای شادی
سابڵاغە و دوندی قەندیلی سەرکەش
چۆن رازی دەبێ بکرێتە چوار بەش
شارەزوور دەشتی مەحشەری خوا بێ
هێمن نیشانەی شیعری پێ دابێ
سندی و بادینان پشدەر و بتوێن
هەر هەڵۆی سوورن کە بۆ گەل دەدوێن
بە وشەی گەرمی وەک گوللەی بڕنەو
لێت بێبەش نەبوو دوژمن ڕۆژ و شەو
هەر هێمن دەدوای بە پەخشانی سوور
سەنگەری چیات کردبووە ماڵ و ژوور
تۆ بووی بە گوللەی سووری دوژمن کێڵ
لە دووی ڕزگاریی گەلت وێڵ بووی وێڵ

*سروە، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢٢، بانەمەڕی ١٣٦٧ / ١٩٨٨

تۆ بووی شامەلی کوێستانێکی دوور
تۆ بووی سەرقافلەی عەشقی بێسنوور
ئالآی سەربەستیی شیعرت کە هەڵکرد
مەلۆتکەی بێشکەت لە خەو بێدار کرد
مەدالیای عیشقی ئازادی و ولات
لە پەردەی هۆشتا خەلآت بوو خەلآت
تۆ بووی هێمن و هێمنی کوردی
پیرۆز بێ ئەوەی هێمنی کردی
تۆ بووی بە هەستی پاکی کوردانەت
بە نووکی خامەی سووری مەردانەت
تۆ بووی بە هێزی شان و وشەی بەرز
شاکاری شیعرت دەخستە سەر عەرز
نەخشی دیمەنی گەلت والآ کرد
تیرت لە جەرگی دوژمنتا ڕاکرد
پەخشانە کەزیەی سەرشانی بێری
ببووە چیرۆکی عیشقی هەڵدێری
دەڵێن ئەمڕۆکە شای شیعر فڕی
باڕەشە هاتووە گوڵێکی بڕی
وەستای پەیکەرتاش هێمن لە شێعرا
زۆر بە ناکامی لە ژینا پێکرا
ئەمڕۆ ئاواز و پەخشانی قەشەنگ
بەرگی ماتەمی پۆشیوە بیدەنگ
لە لووتکەی هیوا خەزانی پاییز
تەنانەت باخیش ماتەمن بە ڕیز
بۆ ئەو ئازیزەی کەوا چەند ساڵە
شەیدای خونچەیە و دوو لێوی ئاڵە
خونچەی تەمەنی ئەو کەڵە پیاوە
فڕی لە گوڵزار ژینی تەواوە

بــۆیــەش ڕەوەز و دونـــد و بـــەرزایـــی
ســــەری نــــەوازش ئـــەدەنـــە دوایـــی
گــوڵــە شــلــلــێــرەش دوو چـــاوی ســـووری
ســـوور هــەڵــگــەڕاوە و نــایــیــا ســەبــووری
هــێــمــن ڕۆیــشــتــی و بــاغــی هــۆنــراوە
بـــە وشـــەی گــەشــی شــیــعــری تـــۆ مـــاوە

## یادی هێمن

سەید کامیل ئیمامی*

کۆچی کرد بولبولی گوڵزاری ئەدەب
دەرکی بەسراوە هەموو شاری ئەدەب
ڕەونەقی هۆنەری کوردان ڕۆیی
لە برەو کەوتووە بازاڕی ئەدەب
کەی بەهار وابوو کە گوڵ پێنەکەنێ؟
گوڵ و گیا بگری بە ئازاری ئەدەب
ڕۆیی ئەو هێمنی زاناو و بەڕێز
مانگە ئاوا بوو لە گۆڤاری ئەدەب
پیر و لاو ڕێکی بە گریان و دەڵێن
داخەکەم ون بووە ئاساری ئەدەب
خۆشەویستی گەل و مامۆستا بوو
پاکی ڕەشپۆشە سەر و خواری ئەدەب
ڕێ کەوت قافڵەیی شیعر و هونەر
وەک دەڵین کەوت و نەهات باری ئەدەب
مەنزڵی شاعیرەکان تاریک بوو
دەرکی بەسراوە بە بزماری ئەدەب
چاوی (ئاوات)ە وەکو گۆمی خوێن
بۆ لەکیسچوونی کەسوکاری ئەدەب

* سروە، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢٢، بانەمەڕی ١٣٦٧ /١٩٨٨، ،

## شینگێڕی

ش.نانەوا*

دێڕی هەڵبەستەکانی من
وەک نیونیگای چاوی مەستت
کە جاروبارلە دیمەنی
بێ دار و پۆی چاوی ماندووم دادەمێنێ
ناتەواوە
دووچاوی تۆ وەکو نەرگس
بە شنەی شەماڵ دەشنێتەوە
ئەوینی تۆ
وەکو شەمی سەر چاکەکان
بەدەم هەناسەی گەرمی خۆت
ئارام ئارام ئەتوێتەوە
پەپوولەکەم!
ساڵەوەختێک بەهار نەهات
تاسەی ئەوین
بە دەم بەهار پێ نەکەنی
شەم کوژاوە
گوڵ ژاکاو و سیس دەنوێنێ
لە داخی زامی بێکەسی
بە دەنگی پڕکوڵی ئەوین
شین دەگێڕێ
بولبولی خۆشەویستی دڵ
لە دوور وڵاتێ مردووە

*سروە، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢٢، بانەمەڕی ١٣٦٧ / ١٩٨٨

# شینگێری

**مارف ئاغایی***

ئــەو خــەمــە مــانــگــرتــووەی نــاخــی دڵــم
ئــەو خــەمــەی ژاکــاوە پــێــی بــاخــی دڵــم
تــۆ بــڵــێــی ڕۆژی لــە قــەلــبــم دەرکــەوێ
نــا، مەگەر ئــەو ڕۆژە، خــۆی بــۆی دەرکــەوێ
مــاڵــی قــەلــبــم زۆر بــچــووکــە و جــێــی نییە
بــێــتــە دەر بــێ وەی بــزانــی ڕێــی نییە
ڕێــی هــەنــاســەی تــەنــگــی مــن بــبــڕێــتــەوە
لاپــەڕەی ژیــنــی بــە ژان بــســڕێــتــەوە
چــەنــد وشــێــک جــێ مــێــنــێ لــێــم بــۆ یــادگــار
لێی بنووسرێ دونــدی گوند و سینگی شار
پــاشــی مــەرگــە ژیــنــی جــاویــدانــی ئــەو
مــردنــی ژیــنــە بــەڵام ژیــنــێــکــی نــەو
ژیــنــی نــاوبــانــگــە کــە هــەرگــیــز نــامــرێ
ڕوون دەکــا ڕەنــگــی ڕەشــی شــەوگــاری ڕێ

---

*سروە، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢٢، بانەمەڕی ١٣٦٧ / ١٩٨٨

# بۆیادی هێمن

مستەفا ئیلخانیزادە*

ئازیزەکەم
من کەژاوەی گریانی تۆ چۆن هەڵگرم
باری خەفەت هیند گرانە
لە توانای مندا نەماوە
چەماوە پشت
کووڕ بۆوە مڵ
دایم فرمێسکم لە چاوە
ئەو ڕۆژگارەی بێ بەزە
چۆن تۆی لە ناخی گۆڕ ڕاکرد
مەلایکەی مەرگ و نەمان
هات و ئەتۆی لەگەڵ خۆی برد
شینت گیڕابوو بۆ گۆران
گوتبووت لە بۆتان تا سۆران
هەموو کەس تازیەباری تۆن
ئێستا تۆ بۆ خۆت نەماوی
لە سۆران ڕا هەتا بۆتان
گشت موکریان و ئەردەڵان
لە کرماشان و هەورامان
سولەیمانی، موڵکی بابان
هەموو خەفەتت بۆ دەخۆن
عالەم لەبۆت سەربەقوڕە
خەمت چەندە گورچووبڕە
ئەی شاسواری شیعر و بەستە

* سروە، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٣٤، بانەمەڕی ١٣٦٨ / ١٩٨٩

گشت کوردستان دەستە دەستە
لە مردنتا قوڕیان پێوا
کێ بوو لە بۆ تۆ نەگریا
کام ئینسانی بە بیر و هۆش
لە تازیەتدا نەبوو ڕەشپۆش
شەنگەبێری لەگەڵ شوان
جحێڵانی گوێسوانەو بان
گشتیان سەریان بۆنای لە هەش
بە تایبەت منی چارەڕەش
هەر کە بیستم ئەتۆ مردووی
بە ڕواڵەت لە دنیا دەرچووی
ئەو قسانەم هاتە سەرزار
پڕ بە زارم کردم هاوار
دیسان شاسوارێک گلا
دیسان بلیمەتێک نەما
دیسان شاعیرێک کۆچی کرد
کۆشکی ئاواتی گەل ڕما
بە مردنی هێمنی پسپۆڕ
تاریکی گرتی پێشی خۆر
شەوەزەنگی ڕەشی دزێو
بردی ڕووناکایی لە نێو
تازە کێ بڵێ شیعری جوان
کێ دەردی گەل بکا بەیان
کێ بڵێ ناڵەی جودایی
کوا قەریحەی واخودایی
چ کەس بڵێ ئارەق و تین
دەربڕێ دژی زاڵم قین
کێ بکا شین لەبۆ هاواڵ
هاواڵی بێ شوێن و بێ ماڵ

چ کەس بەهاری کوردستان
تاریف بکا وەک ئەو جوان
تازە کەس جێی ناگرێتەوە
شاعیری وانابێتەوە
بەداخەوە زوو لە دەس چوو
وەک لازم بوو قەدری نەبوو
سەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری
تا کوردێک مابێ بۆی دەگری

## کوا؟*

### بەڕۆژ ئاکرەیی

مامەپیرەی خوای شیعرم!
تۆم نەدیبوو
نەمتوانیبوو
بۆ جارێکیش
عەکسی دەرد و خەمەکانم
لە نیو گۆمی چاوەکانتا
بشۆمەوە
نەمتوانیبوو
نیوەشەوێ
دوور لە سیلەی چاوی خەوێ
لە کووپەی نێودڵی تۆوە
جامێک ئەوین بخۆمەوە
کەچی.... ئەمڕۆ... جارێکیتر
ئەوە بۆن دێ
بۆنی مەی دێ
بۆنی خەمی پڕ لە سۆزی نالەی نەی دێ!
ئەوە نالەی جودایی تۆ
کێوی سینەم دەلەرزێنێ
هەیڕۆ....
کوا نەیژەنێ
لە بەندەنێ
لە نێو قوڕگی خوێناویمدا بنالێنێ؟
من کە شەیدای بینینەوەی گۆڕەکەی تۆم

* سروە، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٣٤، بانەمەڕی ١٣٦٨/ ١٩٨٩

کوا نەیزەی کێڵەکەی تۆ
بەرۆکی من
داپچڕێ؟؟
کوا دیمەنی مەهابادی ئەوینی تۆ
تا بیلبیلەی چاوەکانم
وەک پەپوولە بۆی هەڵفڕێ؟؟
کوا؟
کوا... گۆڕی تۆ

## لەسەر گڵکۆت

رێبوار*

لەسەر گڵکۆت ئەگەر نەگریم، ئەگەر ڕۆڕۆ نەکەم چبکەم؟
بە یادت دەست وەچۆک و سەر وەسەر ئەژنۆ نەکەم، چبکەم؟
ئەمن وەک بولبولێکم گوڵ لە دەورەی هەڵوەرینیان بێ
لەسەر هەر چڵ کە تاوێکی فەغانیان بۆ نەکەم، چبکەم؟
نەما هیوا بە دیدارت تەنانەت یەک نەزەر بۆ من
لەسەر گڵکۆی خەیاڵی دیتنەوەت گڵ کۆ نەکەم، چبکەم؟
نییە باڵی فڕینم من، بەرەو دوامالی ئامالت
ئەگەر خۆم پرسەی ئەو حاڵە، لە حاڵی خۆ نەکەم، چبکەم؟
منیش هەر وەک تەواوی تازیەبارانت "گوڵم" ئاخر
لە سەر گڵکۆت ئەگەر جارجارە فرمێسک ڕۆنەکەم، چبکەم؟
بە هیوای دیتنی ڕووناکی لە ئاسۆی سووری سەرکەوتن
وەکو "ڕێبواری" بێ خەو شەو ڕووەو ئاسۆ نەکەم، چبکەم؟

* سروە، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٣٤، بانەمەڕی ١٣٦٨ / ١٩٨٩

# شینی هێمن

## خالید حیسامی (هێدی)*

وەرە کە وەک پاییزێ زەردە ڕەنگم
دەناڵێنم بەڵام ناتگاتێ دەنگم
وەرە سەیرێ، سەرێ هەڵبێنە تاوێ
وەرە لەو ناوە سیلەی چاوێ باوێ
ئەو دەمەی وا دەمرن بزە لەسەر لێو
کاتێک کەس نایەوێ خشڵی زێڕ و زێو
ئەو دەمەی وا تێک دەشکێن بازنە و خڕخاڵ
کاتێک بێ کل دەمێننەوە چاوی کاڵ
ئەو دەمەی وا دەکرێنەوە کۆڵوانە
ئەو کاتەی وا فڕێ دەدرێن لەرزانە
ئەو دەمەی دەستی داوەتێ بەردەدرێن
کاتێک یەخەو بەرۆک لە کوڕان دادەخرێن
ئەو دەمەی وا خەم لە خەیاڵ دەهاڵێ
خەیاڵ لە دەس خەمی دەگری و چ ناڵێ
ئەو دەمەی کوڕ ئەژنۆ دەگرن لە باوەش
کیژان لە سەر دەهاڵێنن دەسرەی ڕەش
ئەو دەمەی وا لە خم دەدرێن سۆرانی
«نالەی جودایی» دەگرێ جێی گۆرانی
ئەو دەمەی وا دەنگی نایە هەیاسە
هەیاسە و سینە هەڵدەگرێ هەناسە
ئەو دەمەی وا جێژوان کڕ و بێدەنگە
ئەو کاتەی وا دڵی کیژ و کوڕ تەنگە

* کاروانی خەیاڵ، هێدی، چاپی دووهەم، ١٩٩٧،

ئەو دمەی وا مەی بێ مەزە دەنوێنێ
ئەو کاتەی وا مەیگێڕ دڵیان دەمێنێ
ئەو کاتەی وا سەر شین دەکەن کەزی شۆڕ
ئەو دەم کە دەبنە کوێن کەتان چین و تۆڕ
ئەو دەمەی وا لاو بەردەدەن گوێسوانان
کابان بە مەشکەی هەڵنالێ بەیانان
ئەو دەمەی شوان دەس دەبزێوێ لە بلوێر
تێکەڵ دەبێ دەنگی لە گەڵ ئاوهەڵدێر
ئەو دەم کە پیرە شوان پەیام دەنێرێ
بێری بەرێ دەکا وەڵامی خێرێ
ئەو دەمەی وا پشوو نایە لەلایە
ئەو کاتەی وا بەهار دێ «سروە»* نایە
ئەو دەم شاری «مەهاباد» لە تەمێ دا
نەک مەهاباد «کوردستان» لە خەمێ دا
ئەودەم هێدی لە تاسەی تۆدا ئەمرێ
من ڕاست ئەو دەم ژانی شیعر دەمگرێ
بە یادی تۆوە دەیکەمە وڕێنە
لێک دەهاڵێم وەک ماری سەرخەزێنە
من ماتی تۆم، مەڵێ خەوی گرانە
بە ڕۆژ سڕم، جینگڵ دەدەم شەوانە
بۆوەی ئەوڕۆ بزانم بۆ تۆ بدوێم
دەرکاو دەرک هێمن لە دوای شتی نوێم
هەر گۆشەیەک سەد جاری لێ دەنۆڕم
وشە هەیە سەد باری لێ دەگۆڕم
وەک ڕاوچی دەستی دەسڕێژێ دەبزێوم
بەڵام کەمتر ئامانجی خۆم دەنگێوم
وەک تیرێ دێم دەڕۆم بەرەو نیشانە
لە نیوەی ڕێیە دەیکەمە کەوانە

* کۆچی کاک هێمن لە ١٠ ی مانگی بانەمەڕی هەتاوی دا لە شاری ورمێ لە جەنگەیەک دابوو کە دەبوو ژمارەی بەهاری ئەو ساڵە گۆڤاری سروە دەرچی و بڵاو بێتەوە، بەڵام لە بەر مردنی ئەو دەرنەچووبوو.

چـبـکـەم نـێـچـیـر مــامـزی بــێ پــارێــزە
راو چـەنـد پەیتە، ڕاوچــی هێندە بــێ هێزە
خــەیــاڵــی مــن هـــەودایـــە کـــە بـــۆتـــە داو
مـەلـی وریــا چــۆن دێـتـە سـەر داوی خـاو؟
گـەلـێـک جـــاران دەکـــەومـــە تـاریـکـایـی
دوور دەبــیــنــم، گــڕ و تـــەم و تـارمـایـی
نـــازانـــم تـــۆی و ئــاگــرت لـــە دەروونـــــدا
یـــان هێمنە لـــە نێو «تـاریـک و روون» دا
زۆر وا دەبــــێ لـــە فــریــام دێ خـــەیــاڵــم
مــن بــۆی دەڕۆم ئـەویـش دەبـێـتـە بـاڵـم
ئیتر پـــاردە و پـەرژیـن نـاگـرن بـــەری من
بـەروبـاخـەڵ داخـنـم لـە گـوڵـی دەستـچـن
زۆر جـاریـش هـەر تـاسـە و دووری ئـازیـزە
شـیـعـری جـوان ڕووم تـێ نـاکـا لـیم زیـزە
دڵ هیندە سـاردە وشـەم لـە زاری دەخـزێ
هـەڵـبـەستی مـن لـە سـەر لـێـوم دەلـــەرزێ
وەرە بـا ئەمنیش بگرێ هـەست و سۆزت
وەرە سـوور هـەڵـگـەڕێ بـە «ڕقـی پـیـرۆزت»
بـێ تـۆ «پـــەری هـەڵـبـەست» پـەڕی وەریـوە
کـەس پـەریـی هەڵبەستی وەک تـۆ نـەدیوە
وەرە تــۆ بــۆ هـیـنـدە لـــەو ژیـنـە تـێری
وەرە چـــاوی لـــە ڕێـتـە «شـەنـگـە بـێـری»
وەرە وەرە مــــــەڕۆ بـــــە نـــامـــرادی
وەرە هـێـمـن ئـەتـۆ و «عـیـشـقـی ئـــازادی»
وەرە هـێـمـن پـەلـــەی چـیـتـە بــۆ مــردن
ئەتۆ و «مـەتـەرێـزی شــەرەف» چـۆڵ کـردن؟
ئـــەتـــۆ و وا بـــۆ مـــەرگ ســەر دانــەوێــنــی؟
وەرە هێمن ئـەتـۆ و «پـەیـمـان شکێنی»؟
ئـێـوە مـەڵـێـن شـیـن بـۆ هـێـمـن دەگـێـڕیـن
مـەڵـێـن ڕۆژ بـۆ چـلـەی هـێـمـن دەژمـیـریـن

مەڵێن هێمن دەردی گەلی دەزانی
مەڵێن بەو ڕازابووە وێژەوانی
مەڵێن هێمن خۆیی دوورە وڵات بوو
مەڵێن هێمن دەستەچیلەی خەبات بوو
مەڵین هێمن ودمی شیعری بە دەست بوو
مەڵێن هێمن خوای شیعر و هەڵبەست بوو
مەڵێن هێمن نەبوو نەی بوو دەی ناڵاند
ناڵەی ئەو بوو خەڵکی لە خۆی دەهاڵاند
مەڵین هێمن سەرسەختی دڵگەرم بوو
وشە وەک مێو لە دەستیدا نەرم بوو
مەڵێن هەست هێمنی هاندا نەڕاندی
خەوی گرانی گەل هێمن ڕەواندی
مەڵێن هێمن وێنەی گەلی واکێشا
سەرنجی سەد وێنەگری ڕاکێشا
مەڵین هێمن چیرۆکی خەم ڕەوێن بوو
وتەی هێمن بۆ هەڵبەستان هەوێن بوو
مەڵێن هێمن ڕۆیی کوردستان شێوا
پیرو جحێڵ بۆ هێمن قوڕیان پێوا
مەڵێن هێمن ئاوێنەی دەرد و ژان بوو
باری ستەم لە شانانی گران بوو
مەڵێن هەرچی زەووزوی کرد زەمانە
هێمن هەر یەک بوو پێی نەکرا دووانە
مەڵین هێمن بەو خاکە باوەفا بوو
دایکی وەتەن کوردانە گۆچی دابوو
ئیتر مەڵێن هێمن شیری پرچن بوو
هێمن هێندەی بەسە بڵێن «هێمن» بوو
منیش ناڵێم هێمن کەم هات بە بیرا
ناڵێم هێمن ڕۆیی قەدری نەگیرا
ئێستەش ناڵێم وەرن ڕێزی لێ بگرن
من هەر دەڵێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن

# یادی هێمن

## خالید حیسامی (هێدی)*

شیرن و تێراو و تەڕ بەستەی لەباری هێمنە
گەرم و ناسک هەست و سۆزی نادیاری هێمنە
کاروانێکی لە شیعری سوار دەبینم دێ لە دوور
کاروانچی ئاشنایە سەر قەتاری هێمنە
زۆر لە دەس سووڕانی ئەو چەرخە کەساسی دی هونەر
دەوری شانازیی ئەدەب هەر ڕۆژگاری هێمنە
چونکە ئەو کۆشکەی لە فەرهەنگی گەلی کورد داندرا
سەنگ تەراشی هێمنە، ئەندازیاری هێمنە
گەر وەفایی شیرینێکی شۆخی کردە یادگار
ئەوڕۆ بۆ مە گەنجی بێ بن یادگاری هێمنە
بێتە لام هەر جێیە بەرزە تا بە کوردی پێی بڵێم
بەرزی هەر شایانی واژەی نازداری هێمنە
من دەڵێم وێنەی لە نێو دیوان و دەفتەر جێی نەبوو
بۆیە مانگی چاردە وا ئاوێنەداری هێمنە
چۆنە هێمن وا بە تەنیا کوردەواری گرتووە
چۆنە کوردستان وشێکە و پڕ بە زاری هێمنە؟
گەرچی هێمن چوو لە دەست ئەمما پەژارەی نابڕێ
هێشتا بۆ گەل دەردی گەورە کۆچ و باری هێمنە
هەر دڵی وەستا لە لێدان ئەو لە خوێندن ناکەوێ
شار و لادێ چونکە پڕ لە شوێنەواری هێمنە

* کاروانی خەیاڵ، هێدی، چاپی دووهەم، ١٩٩٧

هەرچی لە جیاتی شیعر ئاگر لە زاری هاتەدەر
ســـوورِ بـزانــە ڕێــبـوارێـکـی دیـــاری هێمنە
دەک نەیاری هێمنی لە گیانی خۆی ئۆخەی نەکا
ڕۆژی گەرم و سارد نەبێنێ هەرچی یاری هێمنە
وەک مەهاباد شوێنی دڵگر، شوێنی پیرۆزم نەدی
ئـــاوەدان بێ شـاری هێمن جێ هــەواری هێمنە
«هێدی»تا دەستی پەری هەڵبەستەکانی ماچ دەکا
ناڵێ ئەو شیعرە، دەڵێ ئەو سیحرە کاری هێمنە

## شینی مامۆستا هێمن

### مەلا کەریم سارده کوێستانی*

فەلەک ڕشـتی لەسەر سـوێگەی هۆمێدم ماتەمێکیتر
وەسـەر کۆما خەمی خسـتم، بە کۆ کۆ ما خەمێکیتر
لە بەختم ڕەڕەوی مێژوو بە سەد حەستەم لە ڕێ دایە
بە حەستەم، حەستەمێ ببڕێ، دەگاتە حەستەمێکیتر
بـە مەرگی هۆنـەری کـوردی موکریانی، قەزا دیسـا
گوتـی هـا وەرگرە کـوردە، بـە لاشـە وەرهەمێکیتر
لە سەر سوێگەی هونەر، هێمن شەمێ بوو ڕۆشنو هێمن
قـەزا مـاوەی نـەدا بگـرێ هەتاکـو سـەردەمێکیتر
بەداخـم حاتەمـی باخـی ئـەدەب، باروبنـەی لێنـا
مەحاڵـە بـۆ ئەدەب بلـوێ وەکـو ئـەو حاتەمێکیتر
بە هەڵبەسـتت، برا هێمن، دەمێ مەستم، دەمێ هێمن
چ موحتاجم بە هەڵبەسـت و شـەڕاب و زەمزەمێکیتر
دەڵێی عیسا دەمە، دەست و دەمی «تاریک و ڕوون»ی تۆ
لـە گـۆڕت ئافەرینڕێژن هەتـا دەم مەحشـەرێکیتر

---

* بزەی شۆڕش، دیوانی ڕاوچی، چاپی ٢٠١٢

## بەبۆنەی کۆچی شاعیری نەمر مامۆستا هێمن

### مەلا کەریم سارده کویێستانی*

بە کوردی پێت دەڵێم هۆنەر وەکو نەی بێ جەرگ مەگری
لەسەر گۆڕی شەهیدی کوردەواری بۆ مەرگ دەگری
ئەمن سەروێکی مۆفەڕکی بەیانی کۆمەڵی کوردم
لە وەرزی من وەرە بچنە گوڵێ بۆ مۆفەڕک مەگری
دەسی شیوەن لەسەر خاڵ و خەتی من دامەنێ، ڕووتم
ئەوینداری گەلێکی ڕووتەڵۆکم بۆ بەرگ مەگری
هونەرمەندی نییە شیوەن لەسەر گۆڕی هونەرمەندێ
هونەر دەرکی قوفڵ نەدراوە، هۆنەر بۆ دەرک مەگری
کە هات و هێمنێ نێزەی ئەجەل جەرگی سمی، ڕۆیی
ورەت بێ، بۆ دەمی تیغ و تەبەرزین و زەرگ مەگری
تەشیی مێژوو گەلێکی ڕستووە کورکی هونەرمەندی
لەمەولاش دەڕێسێ بۆ من و تۆ وا کورک مەگری
لە قاچی ڕووتەڵۆکێکی گەلی ڕووتت وەکە دڕکێ
وەکوو کۆڵ و کەل و گێژی لەبەر چەقڵ و دڕک مەگری
لە «فرمێسکی ڕنوو»ی هێمن، هەڵینجە قومقومەی زەوقت
وەکو کوندێکی ساویلکە، بە هۆ هۆ پڕ قورگ مەگری
لە شینگێڕی شەهیدی هۆزەکەو پرسن، دەڵی چی دێ
لەسەر سینەی سپیی «سروە»م، لەمەولا دڵ سرک مەگری
قەزا، خڕکەی لە سەر زیت و زرینگ و زیرەکی داوە
لە «ڕاوچی»وەرگرە دەرسێ لەبەر بەرد و خڕک مەگری

* بزەی شۆڕش، دیوانی ڕاوچی، چاپی ٢٠١٢.

# یادی هێمن

ئەمین گەردیگلانی*

دوا هەنیسکی خاکەلێوە دەستەمۆی کۆچ کردنە
هەگبەیەک باڵی هەناسەی پێیە، پێم هی هێمنە

ڕادەبووری و خاک و ئاو و با لەگەل خۆیا دەبا
شۆڕەپێشەنگی، پەری شیعری پەڕەی دڵ کونکونە

بۆتە تابووتی هەزاران عەشق و بریا و پێکەنین
ئەو دڵەی دەیگوت: بە بەژنی زەرد و ما دا هەڵزنە

زۆر لە مێژە کوێر کراوە لێرە بیبیلەی تری
چاوی هەوری مەی نەزۆکە، وەرزی شادی کوشتنە

ویشکەساڵیی بادە ڕۆحی ئەم هەرێمەی هەڵکزاند
ساقی چڕژاوە دڵی یان سینگی پەیمانە کونە؟

لەم وڵاتە زەردەبا ڕۆحی ئەوینی ڕاڕفاند
چاوی شیعر و ڕوومەتی ڕوانین لە دووکەڵدا ونە

شەرحی فرمێسک و خەم و سووتان و زام و گیانکەنشت
ڕێژنە فرمێسکی قەڵەم بۆ ناخی زەریای بێ بنە

چاوی شین و بسکی زەرد و چیمەن و خوێن تێکەڵن
کۆلکەزێڕینەی هەوای شیعری بەهارینەی منە

حەڤـدە وەرزی سـەوز و زەرد و ئەرخەوانـی تێپەڕین
چـاوی بێسـتانی وڵات هـەر چاوەنـۆڕی شـەوڕنە

پاکـی ڕەشپۆشـن لە تاوی کۆچی خۆری هەسـتی وی
زەردەپـەڕ، کاروانکـوژە، بـاخ و چیا وچـۆم و زنە

هەوری خـەم گرتوویەتی ئاسـمانی سـاماڵی غەزەل
دێـڕ بە دێـڕ، واژە بـە واژە پیت بە پیـت خەمئاژنە

شـادی بۆ دەرمان لەسەر سفرەی دڵێک دەس ناکەوێ
شین گوڕەی دێ، خەم گڕەی دێ، جێژنی ژین سووتاندنە

بوونـە پۆیلانەی هەناسـەی بـووک و زاوای پێکەنین
خەردەڵ و سـیانوور لە سەر ئەم خاکە ئەنجنئەنجنە

هەڵبـزرکاون لەسـەر لێـو باڵـی سـەوزی گوڵبـزە
هەڵدەچۆقێـن زەردە، بـەو لێمشـتی قاڵـی ئاسـنە

شـاخ بریـندار و هەناسەسـواری گوللـە و دووکەڵە
بۆیـە کانیـاوی بنـاری بـێ گڵێنـە و قرخنـە

کاسەسـەر بۆشن، بە سەر پشتی شـەپۆلی خوێنەوە
ڕەخس ئەکێشن، چۆپی دەگرن، بەزمی ئاوەز ناشتنە

زار لە واژەی خۆ وەڕەز بوون، چاو لە دیتن، لێو لە ماچ
دڵ لـە عەشـق و ماڵ لە پڕشـەنگی دەلاقـە و ڕۆچنە

هەڵوەریون، ئاوەز و مێشـک و زمان پێپەسـت بوون
وا ڕەپێچەکیـان دەدا ئـەم گێژەڵووکـە و باڕنـە

کـەس نیە گوێ داتە زیڕەی لاسـک و قیژەی گوڵووک
لێـڕەواری ڕۆح دەسـووتێ، بۆتـە گڕ کەزیەی شـنە

ئەو کچۆڵەی پێکەنینیان کوشت لە سەر خونچەی دەمی
ئـارەزووی جارێکیتـر بۆنـی مەمـک هەڵمژتنـە

دوا نیگای سووکی لە سەت بووکۆکەکەی جێ هێشتووە
ڕۆحـی بابردووشـی هەڵقرچـاوی کڵپـەی مردنـە

چاوی بۆ ئاسـمان دەنارد، بچنێ گوڵی ئەستێرە بۆی
تاکـو بیهۆنێتـەوە ملوانکەیـەک بـۆو گەردنـە

باوەشـی گۆڕیچەیـە بـۆ گوڵبـزەی مـردوو بەهـار
لێرە سـەر تا پای لە هەش ناوە شـلێرە و سوێسـنە

ئەو خەڵووزەی خۆی لە نێو چاوم دەساوی پێیگوتم:
"خـەم مەخـۆ ئاسـۆگی ڕوونی تاسـەکانت ڕۆشـنە

جوانەمەرگـی کـرد ئـەوی ئاواتی هەمبـوو نایە چاڵ
ئێسـتە بـۆ ئامێـزی دێـزی مردنـێ دەمـدا دنـە"

هێمنـی هەڵگرتـووە ئەمشـۆ خەوێکـی قـورس و کڕ
کیـژە کـورد دایبچلەکێنـن دا بـە خرمـەی بازنـە

بەڵکـو بـدڕێ کفـن و گـۆڕی هەڵتەکێنێ، پێـی بڵێن
ڕاپـەڕە بڕوانـە ڕۆژی سـەربەخۆبوونی ژنـە

کیـژی شـاری پەرچەمـی تاڤگـەی چیـای باڵایەتـی
کیـژی لادیش بێژی هەڵدەسـتێ لە هەرچی شـەرمنە

پاکــی وریــا و چاوکــراوەن، فێــرە زانینــن کچــان
بــوو شــەوارەی تیشــکی زانینیــان ئــەوی دڵ چڵکنە

راپــەڕە ئــەی پیــری زانــا، ئــەی هەژیــر و قارەمان
کورد لە خەو هەســتێنە ئێســتا کەنگــێ کاتی خەوتنە

هەســتە ڕێژنەی ڕۆندکی شــیعرت بە خــۆڕ داڕێژەوە
بشــلەقێنە گۆمــی ئــەم شــەوگارە لێــڵ و لیخنــە

ئەی خودای شــیعری تەڕ و هیوا و هۆمێدی عاشــقان
بێــرەوە بــێ تــۆ گەلــم ئاســۆی ئەوینــی لــێ ونــە

# یادی هێمن

حوسێن حەیدەرپوور*

وەرن خەڵکی وڵاتم گشت وەخڕ بن
لەسەر گڵکۆ و مەزاری مامە هێمن
بکەن یادێ لە زانا و شاعیری کورد
بە ناکامی عەزیزانم ئەویش مرد
لە کاتێکدا زەوی سەوز و بوژاوە
چرای ڕووناکی گەلمان لی کوژاوە
بەهارێکی کە بێنوور و چرایە
شەوەزەنگە لە بۆ کوردان خودایە
لە ڕێی خزمەت بە گەل ساتێ نەوەستا
دژی زۆردار و خوێنمژ ڕادەوەستا
گەلێ کەند و کڵۆ و کۆسپی لە ڕێ بوو
وشە و شیعری بەتام و ڕێ و جێ بوو
ناسکتر بوو لەگەڵ هەستی بەتینی
خێر و خۆشی نەدیبوو قەت لە ژینی
وەهای خۆش کرد گوڵستانی ئەدەبیات
نەیار و دوژمنانی پێ دەبوون مات
نموونەی پاشەرۆکە، دەنگی داوە
بە لەعلان ناوەڕۆکی داڕژاوە
کتێبی توحفەیە و چەپکێ گوڵی جوان
بەنرخ و بایەخن، چۆنی بڵێی وان
دڵی شاعیر، بەرەو باخی، هەواری

دەڵـــێـــی ئـەسـپـی خــەبـاتــن بــۆ ســـواری
دەگـــەڵ نــاڵــەی جـودایــی و تــاریـک و ڕوون
لــە بـۆ ســەربــەرزی هــۆزی ســازی کــردوون
گـەلــێ هــەیـبــێ ئــەدیــب و شــاعــیــری وا
بـــەرەو بـــەرزایـــی دەڕوا بـیـر و و بـڕوا
هـیـوا و بـەخـتـی دەگــاتــە لــووتـکـی ئاسۆ
ئــاڵای ســەربــەرزی هــەڵـدەگـریـن، مـن و تۆ

# یادی هێمن

**پەرویز فەقری (پیرە)***

لــە گوڵــزاری ئەدەبــدا هەســتیارێکی وەکــو هێمــن
تــەڕ و پــاراون ئەشــعاری ئەگەرچــی بەرهەمی دێمن
ئەویندارانــی گش یــادی دەکەن بۆچی ئەمــن نەیکەم
ئەگەرچی سەختە ئەو رێگە خودا بیکا منیش تەی کەم
هەڵــۆی بەرزەفــڕە هۆگر بــە پۆپە و لوتکــە و دوندە
دژی تەیــری دزێــوی وەک قــەل و داڵاشــە و کونــدە
لــە فرمێسکی گەشــیدا تاکــە خاڵێکی لەبــەر چاوە
لــەوی تیرێکــی ژاراوی لــە جەرگــی دوژمنــی داوە
دەڵێی بۆیە ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشــم بوومە
کە داپۆشــینەری ڕوخســار و ڕەنگە زەردەکەی ڕوومە
بریــن و زامــی دەردی گــەل لــە ناخیــدا بە لێشــاوە
لە رێگەی کورد و کوردســتان هەزاران ڕەنجی کێشاوە
شــەریکی گەرمەشــینی دایــە و بابــەی شــەهیدانە
ئەگەرچــی دڵنیایــە کۆچــی یارانــی بــەرەو مانــە
شــەوی شــاعیر لە بن لێفەی خەیاڵات و دومان و تەم
دەبێ چۆن بگوزەرێ ئاخۆ لە ناخی پڕ لە سۆز و خەم
لــە گۆمــی خوێــن چ باکێکم لــە کاتێکا ئەتــۆم پردی
ئەتۆ ئەستۆندەکی، ڕەشــماڵ و چیغ و تاوڵی کوردی
دەڵێــی یــادم بکەن یادت بــە پێنووس و قەڵــەم نایە
غەمــی کۆچــت هەتا مــردن لــە ناخی پڕ خەمــم دایە

* گۆڤاری مەهاباد، ساڵی چوارەم، ژمارە ٣٧

قەڵاكەی نیشـتمانت هەر لەسـەر پێیە و لەبەر چاوە
هۆمێـدی سـەربەخۆیی لـەم قەڵاكۆنە چـوزەی داوە
لە دەسـكەوتی خەباتت هەرچی فەرمووتە دەسەلمێنم
دەنیشـێنە دڵـم دەخزێنـە ئێسـقان و ڕەگ و خوێنم
بـە دەنگی بەرز ئەڵێی كوردم ئەمن پیرەت بە قوربانی
هەمـوو كوردێ دەزانێ كە مەكۆی زووخ و كوڵ و ژانی
مـەزارت قیبلەگایـی ئۆگـران و دڵ بـە هەسـتانە
گزینگی داوە هەسـتە، كات و ڕۆژ و وەختی هەستانە

# تاپۆی هێمن

## عەلی حەسەنیانی (هاوار)*

لەگەڵ سرووەی لەدڵ خۆشی بەهاری
کە گوڵ چاوی بە مەندی هەڵدەهێنێ
لەکاتێکا پەپوولەی جوانی نەخشین
بەبێدەنگی گوڵاڵەی کەژ دەدوێنێ
***
لەگەڵ کازیوە پەیکی ژیانەوەی دڵ
کە گیان دێنێتە بەر دەشت و کەژ و کۆ
لە کاتێکا هومێدی شادی دێنێ
گزینگی خۆر و ڕەنگی شینی ئاسۆ
***
لەگەڵ قاسپەی کەوی مەستی کوڕادە
لەلای کوێستانی سەربەرزی وڵاتم
لە ناکاو زایەڵەی دەنگی دەبیسرێ
کە دەمگوت: دێم و دێم... ئەمڕۆکە هاتم
***
ئەوە کێیە بە دەنگی دڵ دەلەرزێ؟
ئەوە کێیە کە دەنگی ئاشنایە؟
شەپۆلی دەنگی دەڕوا بۆ هەموو لا
دنەی واتەی وەفایە، مۆسیقایە؟
***
ئەوە کێیە کە دەنگی دڵنشینی
لە کوێن دەنگی پەری ئەو ساتەکانە؟
لە نێوان بیری رابردوو و ئاوات
قسەی هیوای دڵە، پردی زەمانە؟

---

* بزەی زەمەند، عەلی حەسەنیانی (هاوار)، بڵاوکەرەوە: جەعفەر حوسێنپوور (هێدی)، چاپی یەکەم، ئاڵمان، ١٩٩٣

لە بستۆکەی کەژی لای ڕۆژهەڵاتم
لە پڕ تاپۆیەکی ئارام و هێدی
بەرەو بژوێن و زەنوێر دێتە خوارێ
بە دینی ئارەزووی دڵ دێنەوە دی
***

کەما و مەندۆک و بیزا و هەڵز و شللێر
کەنێر و سوێسن و بەند و گیاخاو
بە تێکڕا ڕادەمووسن خاکی بەرپێی
بە ئاونگ ڕادەماڵن تۆزی پێڵاو
***

لە نواڵەی بەرزەکۆدا تاوێ تاپۆ
وچان دەگرێ و دەکا سەیری وڵاتی
مەلی بیری بەرەو ڕابردوو دەفڕێ
بەرەو چیرۆکی پڕ هات و نەهاتی
***

لە نێو بێدەنگییا دەنگ هەڵدەهێنێ
"ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە"
وتەی چەشنی چریکەی ئاسمانی
هیوایە بۆو دڵەی زار و زویرە
***

بە چاوی پڕ ئەوین و تاسەباری
بە وردبینی بە ئارامی، بە مەندی
دەنۆڕێتە هەموو لایەک، بزەی دێ
لە ئاکام و دوایی بەرژەوەندی
***

لە لایەک نەونەمامی باخی ژینی
"گۆڤاری سروە" بۆی هاتۆتە بەرهەم
دەڵێ: خوایە هەزاران جار شوکرت
نەبوومە رەنجەڕۆ، نیمە چ بڕ خەم

لـه لایـەک سـەوزەڵانـی شیعر و پەخشان
بـەرەو بـووژانـەوە و پێش کـەوتـە ئـەمڕۆ
زەمـەنـدی دڵـڕفـێنـی مـێرگـی فـەرهـەنـگ
پـەنـاگـەی مـامـزی خـۆش ڕەوتـە ئـەمڕۆ
***

لـە لایـەک زێـدەکـەی زێـدە لـە جـاران
جـوانـە، خـەم ڕەوێـنـە، تـیشکی داوێ
لـەبـەر خـۆوە دەڵـێ هـەر ئـاوەدان بێ
هـەوێـنـی شـیـعـرەکـانـم شـیـلان ئـاوێ
***

لـە لایـەک ڕووگـەی ئـاواتـی، مـەهـاباد
شـەمـی کـۆڕی هـونـەر، هـەر دڵ ستێنە
مـەکـۆی دڵـخـۆشـی، مـەڵـبـەنـدی وەفـایـە
هـەتـاوی شـادی هـێـنـە، شـەو ڕمـێـنـە
***

ڕەزامـەنـدە لـە گـشـتـی شـاعـیـری پیر
کـە خـونـچـەی ئـارەزووی خەمڵیوە ئەمڕۆ
بـزەی دێ و چـاو لـە هـەر لایـەک دەگـێڕێ
دەڵـێ خـوایـە شـوکـور ڕوونـاکـە ئـاسۆ
***

بـەڵام داخـی گـران و سـەد مـخـابـن
تـەمـەن کـورتـە گـوڵـی بـژوێـنـی خۆشی
هـەتـاوی شـادی و ئـۆخـژنـی شـاعـیـر
دەبـێ ئـاوا لـە پـشـت کـێـوی پـەرۆشـی
***

لـە پـڕ هـەورێـکـی زەردی نـاحـەزی تـووش
لـە دووری کـەم کـەمـە سـەر هەڵدەهێنێ
دەڵـێـی دێـوەزمـەیـەکـی گـیـان ستێنە
کـە دێ شـادی دەبـات مـاتـەم دەمـێـنـێ

وچـــان نــاگــرێ ئـیـدی چـیـدیـکـه تـاپـۆ
بـەخـەمـبـاری، بـە چـاوی پـڕ لـە ئەسرین
دەڕوا، ئـێـمـه دەمـێـنـیـن و تـەمـی زەرد
دەبــێ خـەم داگـریـن، ئـەسـریـنـێ بسڕین
***
بـەڵـێ هـێـمـن کـە شـیـنـگـێـڕی شـەهـیـدە
دەچـێ تـا بـۆ هـەڵـەبـجـە شـیـن بگـێـڕێ
دەچـێـتـە شــارەزوور تـا لالـەکـانـی
بـە فرمـێـسکی دوو چـاوی خـۆی بـدێـرێ

## شینی هێمن

عەلی حەسەنیانی (هاوار)

ساقیا، ئاوڕ دەوە، ئاوڕ دەوە
کۆی بزووتی هەست و بیرم گڕ دەوە
با بەرەو دەریایی شیعری ڕوون بچم
جا بسووتێم و بەرەو هەربوون بچم
گڕ لە گیانم بەردە بمکە ژیلەمۆ
تا بزانم چارەنووس بۆ وایە بۆ؟
هەر دەبێ دیلی شەوەی شەوگار بم
نابێ یەک دەم من لە خەم ڕزگار بم
وا بزانم خەم لەگەڵ من هاتە دی
بۆیە تا ئەمڕۆ دەمێ خۆشیم نەدی
خەم وەها ئۆگر بە گیانی من بووە
ڕایەڵ و پۆی بوون و مانی من بووە
وەک جلە و مالۆچە خەم هاڵاوە لێم
ڕێی بزە و شادی و ئەوین بەسراوە لێم
بڕکە مردووی سیس و ژاکاوم ئەمن
دڕکی ویشک و بەردە سووتاوم ئەمن
ژینی وەک من سۆزی زریانی خەمە
مەرگە، مەرگێکی درێژ و کەم کەمە
ڕێم نییە تاوێکی ڕەگ ئاژۆ بکەم
هەر لە دەوری خۆم دەبێ خەم کۆ بکەم

***

ساقیا بێچارە خۆم بێچارە خۆم
چاو لە دەست و چاوەڕێی ئیحسانی تۆم
تێکە بۆم، بڕوانە کاروباری دڵ
سا بە گوێی دڵ بژنەوە هاواری دڵ
دڵ مەلێکە باڵ شکاوی دەردەدار
بێ پەڕوپۆی بێ هومێدی بێ قەرار
چۆن بکەم باسی دڵ و هاواری دڵ؟
کوانێ کێ دێت و دەبێتە یاری دڵ؟
کوانێ یاری دڵ؟ ئەوی دیم هەو نەبوو
چاری شێوانی دڵی من بەو نەبوو
"هر کسی از ظن خود شد یار من
از درون من نجست اسرار من"
هەر کەسێ دێ بەندی دڵ دەپسێنێ لێم
خوێن دەنۆشێ و جامی دڵ دەشکێنێ لێم
نایە تا باسی دڵی خەمبار کا
تێدەکۆشێ تا لەدڵ خەم بار کا
کەس نییە گوێ داتە هاواری دڵم
کەس نییە کەم کاتەوە باری دڵم
چوومە لای نەی دیم کە ئەو خۆی بێ دڵە
گەرچی بنچینەی دڵ و نەی هەر گڵە
بێ دڵە نەی، بێدڵ و هاواری دڵ؟
بێدڵ و دەردی دڵ و ئەسرای دڵ؟
"مشنو از نی نالەاش از بیدلی ست
نالەی بیدل یقین بی حاصلی ست
مشنو از نی، نی نوای بینواست
بشنو از دل، دل حریم کبریاست"
هەر دڵە و ئاگای لە حاڵی دڵ هەیە
هەر دڵە و ڕێگای بە ماڵی دڵ هەیە
***

ساقیا نازدارەکەم، دڵدارەکەم
ئاشنای ڕۆژی ڕەش و شەوگارەکەم
ئاسکی دڵناسکی خۆش ڕەوتی من
گوێ بدە دەردی دڵی نەسرەوتی من
تۆ بە دەردم ئاشنای دڵ ناسەکەم
ئاشنای ئاوات و هیوا و تاسەکەم
"آشنا داند صدای آشنا
آری آری جان فدای آشنا"
سەردەمێکی ئەم دڵەم پڕ تین بوو
جێی پەرەستین و ئەوین و ژین بوو
ئێستێ بۆتە دیلی شەمزان و کەسەر
چۆن دەتوانێ خاوەنی ژین باتە سەر
کوێرە ئەستێرەم لە بەر تیشکی هەتاو
ویشکە سوێمە، سوێم نەما بۆ چۆڕێ ئاو
خێر خوایەک کوا بەجامێ ئاوی ڕوون
ئەم هەڵەش بمداتەوە مەودای بوون
تا بخوڵقێنم دوایین شینی دڵ
وێکی نێم ئەمجا کتێبی ژینی دڵ

***

ساقیا ڕووم تێکەوە، ڕووم تێکەوە
با بگێڕین گەرمەشینێ پێکەوە
باوەفاکانم کوان؟ ئێستێ لە کوێن؟
تا بکەین سۆرانی شین و مل بە کوێن
تا بەسەردا کەین خم و خۆ نێینە هەش
چونکە ئاوا بوو لە ئێمە ڕۆژی گەش
تێک درا، خاپوور کرا ڕووگەی ئەوین
شادی ئاوا بوو لە بستووکەی ئەوین

***

ساقیا بۆم تێکە بادەی ئاگرین
سەیرە دار و بەرد لەگەڵ من ناگرین
من لە ژێر دارێکی ڕووتی بێ گەڵام
بێ هومێدم، ئێستێ ئامانجی بەڵام
کوانێ هێمن تا بە شیعری ئاگرین
تین بدا ئاورگی کووژاوەی ئەوین
داخەکەم هێمن نەما، هێمن نەما
شووشەی ئاواتم شکا، پشتم چەما
شاعیری ئۆگر بە هەڵدێر و کەلان
هاودەمی لێڕ و کەژ و دوند و تەلان
عاشقی شەوبا و شەو، بۆ شەوگەڕی
ژینی پێوا تا گەیشتە ئەوپەڕی
کۆچی کرد و ڕۆژی ڕەش بۆ ئێمە ما
ئەو نەما، هیوا نەما، خۆشی نەما
چۆڵ بڕی دەشتی ڕەقەن خۆی ڕاشکاند
تۆزی ماندوویی بە یەکجاری تەکاند
ئاخۆ ئێستێ هەڵز و بیزا و کەما
چۆن دەگێڕن شین لە بستوو و ئەستەما؟
ئێستێ مەندۆک و گیاخاو و کەنێر
سوێسن و بەیبوون و شەوبۆ و شلێر
سیس و ژاکاون کە خەڵی بوون هەوار
تێک شکا ئەستوندەکی تاوڵ و دەوار
تازە کوا ئێوارە پاییز لێڕ و کێو
زەردەیان بۆ زەردەیەکی دێتە لێو؟
یا لە دارستان کە مانگ هەڵدێ لە سوێ
کوا لە مەل ناڵەی جودایی دێتە گوێ
سووڕی دەورانە کە ئێمەی تێک شکاند
داخی یارانە کە جەرگی مەی چزاند
ڕەمزی بوونم "سروە"یەکە جاروبار
دێت و بۆم دێنێ بەرام و بۆنی یار
***

خـــاكـــی ڕەش مـــیـــوانـــی تـــۆیـــە هـێـمنم
ئـــەو کـەسـەی نـــووزەی بـە ئـاسـتـەم دێ منم
وا خـــەریـکـم شـیـــن دەگـــێـــڕم ڕۆژ و شـــەو
لـــێـم حـــەرامـــە پـــاشـــی هـێـمـن خـــوردوخـــەو
قـــــەدری بـگـــرە، تـــونـــد لـــە ئـامـێـزی گـرە
هـێـمـنـە و پـــاشـــی نـــەمـــانـیـش دڵـگـــرە
كـــۆچـــی دوایـــــی كـــرد شـكـانـدی پـشـتـمـان
مـــات و ڕەشـپـۆشـیـن ئـەوێـستـێ گشتمان
ئـــارەزوومــــە گـیـــان لــــە لــــەش ئـــازاد كـەم
بـێـمـە لای و خــزمـــەتـی ئـوسـتـاد بـكـەم
بـــاوەفـــام و سـپـڵـە نـیـم ئـوسـتـادمـە
بـۆیـە دایـــم هـــەر لـــە بـیــر و یـــادمـە
تـــا بـــزانـــێ هـــــەر وەفــــــادارم ئـەمـن
لـــێـــرە بــێ و لـــێـــرە نـــەبـــێ یـــارم ئـەمـن
بـــۆ مـنـیـش جـێـیـەكـی ڕابـگـــرە لـــە لای
دێـمـە لای و دێـمـە لای و دێـمـە لای*

---

* سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٤٩.

## کۆچی دوایی هێمن

### مەلا حوسێن گورژی*

ئەی هێمنی هاوڕێی هەژار
ئەی پیر و پەک کەوتە و نەدار
ئەی هێمنی هەدا نەدەر
راهاتوو لەگەڵ دەردەسەر
ئەی هێمنی کوردی بزۆز
هاوڕێی هەژارانی بەسۆز
ئەی کەوی زەرد و ماهی کورد
بولبولی دڵ پڕ ئاهی کورد
باخەوانی باخی وێژە
هۆنراوەت بەتام و چێژە
تۆ هۆنەری کوردستان بووی
بولبولی هەزاردەستان بووی
تۆ لە ڕیشە و ڕەگی کورد بووی
ڕۆڵەی بەئەمەکی کورد بووی
خەباتگێڕی تێکۆشەر بووی
ئازا و نەبەز کۆڵنەدەر بووی
بەدڵ دەتهەویست بۆو گەلە
هەرچی شانس و بەخت و هەڵە
دەتهەویست کورد سەربکەوێ
ناوبانگی وەدەر بکەوێ
ناوی وی بێتە ناو ناوان
فرمێسکی بسڕێن لە چاوان
دەتهەویست وەک گەلانیش کورد
ئازا و تەڕدەست بە دەست و برد

* سەرچاوە: ماتەمنامە، ساڵی چاپ، ٢٠٠٩،ل ٤٩٢–٤٩٥

بێتەوە مەیدانی خەبات
ئاڵای سەربەرزی هەڵبکات
زۆرت پێ خۆش بوو کوردستان
گیانت بۆ نابۆ سەر دەستان
دڵت خۆش بوو بەو خاک و ئاوە
کە خوا بە گەلی تۆی داوە
دەتهەویست کە خەباتی کورد
لە چوار چێوەی وڵاتی کورد
گوڵ بکات و سەر بکەوێ
کورد لەو چاڵە دەربکەوێ
ئاواتە خوازی ڕزگاری
بووی تۆ لە بۆ کوردەواری
چرای دڵت بەو هەوایەوە
هەمیشە دەگەشایەوە
هەرچەندی بڵێم تۆ کورد بووی
ئەوەندەی کوردیش بووی مەرد بووی
نەبێ کەڵک و نە تەپڕەش بووی
کوردێکی زۆر چارەڕەش بووی
بۆ ڕێبازی کوردایەتی
بۆ هەستی نەتەوایەتی
تێکۆشای بە پێی توانینت
بە کارت هێنا زانینت
هەوڵ و تەقەلا و کۆششت
گش وەکار خست بۆ شۆڕشت
شۆڕشت بۆو وڵاتە بوو
بۆ ڕێگای ئەم خەباتە بوو
بەڵام ئەی داخەکەم مردی
بە ناوەختی و دەستوبردی
نەتدی وڵات سەرکەوێ
گەلت لەو بەندە دەرکەوێ
بۆت دەچێژم داخ و خەفەت
بۆ خۆت و زێد و گەلەکەت

کەوا هەروا لە ناکامن
هەروەک پێشوو لە ناو دامن
هێمن نازانی بۆ وایە
کە بەشی مە لەو دنیایە
ژێردەستی و ژێراکەشییە
بێ ئازادی و بێبەشییە
دیلی و دەستەنگی و هەژاری
بۆتە بەشی کوردەواری
لە چاو گەلانی جیهانێ
هەر کوردە بە خۆی نازانێ
کەوا چیان بەسەر هێناوە
چۆن مافی لێ زەوت کراوە
چۆن دابەش کراوە خاکی
چۆنیان دەم نان لە کەلاکی
چۆن وەکو گۆشتی قوربانێ
بەش بەشیان کرد لە مەیدانێ
هێمن وەک من تۆش دەزانی
چیان لێ کردین بە پەنهانی
بە دزی لاقیان بڕینەوە
ناویان بە زۆر سڕینەوە
نایانهەوێ هەرگیز هەبین
وەیا چەشنی مرۆڤ بژین
ئەمن هێمن تۆم هاودەرد بووی
چونکە ئەتۆش کورد و مەرد بووی
هێندێکت لەو کوڵە گرانە
کەوا خەمی کوردەکانە
هەڵگرت بەو شانی واکزت
رشتت ئەشکی چاوی بزت

# پەخشانەکان

# چلەی هێمن

## مەحموود شکاک*

کاتێ مێژووی ژیان و کارەساتەکانی گەلانی جیهان هەڵدەدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ڕۆژ و کات و ساتەی ڕووداوێک قەوماوە و کارەساتێک ڕووی داوە و لەو ڕووداو و کارەساتانەدا بە دەیان هەزار کەس دەخۆڵ و خوێن گەوزیون و بەرگی خۆیان لێ بۆتە کفن، یان بوونەتە خۆراکی قەڵ و داڵ.

لاپەرەکانی مێژووی ژیانی مرۆڤ چ لەو رۆژەوە کە کتێبە ئایینییەکان لە بیریانە و باسی شەڕی تاریکی و ڕووناکی دەکەن، یان هابیل و قابیل دەکەنە پەند بۆ کوڕو کاڵان، یان ئەوانەی تەیموور و چەنگیز و تاتار و هیتلێر ئەو خوێنخۆرانەی مێژوو بە لەشکر و سوپای تەیارەوە دەخەنە پێش چاومان گشتی یادی کوشتار و خوێنڕێژی و مرۆڤ کوژییە کە لەودا ژن و پیاو وێکڕا دمی تیژ شیری "خوێنڕێژان" ئاو دەدەنەوە، یان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ دا کە بەرەی مرۆڤ بە فیزەوە سەری هەڵێناو ڕایگەیاند بازگەی ژیانی نوێی دیوەتەوە و لە هەڵەمووتی دواکەوتوویی و خورافات تێپەڕیوە بە فەرمانی فەرماندەیەک، یان بە ویستی سەرۆکێک دەیان هەزار کەس نا، دەیان میلیۆن کەس ڕوویان دەقوربانگای شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی کرد و سەریان، یان بە سەر دارێوە کرا، یان بە تەقینەوەیەک پەڕی و قەت کەس نەیدیتنەوە.

بەڵێ هەموو ڕۆژێ دەیان و سەدن کەس دەبنە خۆراکی گوللە و شەست تیران، یان لە کۆنە کاولاندا دەبنە هێلانەی مێش و مەگەس و بۆنیان دونیایەک هەڵدەگرێ و کەس نییە تەنانەت بیان نێژێ و ناویشیان نییە با خۆشەویستی باب و پارەی جەرگی دایکیش بن، یان دەزگیرانی، یان تازەبووکی، یان کۆرپە و چووکەڵە منداڵێکیش شەو و ڕۆژ چاوەڕوانیان بێ.

بەڵام کاتێ ڕێبەرێک، پیتۆڵێک، یان بلیمەتێک، یان چازانێک شەهید دەکرێ، یان کۆچ دەکا مەلبەندی وڵاتی، یان تەنانەت جیهان ماتەم دایدەگرێ. کێ لەبیری

* وێژەنامە، گۆڤاری «سروە»، ژمارە ٥، بەهاری ١٣٦٥ – ١٩٨٦

دەچێتەوە ئەو ڕۆژانەی کە بۆ مهاتما گاندی تازیە دەگیرا و ئەورۆش کە ئەو ڕۆی، لەشی لەرزۆک و لاواز و چاویلکەکانی هەر لەبەر چاون جا چ ئەوانەی دیبیان، یان ئەوانەی بەسەرهاتەکەیان خوێندبێتەوە.

مێژووی سەدەکانی نویَ بە تایبەت سەدەکانی ۱۹ و ۲۰ پڕە لەو پیاو و ژنانەی کە ژیان و مانی خۆیان فیدای بەرەی مرۆڤ کرد، یان خۆیان کردە قۆچی قوربانی گەلەکەیان. ڕاستە ژمارەیەکی کەمیان لە مەیدانی خەباتدا سەریان دانا، بەلام لە دەستچوونیان بوو بە هۆی پەژارەی گشتی، بۆچی؟ لەبەر ئەوە چرابوون و وریاکەرەوە بوون، ڕینوێن بوون و ڕێبەر. لەبەر ئەوەی وەک خوێن دەڕەگی خەڵک دابوون هات و چوونیان مایەی ژیان و مان بوو.

مامۆستا هێمن لەو کەسانە بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیریی خۆی دەسەنگەری فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆردا بەخت کرد و وەک مۆم سووتا و ڕێگای پاشەڕۆژی بۆ ڕووناک کردین.

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

ڕاستە مامۆستا هێمن زۆر زوو لە نێومان ڕۆیشت بەڵام دونیایەک شوێنەواری لە پاش بەجێ ماوە کە دەتوانین پەندیان لیَ وەرگرین و بیانکەینە چرای ڕێگای داهاتوومان وەک خۆی.

بە دڵێکی پڕ خەمەوە لاپەڕەکانی "تاریک و روون" بە ئەسپایی هەڵدەدەمەوە هەر لاپەڕەی دەڵێی بەسەرهاتی بەشێک لە ژیانی ئەو خەڵکەیە و مامۆستا لە ئاوێنەی خەیاڵدا خۆی وەک میللەتەکەی هاتۆتە بەرچاو و لە پلەی یەکەمدا دەستی ماندوو و قەڵشیوی کرێکار و جوتیاری کوردی دیوە و پڕ بە دڵ فرمێسکی بۆ هەڵڕشتوە.

**قـەت لـە دنـیـادا نـەبوو بێجگە لـە ناخۆشی بەشم**
**مــات و دامــاو و پەشێو و بێکەس و چــارەڕەشـم**

بەڵام مامۆستا کەسێک نەبوو هەمیشە لە قوژبنێک دانیشیَ و چارەڕەشیی خۆی و میللەتەکەی بە فرمێسک هەڵڕێژیَ و ئاخ هەڵکێشیَ. هەستی ناسک و ڕووحی بەرزی وی قەت ئیزنی نەدایە لە نزمایی ژیان دەستەوئەژنۆ دانیشیَ بەڵکو سەری بەرزی ئاواتی بەرزی تێدا بوو:

رێبوارێکم ئازا و بە زیپک و زاکوون
دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بیرون
بەرهەڵستم دەکەم هەپرون بە هەپرون
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترووپکی ڕزگار بوون

مامۆستا هێمن دەستی دەدا هەر کارێکی فەرهەنگی و ئەدەبی بەڕاستی چازانیی خۆی دەسەلماند و کەم کەس پەیدا دەبوون لە بەرانبەر بیر و بڕوای بەرزی ئەدەبیی ئەودا ڕاوەستن. ڕێگای کاری دەساکاریدا و هەوێنەکەی لە نێو خەڵک هەڵبژاردبوو. بەڕاستیش لەو پێیەدا خۆی گەیاندبووە ترووپکی پێشکەوتن و چازانی بە جۆرێک کە دۆست و نەتەوەی پێیان هەڵدەگوت و ریزیان لێ دەگرت، بەڵام ئەو هەموو جارێ نیشانی دەدا کە دار هەتا بەرزتر بێ سەری نەویترە

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟
دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزی دەچم ئەگەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

مامۆستا لە شیعردا عاشقی بیر و بڕوای "نالی" بوو و لە باسەکانیدا هەمیشە لە شوێنەوارەکانی ئەو کەڵکی وەردەگرت و لە قووڵی و پڕیی شیعری نالی دەدوا و کاتێک دیوانەکەی نالی بە هیممەتی مامۆستا هێمن و پیشەکیی ئەو لە چاپ دراوە دەتگوت زەمان و تەمەنی بەرەودوا گەڕانەوەو پیرەهێمن گەڕاوەتەوە ساڵەکانی پڕ لە جموجۆڵی لاوەتی.

مامۆستا هێمن هەر حەزی لە شیعر نەدەکرد، بەڵکو زۆرجار قەڵەمی بە دەستەوە دەگرت و لە هەرێمی بەربڵاوی پەخشانیش دائەسپی زەوق و خەیاڵی لینگ دەدا و بە ڕاستی لەو مەیدانەشدا شۆڕەسوارێکی تاقانە بوو. شاهیدیش ڕاوەتاژی و زنجیرە وتار و پەخشانەکانیەتی کە لە پاشەرۆکدا کۆکراونەوە ئەگەرچی لە چەند جێگایان بە هەڵە لە چاپ دراون.

مامۆستا عاشقی ساکاری و جوانی بوو لە داتاشراوی و زەقی و ڕەقی زۆر بێزار بوو. هەر کات هەلێکی وەدەست دەکەوت دەیگوت "تۆ خودا لەو کەلیمە

زەورەق و داتاشراو و دزێو و ناشیرینانە دەنووسراوەکانیان ماوێن".

لە بیرمە بەرەبەری نەورۆزی ساڵی ١٣٦٤ بوو. لە خزمەت مامۆستادا میوانی شاعیرێکی مەزن بووین و لە وەتاغە ساکارەکەدا کەس متەقی لێ نەدەهات لەبەر ئەوەی دوو شاعیری پایەبەرز دانیشتوون و بە شیعری جوان و لەبار میوانداریيان لێ دەکردین. لە یەکێک لە شیعرەکاندا وشەی "پەرتووک"ی دەکار کرابوو کە مامۆستا بە بیستنی لە ڕانی خۆیدا و فەرمووی حەیف بۆ ئەو شیعرانەی ئەو وشە زەقەیان تێخزاوە!!

مامۆستا لەو دواییانەدا سەرەڕای ئەوەی پیر و پەککەوتە بوو حەزی دەکرد بگەڕێ و سەر لە هەموو کەس و هەموو جێیەک بدا و قسە بۆ هەموو کەس بکا وەک ئەوەی هەستی کردبێ دەرفەت کەمە و کار زۆر.

زۆر جار بە پیرەپیرە لەقەلەق سەربەرزی دەکردم و دەهاتە لام و داوای لێ دەکردم "بنووسم، بخوێنم، فێر بم و فێر بکەم."

ڕاستە باری ژیان زۆر قورسە و پشتی هەموو کەس دەچەمێنێتەوە، بەڵام ئەو بارە قورسە نەیتوانی هەتا داویینی هەناسە کۆڵ بە هێمنی بدا و لە خزمەتی ئەدبی و فەرهەنگی بگێڕێتەوە و ئەدەب و فۆلکلۆری ئەدەبی بژێوی هەرە بەتامی ڕووحی ئەو بوو کە لە سەرەتادا لە توحفەی موزەفەرییەدا خۆی نواند و دوایەش لە تاریک و ڕوون و ناڵەی جودایی و هەواری خاڵی و پاشەرۆک و "سروە"دا.

ڕاستە ئۆسکارمان هاتە کوردستان و لە ساڵەکانی سەرەتای ١٩٠٠ ی زایینیدا دەگەڵ (رەحمان بەکر) دانیشت و بەیتەکانی کۆکردنەوە، بەڵام مامۆستا هیمن لە لەشی مردوو و بێ گیانی ئەو بەیتانە زیندووی ساز کرد کە دەیان و سەدان ساڵ خۆ رادەگرێ.

مامۆستا هێمن کۆچی دوایی کرد و بە دونیایەک تاسە و ئاواتەوە سەری نایەوە، بەلام بڵێی ڕێگاکەی کوێر بێتەوە: خوێندن ــ نووسین ــ یەکبوون ــ خۆ بەختکردن ــ بە قوربانی گەل و نیشتمان بوون.

بەڵێ خوێندن و نووسین.

وەرن لاوان، مێرمنداڵان، کچان و کوڕان دایکان، بابان، قەڵەم بە دەستان چیدی لە تەوەزەلی و وێژینگ نەدەنی با ڕاست بینەوە و سەرێک لە گوڵستانی ڕەنگینی حاجی قادر و نالی و پیرەمێرد و وەفایی و هێمن و.....تاد بدەین و بە بەشی

خۆشمانەوە نەو نەمامێکی لێ بچەقێنین با ڕۆژی خۆی ئەوەندە لقوپۆپ دەربکا سێبەر بخاتە سەر ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە و بۆن و بەرامی هەموو گۆڕەپانی ژیان دابگرێ. بەڵکو ڕۆژێک بگاتێ ئەو گەلەش فرمێسک لە چاوان بسرێتەوە و ڕەشبەڵەکی شادی وەری بخا و چیدی هێمن ئاسا نەناڵێنێ:

**گەلێکم ڕۆژگـــاری تـــاڵ و شیرین ڕابـــوارد ئاخۆ**
**مـــەرگ مـــەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر**

**ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرەستارم کە پێم وایە**
**لە سەر کیکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر**

مامۆستا هێمن کۆچی دوایی کرد و لە سەر ویستی قوتابیان و لایەنگرانی سەرەڕای ئەو وەسیەتەی کردبووی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان لەسەر تەپکێکی بڵیند بەتاقەوە نێژرا، لە حاڵێکدا شارە جوانەکەی "مەهاباد" لەلایەکەوە لە ژێر پێیەتی و لەلایەکی دیکەوە گومبەزی بوداق سوڵتان لێی دەڕوانێ و مام بوداق بەخێرهاتنی دەکا و لەلایەکی دیکەشەوە هاودەمی سوورخەڵات و جوانەمەرگ و پیاو ماقووڵانی شارەکەیەتی و هەموو شەوی لە کۆڕی هەناسە سارد و جوانەمەرگەکاندا ڕوو لە مەلەکووتی ئەعلا دەکا و بە ناڵەی جودایی لە بارەگای حەق تەعالادا هاواری مەزلوومیەتی گەلەکەی بەرز دەکاتەوە.

# پیوسۆز

## فەتتاح ئەمیری*

خاکەلێوەی بەهارە، بەهار بە هارە هاڕی ئاوهەڵدێر، شەودیر بە شەو ئاوی ئاژنکراوی ئاودێر، گوڵ لە پەنای گەڵای سەوزی بێ وەنەوز، ئاونگ لەسەر گەڵای وردی پنگ، گەزیزەی زیز لە تەنیایی...

گوڵاڵەی گڕگرتووی پاراوی ڕێژنە، بەیبوونی بە بۆنی جیرانی هەڵاڵە، هەڵاڵەی ڕووداوی پەساری کوێستان، کوێستانی پساندووی زنجیری زستان وەنەوشەی بنەوشی بناران، مل کەچن هەزاران هەزاران.

هەر گیابەندە لە بەندی گیاخاوە، لایەک هەڵز و بیزایە، ئەولا کارگی کەمایە، زەوی لە خۆشیان کاسە، ڕێواس کیژی بڵباسە.

کەوڵی سەوزی گیاکەوڵە، پاناوک و دەشت و چڕ و دۆڵ و رووتەن و کیڵگە و بەیاری داگرتووە، کانیاوی بن بەردی بناری شاخ روونتر لە چاوی قرژاڵ، ڕووی کردۆتە ڕووگەی زەوی، زەوی تامەزرۆتر لەوی سینگی بۆتە پایەندازی میوانی هەڵقوڵیوی کانگای دڵی.

وێنووس دەستەشکاو لە حاست تەبیعەتە، بەو بەهاری وا رەنگین، لە بەزمێکی شاعیرانەدا... پیوسۆزێکی پڕ شۆق، بێ پرتە بێ دووکەڵ، ڕەنگ تەرز، سەربەرز و بێ وێنە لە نێو گۆرکی هۆدەکەدا بە ئەسپایی دایسێ. دەسووتێ و دڵان وەسووتمان دەخا، دەناڵی و بەردان وەناڵە دێنێ، دەلەرزێ و عەرزی و وەلەرزە دێنێ.

دیمەنی مات و بە ڕواڵەت تێکشکاوی سەرنجڕاکیشە، تەمەنی چۆتە سەرێ بەڵام تاوتینی ڕۆژانی لاوەتی تێدا دەبیندرێ.

جۆگە و ڕووباری ڕوخساری حیکایەتی تاڵی ئارەزووە پێک نەهاتووەکانی دەگەیەنێ. دەڵێی لە هەر چین و چرووکێکدا سەدان و هەزاران هۆمێد و هیوای ناشتووە.

فرمێسکەکانی شوێنەوارێکی دیکەیان لە سەر گۆنای جێ هێشتووە.

---

* وێژەنامە، گۆڤاری «سروە»، ژمارە ٥، بەهاری ١٣٦٥ – ١٩٨٦

سوێرئاوەکان شۆرەکاتیان بە پەلە پرووزە خستۆتە جێ. سەوزایی بەهار قەڵەمبازی درێژی بەرەو پاییزی بێ وادە هاویشتووە.

پیوسۆز بە پیریش پیرە، پر شۆقە بە تینە، گرشە دەکا، دەدرەوشێ، وەک بارێزەی بارانێ ئەسرینان هەڵدەوەرێنێ. پیوسۆز دەسووتێ و دەتوێتەوە و ڕووناکی دەدا. ڕووناکی بەرەو مەیدانی بێنیهایەتی زەوی.

لەبەینی خەو و وشیاری دام، لە گۆمی قووڵ و مەندی خەیاڵدا وە مەلە کەوتووم، لە بارەگایدا وێستاوم.

ڕوو هەڵداوێم و لێی دەپرسم. دەڵێم: "ئەی پیوسۆز، ئەی حەمری من، ئەی چاوی من، میوانم و خەستەم و بە ڕێیەدا هاتووم. نەقڵێک سەرگوزەشتەیەکی هەتە بۆم بگێڕەوە."

بە ئاهەنگێکی نەرم و لەرزۆک بە دەنگێکی گەرم و دڵگیر دەڵێ:

ئەو وەختەی دەستی نەوەستاوی وەستای سروشت منی بەو چەشنە دارشت، کردمیە بەرپرسی ڕووناکی، ڕووناکی بەرچاوی خەڵک. لە سووتەمەنی چم نەبوو هەڵی کەم، نە نەوت نە دەستەچیلە، نە ئەستی نە پووشوو، شەوگاری درێژ و ڕەشی بەسام، ئاسمانی بێ ئەستێرەو کشوماتی کوردەواری داگرتبوو.

کوندی شوومی نەگبەت و چارەڕەشی لە گوێسوانەی سەربانی پانوبەرینی وڵات هێلانەی کردبوو، کوڵی دڵ، ئیحساسی گاڵتە پێکراو، ئاگری بن ژیلەمۆی لە مێژینە، تاو و تینی دەروون، خۆمی هەڵ کرد، بڵێسەم چۆ سەرێ، گرفاندم و گڕم گرت، ڕووناکیم وەرگرت و دامەوە.

لە کوێڕا دەس پێ بکەم؟ کامیانت بۆ بگێڕمەوە؟ لە تاریک و ڕوونی ژیان؟ لە ناڵەی جودایی؟ لە هەواری خاڵی؟ لە پاشەڕۆک؟

بەیتی دم دم و بەسەرهاتی شا و گەداشم هەڵگێر و وەرگێر کرد، ئەوەی دیاری بوو پێشکێشم کرد، ڕەنگە زۆریانت بیستبێ، واچاکە شتێکی نوێ باس کەین، گەرچی کۆنە، بەڵام نەگوتراوە بەیتی "شەڕ لەگەڵ با".

بەڵکوو ماندوویەتیت لە لەش دەرچێ و بیکەینە پردەبازی سەفەری درێژی شەو.

لە شەماڵ بدوێین:

شەماڵ بە لرفەلرف و لوورەلوور، پەیتا پەیتا بە تۆزو خۆڵ و گەردەلوول، دەنگدانەوەی خڕوپڕ و دەرو دۆڵی سەر ڕێی بە گوێم دادەدا، جاوی پڕ

دەکردمەوە، وردە وردە خیزی بە لاچاوم دادەدا، دەی گوڕاند، دەی نەڕاند، دەیگوت: کڕ بە، کەڕ بە، کوێر بە، مات بە، لێم گەڕێ با ئەسپی خۆم بە تەنێ لینگ بدەم، نازانم چیت گەرەکە؟ ئەمن سوڵتانی کوێستانم ئەمن هەوام، ئەمن تۆزم، ئەمن پۆزم. زۆر بەردی قورسی لە تل نەهاتووم لە سەر ڕێی خۆم تلاندۆتەوە، زۆر گۆم و بەندی مەندی پنگاو کراو و قەتیس ماوم تەفر و تونا کردووە. خامۆش بە دەنا گەرووت بە گڕ و لۆکەی خۆت پڕ دەکەم. بێدەنگ بە، کزو بێ نوور بە، دەنا هەموو مووچە و مەزرای گەرچک و پەمۆت بە ڕنووی گڵ دادەپۆشم و چەورەسانت لە ماڵێدا ناهێڵم.

ئەگەر نەکووژێیەوە، ئەگەر ببووژێیەوە، ژیانت ژوان و شەوراوی من دەکاتە ژەهر، ڕووناکیت شەوگەڕیم بێ شەوارە دێڵێتەوە، خەونی خاپوورکردنی وڵات لە خەفەنگی فەرامۆشیدا ون دەکرێ.

دیسان ئانگژام دەبوو، پەلاماری دەدام، بە ڕق و قینەوە فووی لێ دەکردم. دەهاتم کز بم، پشت، دەچەمایەوە... ئەمما کڕنۆشم نەدەکرد، دەهاتەوە بیرم ئەو ئەرکەی لە سەر شانمە قورس ترە لەو بڕکەی لە شانم دەدرێ.

وردە وردە بە خووگەملە شەو شەق کرا، ڕووناکی بە سەر تاریکیدا زاڵ دەبوو. لە ئاسۆی دووری وڵات هەوەڵ گزینگی هەتاو ڕوومەتی هەردی ساردی ماچ دەکرد، شەماڵ لە هەڕوگیفان دەکەوت. پاشەکشەی دەکرد، بە پێدزە خۆی دەخوارە بایان دەگرت وەها کز دەبوو کە باڵە پەپوولەی سووتاوی دەور و بەرمی نەدەبزاوت دیسان من بووم و ڕووناکی:

ئاخ دنیای ڕوون چەن خۆشە، بریا داری بریایان سەرەوبن نەڕوابا، خۆزگە لاس لە خەزاڵ و خەج لە سیامەند و شەم لە شەمزین و مەم لە زین دوور نەبوویانەوە، بریا لەیلا بە مەجنوون و فەرهاد بە شیرین بڕابان. خۆزگە دڕک و داڵی سەرەرێتان، پێشێلکراوی بەر پێی پیاوانەی مرۆیان بان، بریا توانیبام لێفەی لە سەر هەتیوان هەڵدەمەوە.

پیوسۆز قسەکانی بە دنیایەک سۆزەوە درێژە پێ دەدا. لە بەحری پڕ شەپۆلی خەیاڵی ڕۆژان و شەوانی لاوی وەمەلە کەوتووە، بزە دێتە سەر لێوی بە یادی ڕۆژانی بزۆزی.

فرمێسک دەڕژێتە سەر گۆنای بۆ شەوانی پڕ لە تاسە و هەنیسک، ئەسرین و بزە، تاریک و ڕوونی ژیانی پڕ لە ژانی ئەون. پێدەکەنێ ئەمما لە دڵدا دەگری،

پێکەنین بەوانەی نازانن چییە، پێکەنین بۆوانەی نازانن چ دەکا. کاری وی لەوانە تێپەڕیوە.

پیوسۆزم بە داوایەکەم سووتاند. لە پرسیارم شەرمەزارم، لۆمەی خۆم دەکەم بۆ بوومە هۆی سووتانی پتری. لە سەر چی خوێم بە زامی دەروونی داکرد؟ ڕەنگی بزرکاوی منیشی لەگەڵ دەرد و ئێش ئاشنا کرد. چارە نییە، دەبێ گازی کەم، پیوسۆز! پیوسۆز!..... لەنەکاو لە قووڵایی گێژاوی خەیاڵ هاتە دەرێ، لەمێژ بوو لە قسە کەوتبوو، هەودای پساوی قسەکانی ئاوا گرێ دا: بەڵی شەماڵ لە فڕە کەوت.

پێش ئەوەی دەنگی تۆپ و تەشەری شەماڵم لە بیر بچێتەوە، وردە وردە زریان هەڵی کرد. بای سرِی بەیان لێم نیزیک و نیزیکتر دەبوو، وەک شەماڵ بەگاڵەگاڵ نەبوو، کەچی لەبنەوەبڕ و بە ئەزموون و شارەزا بوو. دەیگوت ئەمن شەماڵ نیم، ئەمن فێنکایی دەدەم بە وڵات، زەوی سەرسەوز و دەوەن سەرسەوزتر دەکەم. ئەمن کەموکوڕیی پەڵەی بەهار پڕ دەکەمەوە، ئەمن سەدان چاوی خەواڵووی بەنازم لە خەوی نازی بەربەیان بە ئەسپایی ڕاپەڕاندووە.

ئەمن هەر نازکێشی نازادارانی نازشێواوم، ئامێزم پەنای نەخۆش و دەردەدارانە، لەرە و لەنجە و ورشە و گرشەی شۆڕەبی لە من دایە، بە ڕوو و مازوو و سێچکە و گەڵوان من خڕم هەڵدان، خەرمانێ من بەبای دەکەم، خەرمانی خەم بەبا ناکەم، شادی دێنم، شادی دێنم، خەم ڕەوێنم، خەم ڕەتێنم. بە من دەکەی وەرە کاکە، ڕوو لە من کە پشت لەولا کە. بەو فڕوفیڵانە ئاوی ڕەدڵان دەخست و بە ئاوی زمزم و کەوسەر دەسنوێژی هەڵدەگرت، ڕادەمام، تێ دەمام، تێ نەدەمام، ئەوەش ڕاست ناکا، دەیەوێ بمکوژێنێتەوە.

نا نا قەرە لە قەرەی وەش دەدەم.

کاتێ زریان زانی قسە بێ سەمەرە، بەهەموو هێز و توانایەوە هەناسەی ساردی بەویزەویزی بلوێرێدا بەرەوڕووم تووراند. تووراندی، بەڵام نەی پاتراندم، پەتەی کەوتە سەر ئاوێ ئەمما پتوونتر ڕاوەستام، مێشکی سەری بردم، کەچی میشکی سەری نەبردم، تۆزی لێ بڵیند کردم کەچی تۆزێکی بۆ نەرم نەبووم ئەویش بە دەردی شەماڵی پار چوو.

پاشان باسەر، با ڕۆژ، شنەبا و گژەبا هەموو و هەموو ویستی وەستانی منیان کرد و خەونی خامۆشیی منیان دی.

با له پشوو کەوتن، زنجیرەکان پسان، کۆت و کەلەپچە دەملی و دەستی خاوێنان کران. دوورخراوەکان نیزیک بوونەوە، با وەشە سارد و سڕەکان گەرم و گوڕ بوون، جارێکی دیکە گڵکۆی شەهید بوو بە جێگای گوڵاڵە و نەسرین. پەنجا و حەوتەمین ساڵی تەمەنم بە کێکی ئازادی جێژن گرت، گرفە و گرشە و تین و تاوی لاوەتیم گرتەوە، ئۆخەی نەمردم جارێکی دیکە وڵاتی بانەگر و تێکشکانی دێوزمەی گەگرم دی.

ئێستاش جاروبار سروەیەکی بلاوێن و دڵرفێن بە پەنامدا تێ دەپەڕێ، باوەشێنی دڵ و حەسانەوەی مێشکمە.

بەزمی شیعر، بەزمی ئەدەب، وڕینگەی هەست، زرینگەی زێوی قاڵی وشە، ترووسکەی نووکی قەڵەم، هەمووی و هەمووی لە دەوری پیوسۆزی پیر، چاوەنواڕی شیعرێکی دی و ڕەمزیکی دی بوون...

لەناکاو گەرم و گوڕی گرت، پیوسۆز لە گرشە کەوت، گێژ و وێژ، سڕ و کاس، لە ڕوانینی کۆلکەزێڕینە کەوتمە ژێر برووسکەی هەورە تریشقە، بە کێوێک ترس و لەرز و خەم و کەسەرەوە لە سەر تەرمی بێدەنگ و خامۆشی پیوسۆز دامام، جگە لە چەند فرمێسکی ڕوون چی دیم لێ نەدی، ئەسرینەکانیش ڕوون بوون و ڕووناکیان دەدا، تا ئاخر دڵۆپ و ئاخر هەناسە ئایسا و سووتا. نەوەستا، تا دڵی وەستا، وەستا.

شەو تاریکترە لە شەوە، هەوا کەوڵی ڕەشی پۆشی، ئاسمان بە کوڵ دەگری، ڕێژنە شۆرابەی بەرداوە، برووسکە بەرەو هەوا فڕی، ئەستێرە ون بوون، مەل لە جریوە کەوتن، گوڵاڵە جەرگی ڕەش بوو، وەنەوشە سەر لە هەش دەنێ، سەوزایی شین دەکا لێرە، دار باوەشیان پێکدا دێنن، گەڵا فرمێسکیان دەڕژێنن ئەدەب ئەستێورە، زەمان وەجاخ کوێرە، شۆرەبی پرچی لە قوڕ گرت، قوڕ خاکی دنیای وەسەر کرد.

زەوی بۆ سنووری بێ سنووری خەیاڵی هێمن بەرتەنگ بوو. لێی تێپەڕی، لێی نەگونجا ڕۆیی بەرەو دەریای بێ بەستێنی ڕوحمی خوا:

**هـێـمـنـە گــــــەورە و پــــیـــری هـــۆزە**
**شـــاعـــیـــری شـــۆڕشـــەکـــەی پــــیــــرۆزە**
**ئـــەو کـــەســـەی دار و دەوەن بـــۆی دەگـــری**
**گڵە مەرگت بێ ئەگەر گەرمی لە باوەش نەگری**

# شینگێڕی

## عەلی نانەوازادە*

بەهار وەرزی هەڵدان، وەرزی پشکووتنی خونچە، وەرزی ئازادیی مەلان، وەرزی خۆشی و پێک گەیشتنە. بەڵام لەوەها بەهارێکی تەڕ و تووش ڕێبواری پیر و ماندوو بە ئامانج گەیشت و دەگەڵ خوناوەی سەرپەلکی گوڵ کەوتە ژێر بارستی دڵ و دنیای ئێمەی بەجێهێشت.

هاورێ دەگەڵ سەرەخۆشی لە تەواوی ئینسانەکان، بە یادی مامۆستای هەرمانی ئەدەبیاتی کوردستان، بە یادی ئینسانێکی ڕاستەقینە، بە یادی پیرێکی خۆشی نەدیو، بە یادی ئاوابوونی ئەستیرە گەشەی ئاسمانی هونەر، قەڵەمی توانا بە دەستی ناتوان دەگرین بەڵکەم بتوانین هەرچەندە کورت بێ یادێک لەم یادگارەمان بکەین.

* * *

چەندی هەور گرماندی، چەندی با گوڕاندی، چەندی باران باراندی، ساڵ هاتن و ساڵ چوون، بەهار هاتن و تێپەڕ بوون، هەتا بەهاری ساڵی ۱۳۰۰ داهات. دایکی نیشتمان وەخۆ هاتەوە، تۆزی سەدان ساڵەی لە خۆ تەکاند و دەستی بە بەرەکەتی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە.

لە شەوەزەنگێکی تاریک و تنۆک، ئەستێرەیەکی گەشدار ئەنگوت. زێنەب ناوێک لە زگ بووە. گریانی کۆرپەیەکی تازەزاو خەڵکی گوندی لاچینی لە خەو هەستاند.

تەم ڕەوی، باران وەستا، با کەوت، سروەیەکی نەرم شانەی بەسەر بسکی ئاڵۆزی بەڕەزا دا داهێنا، چورەپوپنەکی بەرز و بەرزتر بۆوە و یەکەم گزینگی خۆرەتاوی دەباوەش گرت و بەرەو گوندی تازە لە خەو هەستاو لوور بۆوە.

دیوەخان ژاوەی دەهات. نۆکەر و پاکار خەڵات کران. دێ شایی دە دڵدا گەڕا.

شکوور ئاغا کوڕی بووە.

---

* وێژەنامە، گۆڤاری «سروە»، ژمارە ٥، بەهاری ١٣٦٥ – ١٩٨٦

کوڕێک که دەبا ژیانێکی ئاسایی هەبا و جێگەی باب و باپیرانی گرتباوە لە هەمان سەردەمی منداڵی، گەردوون بە پێچەوانە دەگەڵی جووڵاوە و ڕێبازی کل کرد.

دایکی بێڕەزا شیری ویشک بوو، کۆرپەی کز و لاواز بە شیری دایەن فرچکی گرت و بە زۆر خۆی بەسەر ژیاندا سەپاند.

کوڕ هەر کوڕە. دەبێ گوێزەبانەی بۆ بدەن و بانگی بەسەردا بدەن:

ناوی ئەم کوڕەم نا محەممەدئەمین

"ژیان ناپسێتەوە، تەبیعەت ئەستیور نابێ. ڕۆژ و مانگ و ساڵ بە دوای یەکدا ڕێچکە دەبەستن. زۆر "سەید حەسەن" چاو دەکەنەوە، دەگەنێ، ژن دێنن و دەبنە باوک. زۆر "زێنەب" بە خۆ دادێن، بە بووک دەچن و زگ دەکەن. زۆر محەمەدئەمین لە دایک دەبن، پەرەوازە دەبن، پیر دەبن و دەمرن.

تایفەی شیخولئیسلام زۆر کەسیان لێ هەڵکەوت کەچی نەناس مردن و سەریان نایەوە. بەڵام لە گوندی لاچین لە بنەماڵەی شێخولئیسلام کۆرپەیەک هاتە دنیا محەمەدئەمین ناو کە دەگەڵ هەزاران هەزار محەمەدئەمین جیاوازی هەبوو.

محەمەدئەمین وەگاکۆڵکە کەوت. هەستا سەرپێ. چووە فێرگە. دەرسی خوێند. گەورە بوو. پێ گەیشت. ژیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هێنا، کۆمەڵ کاری تێکرد، گەردوون ئارەقی ڕشت، خۆی نەوەستا. ڕێبازی پڕ لە کەند و لەندی بڕی. بەرهەڵستی وەلا نا و تلی بە گابەردان نا. بەرەو ئاسۆی ڕوون هەنگاوی هەڵێناوە. کەوت، هەستاوە، لە ئەژنۆ کەوت، بە چوار دەست و پێ ڕۆیشت، محەمەدئەمین گۆڕا، هێمن گۆڕا.

هێمن ئیتر محەمەدئەمین نییە، هیمن ئیتر منداڵی دایک و باوکی نییە. هێمن هێمنە، کۆرپەی هونەر و کورد.

"هێمن بوون ئاوا سووک و هاسان نییە، بە خۆ هەڵمسان، بەبا فش کردن و لەخۆبایی بوون پێک نایە، بە چەند دیرنووسین، چەند قسە کردن و چەند شیعر گوتن، تەواو نابێ، فیداکاری، گیانبازی و لە خۆبوردنی دەوێ. پێویستی بە چاوی نەترس و کۆڵنەدان و نەبەزین هەیە."

* * *

مردن حەقە، بەڵام مردن هەیە تا مردن. خۆرەتاو بە تەواوی شکۆ و

عەزەمەتی دەپەڕێ و ئاوا دەبن، بەڵام بەر لە ئاوابوونی ئاسۆ دەگۆڕێ و ڕەنگی خوێنینی بەسەر دەشت و دەردا بڵاو دەکاتەوە. هەتاو سەردەنێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە بە جۆرێکی دی لە ڕۆژهەڵاتەوە سەردەردێنێتەوە.

زانایان و ئەدیبان بەڕواڵەت دەمرن، بەڵام دەگەڵ هەر بەیانییەک سەرهەڵدێننەوە و بە شۆقی خۆیان ڕێگەی داهاتووان ڕووناک دەکەن.

هێمن "ئارەش"ی کورد مرد! بەڵام لە ژیاندا تەواوی تەوان و هێزی بۆ دیاریکردنی سنووری زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دەکار کرد و تاکو مەڵبەندی زمانەکانی پێشکەوتوو تیری هاویشت، هێمن سنووری بۆ دیاری کردین لە سەر ئێمەیە کە ئاگاداری لێ بکەین.

بەو ئاواتە کە بتوانین ڕێگەی بگرینە بەر و پەرە بە ئامانجی بدەین. بەو هیوایەی کە لاوەکانی ئەدەب دۆست نەوەستن.

# مەهاباد

## عەلی نانەوازادە*

هەورە گەواڵ گەواڵەکان یەک دەگرن بە سەر یەکدا دەکەون و ئەستوور دەبن. شەماڵ سەر بە کەلێن و قوژبنی شاردا دەگرێ و ئەوەی وەگیری دەکەوێ ڕەپیچەکی دەدا.

شار تێکەڵاوی شەو بووە. برووسکێک بە هەورەکاندا دەگەڕێ و ئاسمان و شار ڕووناک دەکاتەوە. شاعیری پیر لە سەر لاتەنیشت درێژ بووە. ئانیشکی لەسەر سەرینەکەی چەقاندوە و جگەرە بە با دەکا. چەند پەڕ کاغەز و قەڵەمێک لە پەنای کەوتوون و خۆی وەک ڕاوکەرێک دەنیو دووکەڵی جگەرەدا خەریکی ڕاوە، ڕاوی بیر و خەیاڵ.

گرمەی هەور وەخۆی دێنێتەوە. نیچیرەکان بڵاو دەبن و دەپرینگێنەوە. جگەرەکەی دەکووژێنێتەوە و هەڵدەستێ.

ڕێژنە بە تەوژم وڵات دەکوتێ. بارانە گلەبانەکان دەشواتەوە و بە پلووسکە زار بە هاوارەکاندا رایان دەماڵێتە خوار.

هەڵمی شووشەی دەلاقە دەسرێتەوە. دەڕوانێتە دەرێ. چراکان کووژاونەوە و تەنیا تارمایی خانووبەرەکان دیارن کە خۆیان داوەتە بەر باران.

پەنجەرەی دەکاتەوە و دەستی درێژ دەکا. بایەکی سارد و دەگەڵ بۆنی باران و گڵی تەڕ خۆ بە ژوورێ دا دەکەن. دەستێ بە دەموچاوی دادێنێ. تەزوویەکی ساردی پی دادێ. پەنجەرەی دادەخاتەوە و بە پەلە دەجێگای دەخزێتەوە. بەرەو پشت درێژ دەبێ و لێفەکەی هەتاکو ژێر چەنەی هەڵدەکێشێ.

برووسک و گرمە و ڕێژنە بێوچان و بێ بڕانەوە خەریکی کاری خۆیانن.

پشتی ژانێکی پی دادێ و دڵی دادەخورپێ. ڕادەچەنێ و لە سەر جێگاکەی دادەنیشێ. دەمی وێک دەنێ و بە تفنکیدا هەناسەکانی دێنێ و دەبا. بە غەریزە هەست دەکا مەرگ لیی نیزیک دەبێتەوە. ترسی مردن و بە جێهێشتنی دنیا مووچوڕکی پیدا دێنێ. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و بە ئاخێک دەیداتەوە

---

* گۆڤاری سروە، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٣٤، بانەمەڕی ١٣٦٨ / ١٩٨٩.

دەرێ. سەری دەگێڕەوە دێ و جاوی ڕەشکە و پێشکەی دەکا. بە دەستەکانی ڕووی دادەپۆشێ و جاوی دەقووچێنێ. مێشکی بە پەلە پەل وەکار دەکەوێ، ڕابردووی بۆ ڕێچکە دەکا. دەفتەری ژینی پەڕ بە پەڕ بۆ هەڵدەداتەوە، ئەوەی لە بیری چۆتەوە وەبیری دەخاتەوە. پێی سەیرە. قەت زەینی ئاوا باش کاری نەکردووە.

چاوەکانی دەکاتەوە. بەڵام نا، دەربازبوون نییە. دەفتەری ژینی لەسەر لاپەڕەی مەهاباد ڕاوەستاوە. دێڕ بە دێڕی بۆ دەخوێنێتەوە. مەهاباد لە مێشکیدا دیت و دەروا. خولان دەدا و لە بەرانبەری دادەنیشێ. چاوە ڕەشەکانی تێ دەبڕێ،. چاوەڕوانی وەڵامە.

سەری ڕادەوەشێنێ بەڵکم ئەم خەیاڵانە لە خۆی دوور کاتەوە، بەڵام کەلکی نییە و دەبێ خۆی بە دەستەوە بدا. ئەوجار خەیاڵ ئەوی ڕاو کردووە. خۆی تەسلیمی خەیاڵی مەهاباد دەکا. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە پەڕیوە ببوو، دەگەڕێتەوە...

ئێوارەیەکی خەمباری پاییزییە. نۆبە دەسەڵاتی زریان و هەڵوەدابوونی گەڵا هەڵوەراوەکانە.

وەک چەلان بە شل و شەویقی جلەکانی دەبەر دەکا. دەیەوێ وەدەر کەوێ و لە شوێنیکی دوور کوڵ و کۆی هەڵڕێژێ.

"لە وڵاتی نامۆ دایمو دەرهەم غەمێک لە سەر شانی غەریبانە کە وەک سێبەر بە دوایانەوەیە. ئەویش غەمی هەڵوەدابوونو پەڕیوەیی، غەمی جوێبوونەوە و هەڵبڕانە. ئێواران ئەو دەم کە خەریکە سێرە هەڵگیرێ ئەم غەمە تەشەنا دەبێتەوە و غەریب هان دەدا کە خۆی لە کۆمەڵ و حەشیمەت دوور خاتەوە و پەنا بۆ چۆڵایی بەرێ و لەوێ پڕ بە دڵ بناڵێنێ و بۆ ماوەیەک خۆی سووک کاتەوە."

لە بەر ئاوێنە دەستێک بەسەر و پۆتەراکی دادێنێ. ژێرچەنەی هێشتا پەڵەمووی پێوە ماوە کە وەدەر دەکەوێ. لە بەرانبەر دەرگایماڵەکەی چاوی بە کچێکی لەباری تازە پێگەیشتوو دەکەوێ کە پاڵی وەدیوار داوە و چاوی لێ دەکا. خەفەتێک لە چاوە ڕەشەکانیدا بەدی دەکا. ڕووی وەردەگێڕێ و دەیەوێ بڕوا کە کیژ بە پەلە خۆی دەگەیەنێتێ.

- ببوورە ئەتۆ مامۆستا هێمنی!

- وەڵا هێمن هەم بەڵام مامۆستایەتیم نەکردووە.
هەر دووک پێدەکەنن. دەستی لە سەر لاشانی دادەنێ و دەپرسێ:
- چ بووە کچم بۆ وا خەفەتباری؟ ئەتۆ بۆ دەبێ بزانی پەژارە یانی چی.... چ قەوماوە؟
- دەمویست... من.... یانی دەڵێم ئەگەر وەختت هەیە دەمەوێ هێندێکت قسە دەگەڵ بکەم. دەمویست بێمە لات بەڵام... بەڵام پیم شەرم بوو.
- بێ قەزا بی کچم ئەگەر خەڵک لەم شارە سەریان نەدابام تاکو ئێستا دڵم تۆقیبوو.
وێکڕا دەچنەوە ماڵ. با بە کەلێن پەنجەرەکاندا بە وژەوژ خۆ دەژورێ دەگوتێ.
لە بەرانبەر یەک دادەمەزرێن.
- چایی دەخۆیەوە کچم؟
کیژ بە پەلە وەڵام دەداتەوە:
- نەخێر مامۆستا گیان، زۆر سپاست دەکەم، زەحمەت مەکێشە.
- زەحمەتەکە بۆ خۆت دەبێ بیکێشی. هەستە سەماوەرەکە تێهاوێ با بەبۆنەی تۆوە منیش چایەکی بخۆمەوە.
کیژ بە بزەوە سەماوەرەکەی هەڵدەکا و لە سەر جێگەی دادەنیشێتەوە. هێمن چاوەڕوانە. کیژ زاری هەڵدەپچڕێ و بە پتەپت و منگە منگ دەڵێ:
- نازانم چۆن دەست پێ بکەم... ئاخر... دەزانی چۆنە، من.... من کوڕێکی عەرەبم خۆش دەوێ.
- دەی ئەوە هیچ قەیدی نییە.
- لەم ڕۆژانەدا هاتنە خوازبێنیم بەڵام باوکم ڕازی نەبوو.
- هەر ئەوەندە؟
- بەڵێ.
- وەڵڵا کچم نازانم بڵێم چی؟ بە داخەوە لە نێو ئێمەدا ئەو دابە هەیە کە کچی خۆیان نادەن بە کەسی بێگانە. دەردێکی گەورەیە دەنا کوا خۆشەویستی ڕادە و سنووری هەیە. کەنگێ دڵ پێویستی بە زمان بووە. دڵ خۆی زمانێکی جیای هەیە کە هەموو خاوە دڵێک تێی دەگا و لە کاتی بێدەنگیدا هەزار قسە و ڕازی بە دمەوەیە. من بەش بە حاڵی خۆم ڕێز بۆ خۆشەویستی و هەستت دادەنێم و پێم وا نییە کە کارێکی چەوتت کردووە کە وەدوای دڵ

کەوتووی. کوڕە چ کارەیە؟ بەرەی خۆی پێ لە ئاوێ دێتە دەرێ؟ چونکە لەوانەیە بابت ئەوەی بۆ گرینگ بێ.

- کوڕە "ضابطه". ئێوە پێی دەڵێن ئەفسەر.

- نەخێر وادیارە ئەوە نییە. باشە بۆ خۆت لە بابت نەپرسیوە کە بۆچی ڕازی نییە؟

- پرسیومە هەر لەبەر ئەوەش هاتوومە لات تاکو ڕای تۆش بزانم. خۆم ئەوەندەم بیر لی کردۆتەوە وەختە کەللەم بتەقێ. تۆ لەم شارەدا دەمڕاستێکی کە خەڵک قسەکانت دەسەلمێنێ. باوکیشم تۆی زۆر خۆش دەوێ و شیعرەکانی تۆی هەموو لەبەرە.

- کەوایە خۆت دەزانی هۆیەکەی چییە دەی فەرموو.

- باوکم دەڵی من کارم بە تۆ نییە شوو بە کێ دەکەی، بەڵام ئەگەر شوو بەم "ضابطه" عەرەبە بکەی دەبێ ناوت بگۆڕی و بە ناوێکی دیکە شووی پێ بکەی.

لە قاقای پێکەنینی دا. کچەش پێدەکەنێ. هێمن هەروا بە پێکەنینەوە دەڵێ:

- بە ڕاستیتە، یان گاڵتەم پی دەکەی؟ جا چۆن ناوت بگۆڕی وەڵڵا لە تەواوی تەمەنمدا شتی وا سەیرم نەبیستووە. تۆ خۆت پیت سەیر نییە؟

- بۆچی، منیش پێم سەیرە.

هێمن دیسان پێدەکەنێ و دەپرسێ:

- دەبێ ناوێکی سەیرت هەبێ ها؟ بە ڕاستی ناوت چییە؟

- مەهاباد!

- مەهاباد؟

بزە لە سەر لێوی دەمرێ. تەواوی شاری مەهاباد، بە کەسوکاری، گەورە پیاوانی، بە کووچە و کۆڵانەکانییەوە دەرەی دەتەنن. خۆی پێ ڕاناگیرێ و وەک منداڵێک لە پرمەی گریان دەدا.

کیژ دەشەمزێ. بە شپرێوی دەسرەیەکی دەداتێ. هێمن هەروا دەگری. مەهاباد تاقەتی تەواو دەبێ و ئەویش وێرای هێمن دەست دەکا بە گریان.

گەڵایەکی زەردهەڵگەڕاوی لانەواز خۆ بە پەنجەرە دا دەدا. هەر دووک وەخۆ دێنەوە. هێمن بە هەنیسکەوە دەڵێ:

-کچم ئەو قسەم لە ڕووی عەقڵەوە نییە، بەڵام هەستم دەڵێ کە حەق بە

بابتە. برۆ، برۆ ناوت بگۆڕە و مێرد بەو عەرەبە بکە.

مەهاباد فرمێسکەکانی دەسڕێ و بە بێدەنگی وەدەر دەکەوێ. دەڕوا بەڵام ناوەکەی بۆ خۆی دێڵێتەوە.

سینگی ئاسمان خۆش خۆش ئاورینگی لێ دەبێتەوە. گرم و هۆڕی خەڵک ڕادەپەڕێنێ. باران هێشتا لێی نە کردۆتەوە. شاعیری پیر سوکنایی هاتۆتێ و ئێشی نەماوە.

"بۆچی ئەم کارەم کرد؟ بۆ کچێکم مەحکووم کرد کە تەنیا بۆ خاتری ناوێک دەست لە هەستی بشواتەوە؟ ئەمن بۆ دەگەڵ بابی هاودەنگ بووم، منێک کە دەمگوت خۆشەویستی هیچ ڕادەیەکی نییە و دەنێوان دوو دڵداردا نابێ هیچ لەمپەرێک هەبێ؟ منێک کە دەمگوت:

**ئــەویــن نــابـیـنـێ بـەیـنـی قـــەوم و دیـنــان**

**ئــەویــن نــازانــێ فــەرقــی تـویـژ و چینان**

بۆ دەبێ ناوێک ژیانی کەسێک بگۆڕێ و خۆشەویستی و ئەوینێک بفەوتێنێ. من بۆ وام کرد؟

داخودا ئەو کچە ئێستا لە چ حاڵێک دایە؟ بڵێی تووکم لێ نەکا کە هێلانەی ئەوینم لێ شێواندن و خۆشەویستیم لێ تێک دان؟

قەڵەمەکەی دەست دەداتێ. دەیەوێ شتێک بنووسێ. کاغەزی سپی چاوەڕوانە. مەهاباد دوو باڵی بچکۆلەی بەسەر شانەوەیە و بە دەوریدا هەڵدەفڕێ و پێی پێدەکەنێ.

شاعیر دەستی بۆ لای درێژ دەکا. لە بەرچاوی ون دەبێ و لە مەودایەکی دوورتر دیسان وەدیار دەکەوێتەوە. بۆ لای دەچێتەوە، بەڵام دیسان ون دەبێتەوە. تاقەتی نامێنێ، ئەژنۆی شل دەبن. مەهاباد بەرانبەری ڕاوەستاوە و پێدەکەنێ.

بە دەستی لەرزۆکی، بە خەتێکی خوار و خێچ لەسەر کاغەزی تامەزرۆ دەنووسێ: مەهاباد پێدەکەنێ، ملی لار دەبێتەوە و بە سەر سەرینەکەیدا دەکەوێ..

باران لێی کردۆتەوە، هەورەکان بڵاو بوون و زەوی شۆرا و بریقەی دێ. تریفەی مانگ لە سەر شارە خنجیلانەکەی مەهاباد لەنگەری گرتوە، دەڵێی مەهابادیش لەو شەوەدا پێدەکەنێ.

# یادی هێمن

## حەسەن سەڵاح سۆران*

لەو کاتەوە کە کاک هێمن ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبی کورد کۆچی دوایی کرد، ئەو مەسەلەیە سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا کە کۆمەڵ بە تێکڕاییو تاقمی هۆنەران بە تایبەت، هەستی قەدرزانینی خۆیان سەبارەت بەو هۆنەرە پایەبەرزە دەربڕی و بۆ نموونە ئەگەر لاپەڕەکانی گۆڤاری سروە بخوێنینەوە، دەبینین کە سەدها هۆنراوەو پەخشان و شتی دیکە بۆ ڕێزدانان لەو ئەدیبە گەورەیە نووسراوە، کە ئەمە بۆ خۆی بە نموونەی هەستی گشتی کۆمەڵ دەژمێردرێ کە بە ڕاستی جێگەی قەدر زانینە و دەبێ هەم لەو هۆنەر و هونەرمەندانە و هەم لە گۆڤاری بەڕێزی سروە سوپاس بکەین و، ئەم کارە بە چەشنە گەیشتنێکی بیری ئەدەبیی گەل بزانین.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە وەک کەسێک کە ماوەی سی و سێ ساڵ ( یەک سێهەمی سەدە)، خەریکی ئیشی هونەری بووم، دەمەوێ ئەوم بیروڕایەی خوارەوە بە چەشنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەربڕم، تا بەڵکو بە خوێندنەوەی ئەو مەبەستە ئەم کەموکوڕییە لە بەین بچێ یان کەمتر بێ.

لە بیرمە کە پاییزی ساڵی ١٣٤٣ ی هەتاوی، لە کاتێکدا کە ٢٢ ساڵم تەمەن بوو و هێشتا لە دێی ساروقامیشی فەیزووڵابەگی دادەنیشتم، هەواڵم زانی کە کاک هێمن لە شاری مەهابادە و لە شەقامی فەرەحی ( سابق) دووکانێکی چکۆلەی دەغل فرۆشی کردۆتەوە. بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆم ئامادە کرد و بە بێ ئەوەی کە لە پێشدا کاک هێمنم دیبێ چووم بۆ شاری مەهاباد، چونکە هێشتا شەقامەکان و جادەکان قیرەتاو نەکرابوون، چوار سەعات ڕێگا بوو.

چوومە مەهاباد و دووکانەکەی کاک هێمنم دۆزییەوە کە جێگایەکی چکۆلە و تەنگ و تاریک بوو و چەند نموونەی گەنم و دەغلی دیکەی لێ دانابوو. چون من هیچ کاتێ نەمدیبوو، کاتی چوومە ژوورەوە خۆم پێ ناساند و گوتی: -

چ کارێکت بە من هەیە؟

* گۆڤاری سروە، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٣٤، بانەمەڕی ١٣٦٨ / ١٩٨٩.

وەڵامم داوە: "کە من هۆنراوە جوانەکانی تۆم خوێندۆتەوە و دەزانم کەسایەتیی هونەریی تۆ هاوپلەی نالییە. بیستووشمە کە هەلومەرجی ماڵیشیت باش نییە، جالەبەر ئەمە هاتوومە کنت تا هەوڵ چاوم پیت بکەوێ، چونکی حەیفە من لە دووسەد کیلۆمیتریی مەزنترین هۆنەری هاوچەرخدا بژیم و نەیبینم، لە لایەکی دیکەشەوە حەیفە کە تۆ دەغل و دان فرۆش بی. چون تۆ بەدیهێنەری بەنرخترین شوێنەواری ئەدەبیی چەرخی حازری ئەم نەتەوەیەی و بۆ کۆمەڵی ئێمە زەرەرە کە تۆ خەریکی کاری ئەسڵیی خۆت نەبی. جا ئەگەر یارمەتییەک لە دەستی من دێ بیفەرموو تا ئەنجامی بدەم.

کاتێ وامگوت، گوتی "من دەناسی؟"

لە وەڵامدا برێ لە هۆنراوەی "سەیری ڕاوکەران"م بۆ خوێندەوە کە دەڵێ:

ئەوە کەرویشکەکەی سیخوار لە پشتە
قوڵەشینی بە هەستی گەرج و گشتە

لە لانا کەوتووە و نایەتە بیری
کە جاران شۆرەتی بوو سەنگەسیری

کاتێ ئەم هۆنراوەیەی خۆی لە من بیست، گوتی تۆش هۆنراوە دەنووسی؟

وەڵامم داوە: هەر وەک دەبینی ئەمن تەمەنم ٢٢ ساڵە و باوەکوو هۆنراوە دەنووسم، هۆنراوەکانیشم وەکو خۆم لاون.

گوتی: ((تا ئێستا هیچ کەسێکم نەدیوە کە وەک تۆ چوار سەعات ڕێگا بێت، فەقەت بۆ ئەوەی من ببینێ.))

وەڵامم داوە: دەبێ هەموو وابین، هەتا زیندووی قەدرت بزانین. دەنا لە پاش مردن "شیوەنیش بگێڕین" تۆ گوێت لێ نابێ!

لە دوای ئیسرارێکی زۆر، دەعوەتم کرد لەگەڵ من بێ بۆ ساروقامیش، ئەویش قەبووڵی کرد.

بە یەکەوە وەڕێ کەوتین، لە تەواوەی سەفەرەکەدا کە سێ ڕۆژی خایاند، باسی ئەوەمان دەکرد کە خەڵک لە کۆمەڵی ئێمەدا، بە زیندوویی ڕێز بۆ هۆنەران و هونەرمەندان دانانێن و فەقەت سەبر دەکەن تا بمرن، جا ئەو کاتە بڵێن حەیفی کرد و بۆی بگرین و لەمەدا هاوبیر بووین کە فیردەوسی و مەلا

مارفی کۆکەیی و سەدان هۆنەری دی، نموونەی ئەمەن.

ئێستا هەر کاتێ هۆنراوەی "شینگیڕی" لە گۆڤاری سروەدا دەبینم، لە حاڵێکدا ئافەرینی ئەو "هۆنەرە" دەکەم کە ئەو هۆنراوەیەی نووسیوە و کاک هێمنی لە بیر نەچۆتەوە، ئەو قسانەی ئەو ڕۆژەم وەبیر دێتەوە و دەڵێم:

"کاش هەر وەک هۆنەران و هونەرمەندان کە هەم بە زیندوویی و هەم بە مردوویی قەدر بۆ "هۆنەران" و هونەرمەندانی دی دادەنێن، کۆمەڵیش لەکاتی ژیاندا بۆ هۆنەران ڕێز و بایەخ دابنین، دەنا لە پاش مردن لە حاڵێکدا کە جێگای ڕێزە، بەڵام سوودی زۆر نییە، چون ئەگەر لە کاتی ژیاندا قەدری بزانین دەتوانێ یاریدەدەری هەست و ڕوحی بێ و بۆ خوڵقاندنی شوێنەواری باشتر و بڵاوبوونەوەی شوینەوارەکانی جێی کەلک بێ.

جا من چۆن بە کاتی ژیانی کاک هێمن، قەدریم زانی و چوار سەعات ڕێگا ڕۆیشتم تا ببینم و ئامادە بووم کە یارمەتی بدەم (هەرچەند یارمەتی منی قەبووڵ نەکرد)، ئیدی بە پێویستم نەزانی هۆنراوەی "شینگێڕی" بۆ بنووسم، چون من تەواوی ئەو شتانەی کە دەبوو بە خۆی بڵێم پێم گوت، گوتم کە "ژیانی تۆ مایەی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی ئەم گەلەیە. گوتم کە ئەگەر بمری گەل ڕەشپۆش دەبێ. گوتم کە تۆ هۆمێریت، ئەگەر ئێمە یۆنان بین. بیست ساڵ لەمەو پێش خۆم گوتبووم:

بەڵام دوای مەرگت دەبێ بە گابۆڕ
بەدەنگ بۆت دەگرین کیژی پەلکە شۆڕ

لاوی کەڵەگەت، باڵابەرز و جوان
بەڕێزت دەگرن بە دڵ و بە گیان

لە سەر گڵکۆکەت ئارامگا دەکەن
پیتۆڵ، دەرکەوان بەردەرگا دەکەن

کۆڕی مەیخانەت دەڕازێتەوە
خاوەر بە ناوت دەنازێتەوە

بەڵام من دۆستی هی وەک سۆرانم
مردوو پەرست نیم، قەدرت دەزانم

# هێمن نامرێ

## ئه. بیده شێخی*

ڕۆژی جومعه ڕێکەوتی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی، دیسان ئاسمانی کوردەواری تەم گرتی. دیسان ئەسرین ڕژا بە سەر کۆشکی دایکی مل بە کوێن، دیسان ڕووناکبیر و دڵسۆزی کوردی دەستی لەرزی و هێزی ئەژنۆی لێ بڕا. دیسان دڵی لە جۆشی ئاورین بۆ لە پێش چاوی کوورەی خاکی بە ئاوا چوو، دیسان تارمایی بە سەر چاوانی کشا و بلبیلەکانی چاوی سۆمایی‌یان لێ بڕا. دیسان چرای قوژبنی فێرگەی فووی لێ کرا، دیسان دڵی نەوەستاوی شۆرەسواری مەیدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە نێو گۆڕی سارد و تەنگەبەردا سەری نایەوە. دیسان تاکە سوارەی مەیدانی خەبات و تێکۆشان بوو بە میوانی خاکی بێباکی مەهاباد، دیسان قاسپەی خاسەکەو لە گەروودا خنکایەوە، دیسان کوڕی شین گیرایەوەو "الفاتحه" دادرایەوە.

دەک فەلەک تەختت وەرگەڕێ
ئاگر لە بەختت هەڵگەڕێ

ئیتر ئەوجار خۆڕاگرتن ناکرێ، ئیتر ئەوجار دڵ ناسرەوێ. ئیتر ئەو جارە بێ ئیختیار ڕێژنە بارانی فرمێسکی دڵسۆزی کورد ڕێچکە دەبەستن، ئیتر ئەوجار خوێنی گەشی چاوی وردبینیی کوردە کە جۆگەلە بۆ جۆماڵی جوتێری کورد هەڵدەبەستن، ئیتر ئەو جار دڵخۆشی دانەوەی دایکی نیشتمان ناکرێ، ئیتر ئەو جار ئاسۆی ڕوونم لێ بۆتە تاریکایی شەوەزەنگ.

تەنانەت ئەو جار ئاسمانی ڕەنگ پەڕیو و بزرکاو بێدەنگیی خۆی دەشکێنێ و هاوڕێ لەگەڵ گەلی زۆرلێکراو و چاو بە فرمێسکی کورد بە دڵی پڕ لە داخ و پەژارەوە لوورەی فرمێسکیان بەسەر مەکۆی خۆشەویستیی ئەو هێژا و بلیمەتەدا دەپرژێنێ و بەڵێنیی پشکووتنی خونچە گوڵی باخی ئەدەب بۆ سەر گۆڕی ئەو ڕۆڵەیە دێنێ.

بەڵام خاک سەری شەرمەزاری و خەجاڵەتی بەر داوەتەوەو دەزانێ هەتاهەتایە بوێر و دڵسۆز و خاوەن هەستێکی وای بۆ پەروەردە ناکرێتەوە،

* گۆڤاری سروە، ژمارە ١٠، ساڵی سێهەم، بانەمەڕی ١٣٦٦/ ١٩٨٧

لێی سوور و ڕوونه تاکه شوانەی ئەو گەله هەژاره جێی پڕ نابێتەوە.
ناچار وەدەنگ دێ و هاوار دەکا و دەڵێ:
ئەی خاک به سەرم تازه سروەی وا هێمن بۆ فێنک کردنەوەی هەناوی سووتاوی ئەو گەله هەژاره له کوێ بەدی بکەم؟ بۆنی پێوه بەم، کوڵی دڵی پێدا بمرکێنم، ئیتر ئەوجاره بوێژ و خاوەن قەڵەم و دڵسۆزی وا چۆن پەروەردە بکەم بوێرن و بڵێن:

**بــۆت نــووســیــوم بــۆت بــنــووســم ئــەمــن چیم**
**دونـــدی قـــەنـدیـل، گـۆڕەپـانـی هـەڵـگورد نیم**

**بــــەرەو بـــەرزایـــی دەچـــم گـــەرچـــی وردم**
**خــاکــی بــەرپــێــی تــێـکـۆشـەرێـکی کــوردم**

خوایه چبکەم؟ ڕوو له کوێ کەم، سۆزی دەروون چۆن دەربڕم، مامۆستای خۆشەویست گوتەنی:

**چــۆن نــەنــاڵــێ ئــەو دڵـــەی پــڕ هــەستــی من**
**چــۆن لــه ئــەژنــۆ ببــنــەوه دوو دەســتــی من**

**چـــۆن نــەنــاڵــێ ئـــەو دڵـــه ئــەنــگــاوتــەیــه**
**بـــەرد لـــه بـــەردی بــێــتــەوه دەنــگــی هــەیــه**

خەریک بوو به وێنەی مەجنوون ڕوو له چۆڵ و چیا کەم، خەریک بوو ببمه سۆفیی گۆشەی خانەقا و ببمه پیری مەیکەده، خەریک بوو به جارێک له ژین ناهۆمێد بم، کەچی له پڕ بانگی کردم:
ڕۆڵەم، هیوای دواڕۆژم، هێژایی و ئاواتی بیرم!
چ بوو؟ ئەو دەنگه ئاشنا و بەتینه هی کوێ بوو؟ خوایه گوێم زرینگاوەتەوه یان خەون بوو؟
نانا دەنگی زوڵاڵ و ئاسمانیی ئەوینمه، دەنگی خۆشەویستمه، دەنگی ڕووناک کەرەوەی ڕێی ژیانمه، دەنگی پیریی ڕێی خەبات "مامۆستا هێمن"ه بانگم دەکا و دەڵێ: له بیر مەکه خۆم پێم گوتووی:

**کیژ و کوڕ بگرن له دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک**
**من که شینگێڕی شەهیدانم له کوێ شینم دەوێ**

مووچرکێک بە لەشمدا هات. کەللەم تاسی، بۆ ماوەیەک گێژو هۆڕ بووم، فرمێسکەکانم کە هەروا ڕێچکەیان بەستبوو، بەبێ ئیزن وەستانەوە. ئەو جار دڵ بۆ ماوەیەک لە تەزین کەوت و سرەوی. ئەوجار کۆڵەباری قورس و قەوەت بڕی خەم و پەژارە لە سەر شانم خزین، مەینەت و ناهۆمێدی بارگەیان تێکەوە پێچا و کۆچی دواییان کرد. ئاخر دەنگی خۆی بوو، بەو دەنگە نەبا دڵ نەدەسرەوت، دەستی لەرزۆک قەڵەمی نەدەگرت، مێشک نەدەحەسایەوە، دەرد و کەسەر بەخچەیان تێک نەدەنا، دڵ شاد نەدەبوو، ڕووح نەدەگەشایەوە.

گفتی شیرین هەروا لە گوێمدا دەزرینگاوە تا لەپڕ وەگوێی دڵم کەوت و ئەوجار بۆ هەمیشە حەسامەوەو بەڵێنیم دا کۆڕی ڕەشبەڵەک چۆڵ نەکەم و نەهێڵم دەسرەی سەرچۆپی لە دەستان بکەوێ بەو مەرجەی گۆرانیی ئەو ڕەشبەڵەکە ئەمە بێ:

**شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە**
**بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە**

**شیوەنی من شینی کوردی بێبەشە**
**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**

مامۆستا هێمن لە کتێبی "پاشەرۆک" دا باسی فەقێ ساڵحی حەریق دەکا و دەفەرموێ:

"مرۆڤ لە سەردەمی لاوەتی و بێ ئەزموونیدا زۆر پابەندی بیروبڕوای خۆیەتی با بیر و بڕواکەشی لەگەڵ ئەقڵ و زانست و فەلسەفە یەک نەگرنەوە" بەڵام من هەر چەند لاوم زۆر لە خۆم و لە نووسینی خۆم ڕازی نیم، ئەگەر ڕێم بکەوێ هەر بۆ ئەو چەند دێڕە دەمەلاسکەی مامۆستا "هەژار" بکەمەوە و دەڵێم:

چاک بێ، یان چرووک بێ.... هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە و هەر کەسیش هەڵەم بۆ ڕاست کاتەوە و پەڵەم بۆ هەڵگرێ و شرەم بۆ پینە بکا، سپاسی دەکەم.

# هێمنی شاعیر و هێمنی سیاسی

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
## هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو

**دیمانە: خالیدی محەمەد زادە***

بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی شاعیردا تێپەڕی. بێگومان لەم یادەدا لە زۆر لایەنەوە یادی ئەم شاعیرە شوێندانەرەی کورد دەکرێتەوە و ئەمنیش بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە هێمن لە نیزیکەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە قۆناغێکی لە ژیانی تاراوگەنشینی لەگەڵ هێمندا بەسەربردووە بدوێنم. حەسەن زادە لە ساڵانی ئاوارەیی هێمن لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە کەسە نیزیکەکان هەم لەباری ئەدەبی و هەم لەباری سیاسی بە مامۆستا هێمن بووە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر شتی باسنەکراوی لەبارەی هێمن هێنایەگۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.

*** دەکرێ بۆمان باس بکەی کە یەکەم جار کەی هێمنتان بینی و لە کوێ و چ ساڵێک بوو؟**

– ئەمن سپاسی تۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە. مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ناسراو پێش ئەوەی ببینم لەگەڵی ئاشنا ببووم و شیعرەکانیم خوێندبۆوە و لەبەرم بوون. بەڵام ئەمن یەکەم ساڵی دیتنی مامۆستا هێمنی دەگێڕمەوە بۆ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کە هەردووکمان قاچاغ بووین. ئەمن لە ئاخری ساڵی ١٣٤٦دا قاچاغ ببووم و ئەویش بەهاری ١٣٤٧ قاچاغ ببوو. بۆ یەکەم جار لە ناوچەی قەڵادزێ یەکترمان بینی. بەڵام من ساڵی ١٣٤٣، یان ١٣٤٤ بوو لە مەجلیسێکی لە مەهاباد بەشداربووم کە ئەویش لەوێ بوو. ئەوکات یەکترمان نەدەناسی. دیارە خۆشحاڵ بووم کە هێمنی شاعیر دەبینم،

---

* ماڵپەڕی دیمانە/ بەهاری ١٣٨٥.

بەڵام مخاتیبی وی زیاتر کەسانی دیکە بوون. یەکێک لەو کەسانەی کە لە بیرم ماوە ماموستا شێخ عیزەدین بوو، یەکیان کوڕی ڕەش بوو کە بە سەفەر هاتبۆوە، لە مەجلیسێک بووین. بەڵام ئێمە مخاتیبی یەک نەبووین. من لە ساڵی ١٣٤٧ـەوە ناسیم کە هەردووکمان قاچاغ بووین و مەسائیلی سیاسی و بزووتنەوەمان لەگەڵ یەکتر دەهێنایە گۆڕێ.

*** دواتر کەی هێمنتان بینییەوە؟**

لەدوای ئەوە لەڕاستیدا ئێمە هەموو کاتێک یەکترمان دەدی. بۆ ماوەیەک هەر لە ساڵی ١٣٤٨دا بنکەیەکی بچووکمان هەبوو لە ناوچەی ئاکۆیان لە بناری قەندیل کە ئەو و کاک ئەمیری قازی تێیدا دەژیان. ئەمنیش زۆر جار هاتوچووم دەکرد. ئیدی تەقریبەن بە دوو سێ مانگ جارێک دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەبووین. دواتر کە بەیانی ١١ی ئازار بەسەردا هات، مام هێمن چۆوە مەرکەزی پارتی – دیارە هەموومان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ناوچەی پێشمەرگە بووین– و لەگەڵ مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی ببوون بە هاومەنزڵ لە ئیدارەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق. زۆر جار هاتوچووم هەبوو لەگەڵیاندا. دواتریش کە کەوتە ساڵەکانی دواتر، واتە ١٩٧٠ بەدوایەوە، ئێمە لە بەغدا بنکەیەکمان هەبوو کە مامۆستا هێمن هەر لەوێ دەژیا. تەقریبەن ڕۆژانە یەکترمان دەدی.

*** باسی مامۆستا هەژارت کرد. دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم هۆی چ بوو کە مامۆستا هەژار دوای کۆماری کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژەی بە کاری حیزبی نەدا؟**

مامۆستا هەژار بۆخۆی بیروباوەڕێکی هەبوو؛ پێی وا بوو – کاتی خۆیشی ئەو بیروباوەڕی دەربڕیبوو– نەدەبوو کۆمەڵەی ژ.ک. بگۆڕدرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ. ک. بوو کە تەنیا پێی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دادەگرت؛ لەگەڵ ئەوەدا بوو، هەرچەند لە دەورانی جمهوریدا شیعرەکانی دیارن کە تەئسیراتی وەزعەکەی زۆر لەسەر بووە. هەژار ئەو کەسە نەبوو کە بڵێی بە سفارش شیعری پێدەگوترێ. کابرایەکی زۆر ئازادە بوو لەو بارەیەوە:

**بۆ هەژارپەروەری یا بۆ عەدڵ و داد**
**بژی ئیستالین و خۆش بێ لینین**

یا دەڵێ:

**ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتحادی شورەوی**
**سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوی**
**ڕەببی ئیستالین بژی بۆ لاگریی مەزلوومەکان**
**تا زەمانە خول دەدا تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوی**

یانی دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر تەئسیرەکەی، بەڵام هەر ئەوکات باوەڕی وا بوو کە دەبوو نەگۆڕدرێ. پاشان لەساڵی ١٣٤٣دا کە حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی مامۆستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیانبژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە چەند کەسێکیان هەڵبژاردبوو کە لە بنەڕەتدا لەجێی خۆیدا نەبوو. یەکێکیان کە خەبەریان پێدابوو مامۆستا هەژار بوو، گوتبووی «قسەیەکی لابەلایە، من خۆم بە کوردی ئێران نازانم تا خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم.» بۆیە هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

*** مامۆستا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستا هێمن، دەبینین چەند ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە. چۆن کەسێکی وەک هێمنی شاعیر و ناسک خەیاڵ لە حیزبی دێموکراتدا زۆر زوو ئەو پلە سیاسییانە دەبڕێ؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی سیاسیی خۆی، یان کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لە گۆڕێدان؟**

دیارە ئەندامەتیی حیزبی لەگەڵ هیچ یەک لەو شتانە ناتەبا نییە. بەتایبەتی حیزبێک کە دیموکرات و نەتەوەیی بێ. بۆیە حیزبێک نییە بڵێین چینێکی دیاریکراو دەکاتە ئەندامی خۆی و دەتوانێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی تێیدا بەشدار بن. بۆیە زۆر سروشتییە کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لە هەر پلەیەکدا ببێتە ئەندامی حیزبی و بچێتە پێشێ. مامۆستا هێمن لە ساڵی١٣٤٨ هەتا ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. یانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و چەند مانگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ساڵی ١٣٥٠یش تا ١٣٥٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام ئەندامەتییەکەی کۆمیتەی ناوەندی درێژتر بوو. پێم وا بێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو. جاری یەکەم کە ئەمن و ئەویش بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەیەکمان هەبوو کە لەبەریەک هەڵوەشابوو، دەبوو

تەرمیم بکرێتەوە. ڕەفیقێکمان هەبوو دەیگوت ئێوە بوونە بەرهەڵێخ، (دیوار کە مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ دیوارێکی چووکە بە بەریەوە دروست دەکەن پێی دەڵێن بەرهەڵێخ). لەو کاتەدا دەبوو تەرمیمی تەشکیلاتێک بکەینەوە کە ئێمەیان دانا. لە دوایەش کە بووە ئەندام وەک کەسایەتییەکی ئەدەبیی ناسراو هەڵدەبژێردرا.

*** بەڕێز ، ئەو ساڵانەی هێمن لە دەفتەری سیاسیدا دەبێ ، ئایا جێپەنجەی دیارە بەسەر کۆمەڵێک لە بڕیاراتی سیاسییەوە؟ واتە ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنی بڕیارات و سیاسەتەکاندا؟**

بەبێ شک! وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی لانیکەم دەنگی هەیە. بەڵام من زۆر جار گوتوومە، بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لەباری دیدی سیاسییەوە وەک شاعیرییەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. یانی بێ موبالەغە دەڵێم، لە دەورانی خۆیدا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم. من بە شاعیری یەکەمی دەزانم لەنێو شاعیرانی کلاسیکی سەردەمی خۆیدا. دەتوانم بڵێم تەنیا شاعیرێکی ئەو سەردەمەیە کە قەت شیعری نوێی نەگوت. مام هەژار شیعری نوێی هەیە، محاولەی هەیە. بەڵام ئەو قەت شیعری نوێی نەگوت. ئەو شیعری کلاسیک و عەرووزیی هەبوو. بەڵام لەباری سیاسییەوە ئەوەندە پیاوێکی بەتوانا نەبوو. ئەگەر باسی ڕۆڵی کاریگەر بکەین، نا...، نەیبوو. نە لە دەفتەری سیاسی و نە لە کۆمیتەی ناوەندیدا.

*** هێندێک جار دەڵێن هێمن کاتی خۆی لە بەشێک لە شیعرە سیاسییەکانیدا وەک «بژی دێموکرات» و... بێزاریی دەربڕیوە. تۆ پێت وایە ئەم جۆرە شیعرانەی کاتی خۆی لەژێر پاڵەپەستۆی حیزبیدا نووسیون، یان خۆی بەو قەناعەتە گەیشتووە بۆ دانانی ئەم شیعرانە، پاشان بۆ پەشیمان دەبێتەوە لێیان؟ یان بە تەعبیرێکی دیکە تۆ ئەم پەشیمانبوونەوەی کە باسی دەکەن بەڕاست دەزانی؟ هەروەها تۆ بۆخۆت کام یەک لە شیعرەکانی هێمن بە شیعر نازانی؟**

من نازانم ئەو قسەیە هی هێمنە، یان هی هێمن نییە. ئارەزووم ئەوەیە ئەو قسەیە قسەی هێمن هەر نەبێ و شتی وای نەگوتبێ. چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەو قسەیە هی خۆی بێ، یان هی کەسانی دیکە بێ، دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە هێمن لەژێر تەئسیری (با نەڵێم پاڵەپەستۆ) ڕێبەرایەتیی حیزبی

دێموکراتدا (مەبەستیشیان ڕێبەرایەتیی مەرحەلەی دوایی حیزبی دێموکرات، یان بڵێین لە دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوودا) شیعری نیشتمانی گوتووە. یان شیعری بۆ حیزب گوتووە، یان شیعری سیاسی گوتووە. بەڵام شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە و ئەوە دیوانەکەی لەبەر دەستمدایە. لە تەواوی ئەو دەورانەدا، واتە لە ساڵی ١٣٤٨ەوە کە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا ساڵی١٣٥٨ کە لە کۆمیتەی ناوەندی چۆتە دەرێ (دیارە هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە زیاتر هەر ناو بوو، سەمبولیک بوو) یەک شیعری بۆ حیزب نەگوتووە، یەک شیعر. «بژی دێموکرات»ی ساڵی ١٣٢٤ گوتووە. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو بارەیەوە گوتراون وەک ڕێبەندان و شاعیر، ڕۆژی شادی و دواڕۆژی ڕووناک. زۆربەی ئەو شیعرانەی هی سەردەمی جمهورین. هیوادارم قەت هێمن لە شتی وا پەشیمان نەبووبێتەوە. پاشان ڕاستە هێمن شاعیرێکی ناسکخەیاڵ بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام هێمن تەنیا لەبەر ئەوە خوشەویست نییە کە باسی خاڵ و پەرچەمی کردووە، عەکسی ئەوەیە. یەکێک لە شانازییەکانی هێمن ئەوەیە کە دەڵێ:

**عاشقی چـاوی کـەژاڵ و گـەردنـی پڕخاڵ نیم**
**عاشقی کێو و تـەلان و بەندەن و بـەردم ئەمن**

باشە هەر «بژی دێموکرات»ی لە زەمانی جمهوریدا گوتووە. لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتووە، هەر بۆخۆی دەڵێ:

**پـێـکـیـانـهـێـنـاوە لـەشـکـرێـکـی چـاک**
**لــە لاوی ئـــازا و بـــەکـــار و چـــالاک**
**ئــۆمــێــدم وایـــە لاوانـــــی خـوێـنـپـاک**
**بــە خــوێــنــی خــۆیــان بــپــارێــزن خـاک**

یان دەڵێ:

**پـێـشـمـەرگـەی کــوردی لــە مـەیـدانـی جەنگ**
**بـــەرگـــەی نـاگـرێ نـــە شـێـر، نـەپـڵـەنـگ**
**دوژمـــنـــی ئـێـمـە تـــازە بـکـا دەنـــگ**
**سـیـنـگـی دەسـمـن بــە گـولـلـەی تـفـەنـگ**

ڕەنگە ئەوە یەکەم شیعری شاعیران بێ کە ناوی پێشمەرگەی تێدایە. جا هێمن بۆ لەوەی پەشیمان بێتەوە؟ ئەوە شانازیی هێمنە. لەو دەورانەی کە باسی دەکەم ئەو یەک شیعری گوتووە، ئەویش نەک بۆ حیزب، بەڵکو بۆ شەهیدان. کە شیعری گەرمە شینە. ئەمن تەماشای دیوانەکەیم کرد، نوسرابوو ١٣٤٧، بەڵام وا نییە. ئێمە ساڵی ١٣٤٩ پێکەوە بووین لە بەغدا. دانیشتبووین، پێمگوت ئەرێ بەڕاستی ئەتۆ لۆمەی خۆت ناکەی ئەو هەموو کەسک و سوورە لە ساڵی ٤٦-٤٧دا شەهید بوون ئەتۆ متەقت لە دەم نەهات؟! شتێکت نەگوت؟! گوتی وەڵڵا نەهاتووە. پاش چەند ڕۆژێکی هات شیعری «گەرمە شین»ی هێنا:

**بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن، دەگریم**
**بۆ هەواڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم**

ئەوەی هێنا و گوتی ها! ئەمنیش خوێندمەوە پێم گوت دەستت خۆش بێ، شیعری چاکە، بەڵام ئەوە نابێتە کەفارەتی ئەو گوناهەی کە کردووتە. گەرمەشین لە ژمارە ٣ی کوردستان، تایبەت خاکەلێوەی ١٣٥٠ چاپ کرا. پێم خۆشە ئەوەیش بڵێم، زۆر دواتر هەوڵی دا قەسیدەیەک بڵێ بۆ شەهیدانی ٤٦ و ٤٧. هات گوتی من عادەتم وایە ئەگەر مەتلەعی قەسیدەم زۆر باش بوو دوایە شیعری دیکەم بۆ نایە. یەک شیعرم گوتووە و وەستاوە. گوتم چییە؟ شیعرەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

**زەوی ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سوور**
**نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کوور**

بەڕاستی شیعرێکی زۆر جوانە. هونەرمەند حەسەن دەرزی ئەم شیعرەی کردووە بە گۆرانی کە هێندێ شتی لێ زیاد بووە وەک:

«کە سۆمایی لە چاوان ڕۆ ڕژاوە بەرۆکی پیرە دایکان دادراوە» و.....تاد

جا نازانم ئەوە هی ئەوە یان نا. بەڵام ئەو کاتەیش ئەوەی تەواو نەکرد. دەنا یەک شیعری لەژێر تەئسیری ئەو دەورانەدا نەگوتووە. شیعرە نیشتمانییەکانی پێشتر گوتووە. ئەگەر دواتر گوتبێتی، مەسەلەن شیعرێکی هەیە بە ناوی کاروانی خەبات کە بۆ حیزبی دانەناوە. بۆ تێکۆشەرێکی داناوە. زۆر جوانە. ئەگەر هێمن لەو شیعرانە پەشیمان بێ، هێمن خۆی شانازییەکانی خۆی

سرپیوەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی هێمن بێ. هی هەر کەسێکیش بێ لە واقیعدا هەدەفەکەی نەپێکاوە. ئەمن پێم وایە کە ئەم قسەیشی کردبێ کە وەک گوتم ئارەزووم ئەوەیە نەیگوتبێ، بەڵام کە گوتبێتی ڕەنگە پاش ساڵی ١٣٥٨ و ئەوانە لەنێو دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی مابێتەوە و ترسی هەبووبێ و لە مەجلیسێک کە ڕەنگە خەڵکی نامەحرەمی لێ بووبێ، بۆ ئەوەی ئەوە بگاتەوە دەستی بەرپرسانی دەسەڵات ڕەنگە گوترابێ. دەنا باوەڕ ناکەم شاعیرێک ئەوە بڵێ. یانی شانازییەکانی خۆی لە خۆی بستێنێتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە قازی محەممەد ئەوە نەبوو پاڵەپەستۆ بۆ خەڵک بێنێ شیعری نیشتمانیی بۆ بڵێن. شاعیر هەبووە شیعری دژی قازی محەممەد گوتووە، بەڵام کەس نەیتوانیوە هەر لە ترسی قازی پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. کەوابوو قازی (بە پێکەنینەوە) چۆن پاڵەپەستۆ دێنێ؟ لە دەورانی دیکەیش وەک گوتم شیعری نەگوتووە.

*** واتە ئێوەیش دوای قازی محەممەد پاڵەپەستۆیان بۆ هێمن نەهێناوە؟**

نا نا، عەرزم کردی. پێویست ناکا ئیستدلال بکەین کە پاڵەپەستۆمان بۆ هێناوە، یان نا. چونکە لەو سەردەمەدا هەر شیعری وای نەگوتووە تا بڵێین لەژێر پاڵەپەستۆدا بووە.

*** بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعری گەرمە شین لەژێر تەسیری تۆدا گوتراوە؟**

– شیعری گەرمە شین، بەڵێ.

*** ئەی تۆ کام یەک لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بە شیعر نازانی؟**

ئەو پرسیارەت شیعرێکی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

**در بیان و در فصاحت چون بود یکسان**
**گرچە گوینده بود چون جاحظ و چون اصمعی**
**در کلام ایزد بیچون کە وحی منزل است**
**کی بود تبت یدا مانند یا ارض ابلعی**

لە هەموو نووسینێکدا یەکێک بەرزترە و یەکێک نزمترە. بەڵام ئەمن پێم وایە هێمن شاعیرێکی گەورەیە. شیعرەکانی هەموو باشن. پاشان ئەمن ئەو حەقە بە خۆم نادەم بڵێم شیعرێکی بە شیعر نازانم. هەرچەند کاتێک پێکەوە بووین زۆر پێکەوە سەمیمی بووین و شتی خۆشمان دەگوت. مەسەلەن شیعرێکی

هەیە کە هەر بە ناوی ماچی خوداییەوەیە کە لە ئاخرەکەیدا دەڵێ: «وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی کە بێزارم لە ماچی سینەمایی» کە دانیشتبووین پێم گوت «ئەوە ئێستا خۆت ماوی و زەق و زیندووی، پێم بڵێ ماچی خودایی یانی چی؟ دەزانم ماچی سینەمایی مانای هەیە. چونکە ماچی سینەمایی ئەکتەر وەک ڕۆڵ بازی دەکا لە فیلمەکەدا کە ڕەنگە ماچەکەیشی بەدڵ نەبێ. بەڵام ماچی خودایی یانی چی؟ گوتی وەڵڵاهی ڕاست دەکەی هیچ مانای نییە، تەنیا قافیەم پێ ڕاست کردۆتەوە. گوتم جا ئەوە سبەینێ کە ئەتۆ مردی، کابرایەک دەیخوێنێتەوە ناوێرێ بڵێ هێمن شیعری قۆڕی گوتووە (هەر عەینی ئەو وشەیەم بۆ بەکار برد) غیرەتی ئەوەیشی نییە بڵێ ئەمن تێی ناگەم، هەر دەڵێ بە بە ماچی خودایی! عەزەمەتە!» بەڵام من بە هیچ شیعرێکی ناڵێم شیعر نییە و هەمووی جوانن.

*** مامۆستا، ئەو «سانسۆرە خۆماڵییە» چییە کە هێمن لە چاوپێکەوتنێکدا باسی لێدەکا؟ ئەتۆ پێت وایە ئەو قۆناغە لە حیزبی دێموکراتدا سانسۆر لەسەر شیعرەکانی هێمن هەبوون و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆخۆیشتان ئەوکات لەگەڵ هێمندا لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون؟**

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا زۆر شیعری هێمن چاپکراون. یەک شیعری هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان تەنانەت یەک پیتی لێ لانەبراوە و هەر ئەوە هەمووی چاپ بووە کە بۆخۆی داویەتی...، شتی وا نەبووە. بەڵام لە چاپی دیوانەکەیدا واتە تاریک و ڕوون، حیزب نا، بەڵکو ئەمن کە زۆر لێک نیزیک بووین، لەسەر هێندێک شتی ڕای خۆم دەردەبڕی. تەنانەت شیعری لابردووە لەسەر پێشنیاری من. لەوێدا بۆخۆیشی شتی لە شیعرەکانی خۆی لابردووە. ئەو هێندێک شتی دانابوو کە ئەمن پێم وا بوو نابێ چاپ بکرێن. وەک شیعری گەپ و گاڵتە. تەنانەت شیعری وای هەیە کە ئەمن ئێستایش پێم خۆش نییە بێخوێنمەوە و ئەتۆ زەبتی بکەی. ڕەنگە پاشان بۆت بخوێنمەوە. شتی وای گوتووە بۆ گاڵتە کە بە باوەڕی من نەدەبوو بچێتە سەر کاغەز و بمێنێتەوە بۆ یەکجاری. مەسەلەن شیعرێکی دووروودرێژی هەیە بە ناوی ژوانی ئاغا کە وشەی وای تێدابوون ناشیرین بوون. ئەمن پێشنیارم پێکرد لایانبەرێت و لایبردن، بەڵام لە چاپکردنی دیوانەکەیدا بۆخۆیشی شیعری سانسۆر کردووە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە تیترەکەی داناوە بە «تۆم هەر لە بیرە»:

**لـــه شـــايـــيـــدا لـــه وەخـــتـــی هـــەڵـــپـــەڕیـــنـــا**
**لـــه خـــۆشـــیـــدا لـــه کـــاتـــی پـــێـــکـــەنـــیـــنـــا**
**لـــه کـــۆڕی مـــاتـــەم و گـــریـــان و شینا**
**ئـــەمـــن ئـــەی نیشتمان تـــۆم هـــەر لـــه بیره**

له یەکێکیشیان دا شیعرێکی هەبوو که دەڵێ:

**لـــه کـــاتـــێـــکـــا کـــه گـــێـــژ و وێـــژ و مـــەســـتـــم**
**لـــه کـــاتـــێـــکـــا کـــه نـــوێـــژێ دادەبـــەســـتـــم**
**کـــه هـــەڵـــدێـــنـــم لـــه بـــۆ نـــیـــیـــەت دوو دەســـتـــم**
**ئـــەمـــن ئـــەی نیشتمان تـــۆم هـــەر لـــه بیره**

ئەوەی خوارەوەی لابرد. ئەمن گوتم باشه بۆ حەزفی دەکەی؟ وا دابنێ موسڵمانبوون نیشانەی نەزانییە، دەباشه ئەتۆ وا نیشان بده که پیاوێکی قابل تکاملی، ئەو کات نەتدەزانی (به پێکەنینەوە) بەڵام دوایە پێگەیشتووی. له پاشان هێندێک شتی دیکەی هەبوون له شیعرەکانیدا که بۆخۆی دەسکاری دەکردن. مەسەلەن شیعرێکی دووروودرێژی هەیە به ناوی یادگاری شیرن. ئەوەی ئێستا چاپ بووە ٣٢ شیعرە، له حاڵێکدا که یادگاری شیرن ٩ یا ١١ شیعر بوو. تاک بوو:

**چاوەکەم چـاوی ڕەشـی تۆ ئافەتی گیانی منه**

گیانەکەم برژانگی تیژت (ئەو کات گوتبووی وەک سەنانی دوژمنه، بەڵام دوایە کردبوویە نووکە ڕمبی دوژمنه) بەژنەکەت سێدارەیه کەزیەت تەنافه، زوو بەسا (ئەو کات گوتبووی زولفت تەنافه)بیخه ئەستۆی من که کوردم کورد بەشی خنکاندنه» (کاتی خۆی دەڵێ بیخه ئەستۆم چون بەشی کوردی هەژار خنکاندنه) که دەستکاریی کرد. پاشان هاتووە لێی زیاد کردووە بەڵام دەبینین شیعرێکی له دیوانەکەی چاپ نەکردووە لەبەر کەلیمەیەک. ئەمن ئیجازە بده هەر ئەو شیعره بخوێنمەوە. دیاره شیعری دیکەی بۆ داناوە بۆ هاندانی خوێندن، دەڵێ:

**دەرکـه بشکێنه، پەچه بدڕێنه، ڕاکه مەدرەسه**
**چاری دەردی کوردەواری خوێندنه هەر خوێندنه**
**دایـکـی زانـایـه کـوڕی ئـازا دەنێرێته خەبات**
**مـن گـوتـم تـۆش تێبگه ناگاته دەریـایـه زنه**

بەڵام ئەوەی کە لەویٚ لایبردووە ئەوەیە کە دەڵیٚ:

**خۆ دەپاریٚزیٚ هەمیشە کیژی زانا و خویٚندەوار**
**دوور لە ڕووی تۆ هەر کچی نەخویٚندەوارە بیٚ بنە**

ئەمەی لە دیوانەکەیدا حەزفی کردووە. بۆخۆیشی لای بردووە. کەس لای نەبردووە. نمونەی دیکە ئەو شیعرەیەتی کە لە بارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیویە. لە باسی ڕەنگەکاندا گوتوویە:

**سپیەکەی یەعنی کەسیٚکە ڕووسپی**
**هەر کەسیٚ بمخا بکا فەوری کپی**

**کەسکەکەی یەعنی بکوژن دوژمنوو**
**تا کەسک بیٚ باسک و دەستوو هەموو**

**ڕۆژەکەی یەعنی لەژیٚر هەوری سیا**
**هاتەدەر ڕۆژمان و تاریکی نەما**

**دوو گوڵی گەنمیش دەڵیٚ هەر کشتوکاڵ**
**زۆر بکەن دوژمن لیٚتان بکا سواڵ**

**پیٚو دەڵیٚ یاران قەڵەم: نووکی قەڵەم**
**زۆر لە شیر چاکتر دەپاریٚزیٚ عەلەم»**

کەچی لە تاریک و ڕووندا ئاوای گۆڕیون:

**سپیەکەی یانی کەسیٚکە ڕووسپی**
**هیچ شتیٚک نەیکردبیٚ مات و کپی**
**سەوزەکەی دیٚنیٚتە بەر چاوان وڵات**
**ئەو دەمەی فەسلی بەهاری جوانی هات**
**تیشکی ڕۆژی کورد لەژیٚر هەوری سیا**
**هاتەدەر، ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا**
**دوو گوڵی گەنمیش دەڵیٚ هەر کشتوکاڵ**

**زۆر بکەن، مشتی بکەن عەمبار و چاڵ**
**پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم**
**زۆر لە شیر باشتر دەپارێزی عەلەم**

پاشان بۆ ئەوەی بزانی پاڵەپەستۆی لەسەر نەبووە، کافییە بڵێم کە مامۆستا هێمن دواتر شیعرەکانی خۆی چاپ کردوونەتەوە. ئەوانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان‌دان یەک شیعریشی نییە کە دەستکاریی کردبێ. حەتتا ئەوانەی کە کاتی خۆی لە تاریک و ڕووندا هێندێ شتی بە هاوفیکریی من (کە ڕای منی زۆر قبووڵ بوو) لایبردوون، دوایە چاپی نەکردوون. وا دیارە پێی باش بوون. کە وا بێ ئەمن گومانم لەو قسەیەیش هەیە کە گوتبێتی سانسۆری حیزبی لەسەر بووە. سانسۆری حیزبی قەت لەسەر نەبووە.

*** واتە تۆ ئەمە ڕەد دەکەیتەوە کە سانسۆر لە شیعرەکانیدا کرابێ؟**

بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە، بەتایبەتی سانسۆری حیزبی. ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە دەڵێم، بەڵام وەک حەقیقەتێک دەڵێم، بۆ ماوەی چەند ساڵ لانیکەم بۆ ماوەی شەش ساڵ شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، یەک شیعری چاپ نەکردووە تا ئەمن نەمدیبێ، بڵاوی نەکردۆتەوە، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەمن لانیکەم لە شیعری ئەو حاڵی دەبم. زۆر جار شتی لێ قبووڵ کردووم. ئەو زۆر دەستکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دایدەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی. دەمگوت یەکەم نوسخەت کە نووسی دەبێ بیدەی بە من جا دوایە ئەگەر دەستکاریت کرد بیکە، جا قسەی لێدەکەین ئەوەی پێشووتر جوانتر بوو، یان ئەمەی دوایی. پێم دەگوت ئەتۆ یەکەم ئیلهامت زۆر جوانترە. لە بیرمە شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

**ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**
**کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر**

شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

**ئەوەندە دەردەدار و لێوبەبار و بێ پەرستارم کە پێم وایە**
**لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر**

گوتم ئەو گوریسە چییە دروستت کردوە؟ گوتی چۆن؟ گوتم درێژە ئەو میسرەعە. پاشان تەماشای کرد و گوتی وەڵڵاهی وشەکانم هێند پێ جوان بوون هەستم پێنەکرد. بە قسەی کردم لە دەستکاریکردندا. شتی ئاوا هەبوو، بەڵام بڵێین حیزب تەئسیری هەبووە لەسەری، بە هیچ جۆر نە وەکو حیزب و نە بەتایبەتی وەکو ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر قاسملوو پاڵەپەستۆی لەسەر بووە. شتی وا هەر نەبووە.

***ئێوە بەهۆی ئەوە لە مامۆستا هێمن زۆر نیزیک بوون چەند تەئسیرت هەبووە لە دارشتنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی، یان هێندێک لە شیعرەکانی بە قەرزداری خۆت دەزانی؟**

نا، ئەمن نامەوێ بڵێم بە قەرزداری خۆمی دەزانم. بەڵام شیعری هەیە بەڕاستی تەئسیری منی تێدا بووە. ئێستا شیعرێکی هەیە کە دوایە دەستکاری کرد و کردیە شیعرێک بۆ لەیلا قاسم. ئەوە لە بنەڕەتدا بۆ لەیلا قاسم نەگوتراوە. دوو ساڵ، یا ساڵێک پێش شەهیدبوونی لەیلا قاسم ئەو شیعرەی نووسیبوو. یاری ئۆلەمپیک بوو لە مۆندیئالی کانادا، ساڵی ١٩٧٢، یان ١٩٧٣ی زایینی بوو. ئێمە زۆرمان چاو لە تەلەڤزیۆن دەکرد. کە چاوم لە یارییەکان دەکرد لە بەغدا، زۆر نارەحەت بووم کە ئێمەی کورد نە تیمی وەرزشیمان هەیە و نە ئاڵامان هەیە. بەهەرحاڵ، خەیاڵ هەڵیگرتم و زۆر ناڕەحەت بووم. ڕۆژێکی دیتم کە سێ قارەمان چوونە سەر سەکۆ و میدالیان وەرگرت. لەخۆڕا ئەو فیکرە لە خەیاڵی دام...، گوتم لە واقیعدا ئەو کەسەیش کە ئیعدام دەکرێ میدالی دەرەجە یەکی خەبات وەردەگرێ. کە چوومە مەقەڕەکەی حیزب لای مامۆستا هێمن گوتم ماموستا هێمن، فیکرێکی باشم بۆ هاتووە... ئەگەر شاعیر بایەم شیعرێکی باشی لی دروست دەبوو. بزانم ئەتو نایکەی بە شیعر؟ گوتی چییە؟ گوتم حاڵ و وەزع ئاوایە. گوتی زۆر سەختە. گوتم باشە ئەوە قسەیە پێم گوتی. پاش دوو سێ ڕۆژان گوتی ها! چوارینەیەکی پێ نیشاندام کە دوایە گۆڕیویەتی، بەڵام ئاوا بوو:

**بــزەی هــاتــێ و گــوتــی جــەلــلادی خــوێــڕی**
**بــە کــەیــفــی خــۆت پــەتــت بــاوێــژە ئــەســتــۆم**
**پــەتــت بــۆ مــن نــیــشــانــی ئــیــفــتــخــارە**
**کــە بــوومــە قــارەمــانــی مــیــلــلــەتــی خــۆم**

ئەمن گوتم جوانە، بەڵام تێرم ناکا. پاشان ئەمن ئەو فیکرەم کردە وتارێک بە ناوی «میداڵی دەرەجە یەک» و لە بڵاوکراوەی «تێکۆشەر»دا چاپم کرد. بە هەر سوورەت ئیحساسی خۆمم تێدا دەربڕی. پاشان ساڵی ١٩٧٤ کە لەیلا قاسم و ڕەفیقەکانی ئیعدام کران ئەو هات هێندێک شتی دیکەی بۆ دانا کە بە باوەڕی من سەرکەوتوو نەبوو. هەر ئەو ڕباعییە بەتەنیا بوایە باشتر بوو. مەسەلەن لە باری لەیلاوە دەڵێ:

**کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من**
**لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من**
**بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خوت مەنازە**
**کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من**

ئەوە بەتایبەتی میسرەعی ئاخری ئەمنیش دەتوانم شیعری وا بڵێم (بە پێکەنینەوە) و ئەوە وەک شیعری هێمن ناچێ. یان یەک دوو جار شیعری وای گوتووە کە تەماشام کردووە تێبینیم لەسەری هەبووە و لەبەرچاوی گرتووە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر باشی هەیە بە ناوی شەو و شەیتان، لە یادی شەهیدبوونی پێشەوادا دەڵێ:

**دێن و دەچن بە ئەسپایی لە چوارچرا چەند تارمایی**
**خێوی شەو و خودای شەڕن، بێچووە شەیتانی بەدفەڕن**

باسی مەئموورین دەکا جا لە پاشان باسی ئیعدام دەکا دەڵێ:

**لە دەوروبەری چوارچرا**
**هەزاران سەر لە قوڕ نرا**

**کام نازداری شۆخ و جوانە**
**دای لە خەم لکی کۆڵوانە**

**شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین**
**ئەویش سۆرانیی کردووە شین**

ئەمن گوتم مامۆستا، ئەوە زۆری نائۆمیدی تێدایە. ڕاستە مردنی پێشەوا ناخۆشە، بەڵام ئەی ئەو خەڵکە هەر قوڕی بەسەردا کرد؟ هیچی نەکرد؟ تۆزێک بیری کردەوە و ڕۆیشت. دوو سەعاتی نەخایاند هاتەوە شیعرێکی نووسیبوو کە ئەو شیعرەی کڕییەوە کە دەڵێ:

**پـــیـــرە پـــیـــاو بـــانـــگ دەکــــــا: ڕۆڵــــــە!**
**لـــــە بـــیـــر نـــــەکـــــەن تـــۆڵـــــە تـــۆڵــە**

یانی هونەرەکە هی ئەوە، بەڵام تێبینیم لەسەری هەبووە. حەتمەن پیشانت دەدەم بۆخۆی کە تاریک و ڕوونی چاپ کرد. جا تاریک و ڕوون بەشی زۆری کارەکانی ئەمن کردمن و سەرپەرستیی چاپەکەی بە من بوو تا مەرحەلەی ئاخری کتێبەکە وا بوو. ساڵی ١٩٧٤ ئەمن مەئمووریەتم پێدرا لە بەغدا بێمەوە کوردستان لەنێو دۆستان لە کوردستان بم. دواتر کە چاپبوونەکەی تەواو ببوو، نوسخەیەکی بۆم نارد بە یادگاری کە لەسەر کتێبەکە نووسیبووی: «ئیعتراف دەکەم تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم زۆرە. لە حاڵێکدا شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریت دەکەم ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم.» ئەمە دیوانەکەیە ماوە بە خەتی خۆی. بەڵام لە واقیعدا فەزل هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە ئەمن تێبینیم هەبووە لەسەری. تەنانەت جارێکیش بە بەدفەڕی شیعرێکم لێ خراپ کرد. گوتی ئەوە شیعری تۆ نییە. تۆ شیعری وا خراپ ناڵێی. گوتم شیعرەکە خراپ نییە و زۆربەی وشەکان هی خۆتن و من فەقەت وشەیەکم لە جێگای وشەیەک داناوە.

*** باشە لەو قۆناغەی کە پێکەوە بوون، ئەو جگە لە تۆ شیعری پێش بڵاوبوونەوەی پیشان کەسانی دیکە دەدا؟**

شتی وای هەبووە. جارێک لە شیعرێکیدا کەریمی حیسامییش ئەوەی کردبوو. شیعرێکی هەیە بە ناوی ئێوارەی پاییز، کە ساڵی ١٩٧٤ دایناببوو. ئەمن لە کوردستان بووم، ئەوان لە بەغدا بوون. شیعرەکە وەسفێکی زۆر جوانی کردبوو. لێرەدا ڕەنگە مەجال نەبێ هەمووی بخوێنمەوە ئەگینا بەشی هەرە زۆریم هەر لەبەرە. بەڵام لە ئاخرەکەیدا وای کردووە کە ئیدی دەست لە کراس دێنێتە دەر. کەریم حیسامی کە دەیبینی دەڵێ بابە تۆ ئەوە بڵاو بکەیتەوە هەر ئابڕووت دەچێ. ئەو هەموو نائۆمێدییە چییە؟ کە ئەوەی پێ دەڵێ یەک شیعری

دیکە ئێستا بووە بە شیعری ئاخری، دادەنێ کە دەڵێ:

**گوتم کە وا بێ ئاشنا، بەشی ئێمە لە ناوچوونە**
**گوتی نا نا دوور بنوارە، دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە**

یانی ئەو تێبینییەی کەریم حیسامی ئەو شیعرە جوانەی ڕزگار کرد. دەنا شیعرەکە لەگەڵ ئەوەی لەباری ئەدەبییەوە زۆر جوان داڕێژراوە نائۆمێدیی لێ دەبارێ. بەڵام بەو دوو دێڕە نەجاتی بوو.

*** بووە مامۆستا هێمن بە قسەی تۆ نەکا؟**

(بە پێکەنینەوە) حەتمەن هەبووە! ئەوە نییە پێم گوت ئەو شیعرە دابنێ، داینەنا.

*** باشە ئەو تەئسیرەی کە کاتی خۆی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەژار هەیبوو، وا دیارە بەو شێوەیە ئەو تەئسیرەی لەسەر هێمن نەبووە. ئایا بەڕاستی ئەم شۆڕشە تەئسیری لەسەر هێمن نەبووە، یان نا. هێمن شیعری بۆ شۆڕشی بارزانی هەبووە، بەڵام بڵاونەکراوەتەوە؟**

ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆسانسۆرییەی کە هێمن کردوویەتی. بە هەر دەلیلێک بێ، هێمن کەوتە خۆسانسۆری، ئەگینا شیعری بۆ ئەو کات هەبوو. تەنانەت شیعری بۆ مەلا مستەفایش هەبوو. بۆ نموونە ئەمن چەند بەیتێک لە شیعرێکی بۆت بخوێنمەوە کە ساڵی ۱۹۷۰ لە ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئازاردا بڵاوکرایەوە. جێژنێکیان گرت لە چۆمان ناویان لێنا جێژنی ئادار و نەورۆز. چووبوونە لای مامۆستا هەژار کە شیعریان بۆ بنووسێ؛ گوتبووی ئەمن بە سفارش شیعر ناڵێم و بۆم نەهاتووە و نایڵێم. چووبوونە لای مامۆستا هێمن. شیعرێکی جوانی نووسیبوو. کە بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

**لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند**
**مێشکی زوحاکی کوردکوژی پرژاند**

**گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا**
**چەرمی بەروانکەکەی کرا بە ئاڵا**

**شۆڕشی پاکی پیری ئاسنگەر**
**ڕاوی نا لەم وڵاتە داگیرکەر**

ئەم شیعرە درێژە. لە پاشان دەڵێ:

**بە دەهۆی دوژمنان گەلێک ساڵ بوو**
**جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو**

**نەتەوی خاکی گرت و ملکی بڕی**
**هەر کەسێ هات بەشێکی لێ پچڕی**

ئەوجار دەڵێ:

**ڕاپەڕی کاوەیێکی ئازاتر**
**کەوتە دووی کۆمەڵێکی وریاتر**

**مەزنی ئەو کوردە کاکە بارزانی**
**کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی**

**ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری**
**گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری**

**کوڕە پێشمەرگە پشتی دا پشت یەک**
**کەوتە شوێنی ئەو و دەسی دایە چەک**

**لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت**
**لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت**

**ئەو هەڵۆ دوژمنی قەل و داڵ بوو**
**ڕووی لە هەر سەنگەرێک دەکرد زاڵ بوو**

ئەمە زۆر شیعرێکی جوانە. ئاخرەکەی بە سێ شیعر تەواو دەبێ کە ئێستا لە بەرنامەی «شەهیدان» لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەخوێندرێتەوە کە دەڵێ:

**ئــەی شـەهـیـد ئــەی نـمـوونــەی ئـازایـیـی**
**نـــــەڕژا خــوێــنــی تـــۆ بـــەخـــۆڕایـــی**
**ئــەو لــەشـانــەی بــە گـولـلـە دابـــێـــژران**
**لـــە دڵـــێ گـــەرمـــی مـیـلـلـەتـا نــێــژران**
**خــوێــنـــە داشـــتـــوویـــە داری ئـــــازادی**
**هـــات بـــە دووی شـیـنـی ئــێــوەدا شـــادی**

ئێستا کردوویەتی بە:

**دێ بـــە دووی شـیـنـی ئــێــوەدا شـــادی**

بەڵام ئەو وەختە «هات»بوو، چونکە ئەمن شاهیدی لەحزەی لەدایکبوونی ئەو شیعرە بووم.

*** جگە لەوە شیعری دیکەیشی بۆ بارزانی گوتووە؟**

بەڵێ. کاتی خۆی عەکسێکی بارزانی لە ئێران دەستکەوتووە کە نازانم چ ساڵێک بووە، ئاوا دەڵێ:

**وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من**

یان لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**هەرچەندە دیوتە ڕۆژی ڕەش و دوژمنی قەوی**
**ئــاڵای خەباتی میللەتی کـوردت نەکرد نەوی**

بەڵام دوایە بە هەر دەلیل بوو ڕای گۆڕدرا. بۆیە ئەو شیعرانەی لە مێژووی خۆی سڕینەوە. کارم نییە و بەرپرسیارییەکەی لەسەر خۆیەتی. ئەگەر لە بەغدا لە تاریک و ڕووندا نەیتوانی چاپیان بکا، باشە خۆ لە ئێران دەیتوانی چاپی بکا؟ کە لە ئێرانیش هێندێک لە بەرهەمەکانی چاپ کرانەوەم جارێکی دیکە ئەوانەی نەهێنان.

*** بۆ نەیهێنان؟**

ئەگەر زیندوو بووەوە لە خۆی بپرسە. ئەمن بۆ وەکیلیی ئەو بکەم؟

*** دەکرێ بڵێی مامۆستا هێمن چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی «کوردستان» بوو و چ ڕۆڵێکی هەبووە؟**

لەڕاستیدا لە دەستەی نووسەران لە ساڵی ١٣٤٩ەوە کە دەورەی ئێستای «کوردستان»مان دەستپێکردەوە کە ئێستایش بەردەوامە، لەو کاتەوە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو تا لێک جیابووینەوە لە ١٣٥٨دا. بەڵام وەک بەرپرسیارەتی، ئەو بەرپرسی بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامە بوو. هەرچەند ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە بڵێم، بەڵام وەک حەقیقەتێک ئەوە بڵێم باشە کە لە واقیعدا کارەکەی بە من سپاردبوو. بۆیە کارەکان هەر ئەمن دەمکردن. تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ کە لێک بڵاو بووین، پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، بڕیارماندا کۆمیتەی ناوەندی لێک بڵاو بێ. دوو کەس لەنێو وڵات بە نهێنی دەژیان. چەند کەسمان لە بەغدا مانەوە. دوو سێ کەسمان چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. دوو سێ کەسمان چوونە سلێمانی. دوو سێ کەسیشمان وەک کاک دوکتۆر چوونە دەرێ. لەوێدا کە باسی ڕۆژنامە کرا، دوکتۆر قاسملوو فەرمووی «هەوڵ بدەن ڕۆژنامەکە هەر دەربچێ. ئەمن کە ئێستا لێرە نابم با کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕۆژنامە بێ و مامۆستا هێمنیش با بەرپرسی بەشی ئەدەبی بێ.» مامۆستا هێمنیش گوتی «باشە بۆ من هەتا ئێستایش مەسئول نەبووم؟» دوکتۆر گوتی «با بەرپرس بووی بەڵام با لە بیرمان نەچێ هەتا ئێستا مامۆستا لێرە بوو، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نابێ.» ئەو باوەڕی بە من هەبوو کە کارەکان بکەم. سەرپەرستیی تەسحیح و چاپی ڕۆژنامەیش جگە لە ژمارەی یەکەمی کە ئەگەر چاوی لێ بکەی زۆر شپرزەیە و پڕە لە غەڵەت، هەر هەمووی ئەمن دەمکرد. بەڵام وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هەر مایەوە تا ئەو جیابوونەوەی کە ڕوویدا.

*** قەت هەبووە مامۆستا هێمن وتاری سیاسی بنووسێ؟**

دیارە هەبوو شتی ئەدەبی بنووسێ. بەڵام ڕۆژنامەکە حیزبی بوو دەبوایە شتی سیاسی بنووسێ. بەڵام وەک وتاری تەفسیری و تەحلیلی، نا نەیبووە. زیاتر کارەکانی توانای ئەدەبییان تێدا بوو تا تەحلیلی و سیاسی.

*** «تاریک و ڕوون»ی هێمن و بەشێک لە کتێبەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لەلایەن «بنکەی پێشەوا»وە بڵاوکراونەتەوە. دەکرێ باسی ئەم بنکەیەمان بۆ بکەی؟ ئایا شتی وا لە بنەڕەتدا هەبووە؟**

«بنکەی پێشەوا» وەک بڵێین چاپخانەی هەبێ و شتی وا، نا. بەڵام بنکەی پێشەوا بڕیارێک بوو کە حیزبی دێموکرات دابووی کە کۆمەک بکا بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی کوردی دەنووسرێن. ناوی بنکەی پێشەوای لێنرابوو. خۆ بنکە مەرج نییە خەڵک کۆبێتەوە و دەزگای هەبێ و شتی وا. حیزب هەزینەکەی دەدا. کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو بنکەی پێشەوا چاپی کرد. تاریک و ڕوون، «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران» لە نووسینی کەریمی حیسامی هەر بنکەی پێشەوا چاپی کرد. کتێبی پێکەنینی گەدا و یەک دوو کتێبی دیکەی لێ چاپ کران. ئەمن لە بیرمە کاک محەمەدی مەلا کەریم شتێکی نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی سیاسییە کە خزمەتی بە زمانی کوردی کردووە هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی. ئەوانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتیان بە سیاسەتەکانیان کردووە. مەسەلەن تاریک و ڕوون، یان پێکەنینی گەدا بۆ ئەوە بوو کە بڵاوی بکەینەوە. خەرجەکەی لەسەر حیزب بوو.

*** چاپخانەکەی لە بەغدا بوو؟**

بەڵێ لە بەغدا بوو. دیارە لە بەغدا بوون تاوان نییە. ئەمن پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرم. دوو سێ جار باسم کردووە، بەڵام ئێستا ئەم قسانە بڵاودەبنەوە، بۆیە پێم خۆشە بڵێم کتێبی دوکتۆر قاسملوومان چاپ کردبوو؛ ئەمن هەم سەرپەرستی چاپەکەی بووم و هەم وەرگێڕی ئەم کتێبە بووم، بۆیە بڵاوکردنەوەکەیشی کەوتە سەرشانی من بەهۆی ئەوەی پتر شارەزای کوردستان بووم. جارێکیان هاتبوومە سلێمانی بەسەر کتێبخانەکاندا دەگەڕام کە داخوا چەندەیان فرۆشراون بۆ ئەوەی پارەکەیان لێ وەرگرم. چوومە کتێبخانەیەک بۆوەی حیسابی لەگەڵدا بکەم. کوڕێکی لێ بوو کە دەرکەوت خوێندکاری زانستگەیە. لێی پرسیم ئەو کتێبە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێ چاپ کراوە؟ ئەمنیش زانیم مەبەستی شتێکی دیکەیە، گوتم ئەوە کۆشکی کۆماری لە بەغدا چاپخانەیەکی لێیە، لەوێ چاپ کراوە. گوتی بۆ قەڵس دەبێ؟ گوتم بۆ قەڵس دەبم؟ ئەتۆ پرسیارت کرد، ئەمنیش وەڵامم دایەوە. گوتی نا قەڵسیی پێوە دیارە! گوتم ئاخر بۆیە قسەکەی من قەڵسیی پێوە دیارە، چونکە قسەکەی تۆ پلاری پێوە دیارە! باشە ئەتۆ خوێندەواری و لاوی و ڕووناکبیری، گرنگ بۆ کتێبێک ئەوەیە چی تێدایە نەک ئەوەی لە کوێ چاپ کراوە.

*** کاتی خۆی شیعرەکانی هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان بەبێ ناو و ئیمزای هێمن بڵاودەکرانەوە و ناوی ئەم شاعیرەیان لەسەر نەبوون. هۆکارەکەی لە چیدایە؟**

بەڵێ ئەوە وایە. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە ئێمە هێمن زدایی بکەین. بەڵام ئەو بۆخۆی لە یەک دوو شیعر نەبێ وەک یادگاری شیرن، کە دەڵێ:

**گوارەکەی زێڕت بە کار نایە لە گوێ بگرە قسەم**

**لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە**

ئیدی ناوی دانەناوە وەک شاعیرانی پێش خۆی. وەک نالی کە لە هەموو شیعرەکانیدا ناوی نالی هەیە، یان حافز هەموو قەسیدەکانی ناوی حافزیان تێدایە. ئەو عادەتی وا نەبوو. ئەو بە کەمی ناوی خۆی هێناوە.

*** مەبەستمە بڵێم کە شیعرەکانی بەبێ ئیمزای هێمن بڵاوکراونەتەوە؟**

ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان بکەی، لەو دەورەیەدا هیچ وتارێک بە ناوی نووسەرەکەی نەبووە. ئەویش وەک ئەوان وابوو. یەک دوو شیعرێک چاپکران هەر لەو دەورەیەدا لە یەک دوو شاعیرێکی دیکە، پێم وایە ناویان بە جۆرێک نووسراوە. دەنا شیعرەکانی هێمن وەک لە شیعرەکەیدا نەبوو لەسەریشی نەدەنووسرا.

*** تۆ پێت وایە ڕێنووس و ڕێزمانی ڕۆژنامەی کوردستان تا چەند خۆی بە قەرزداری هێمن دەزانێ؟**

پێم وا نییە ڕێزمانەکە تەنیا لەژێر تەئسیری مامۆستا هێمندا بێ. کەسی دیکەیش هەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەبوو، ئەمن هەبووم. ڕەنگە ئەو ڕێنووسە بە ئیلهام لە کوردستانی عێراقیش بێ. چاک و خراپەکەی هەموومان لێی بەرپرسین. نە شانازییەکانی نە عەیبەکانی تەنیا بۆ هێمن ناگەڕێتەوە. بەڵام دیارە لەو بارەیەوە ڕەنگە هێمن و دواتر ئەمنیش تەئسیرم هەبێ لەسەری.

*** هێمن بۆ ماوەی چەندساڵێک ئەندامی کۆڕی زانیای بووە. دەکرێ بڵێن کە چۆن وەرگیراوە؟**

لە ساڵی دوای دامەزرانییەوە مامۆستا هێمن ئەندامی کۆڕی زانیاری بوو. بەڵام ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران و پاش نوشووستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆڕی زانیاری بەرەو کزی چوو. دەوڵەتی عێراق کە لەژێر بارودۆخێکدا ڕازی

ببوو به دروستکردنی، پاشان پشتی تێکرد. بەڵام هێمن ئیستعیفای هەر نەدا تا چووە ئێران. دیارە زیاتر لەو کۆمیسیۆنانەدا کاری دەکرد، کە بە زمان ڕادەگەیشتن. مەسەلەن دەچوون موستەلەحاتیان دادەنا لە بەرانبەر عەرەبیدا.

*** جگە لە مامۆستا هێمن کەسی تر لە کوردەکانی ئێران لەم کۆڕەدا بەشدار بوون؟**

ماموستا هەژار کە زۆر کارا بوو و دوکتۆر قاسملوو ئەندام بوو. مەرحوومی زەبیحی زۆری هاوکاری دەکرد، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەندام بوو، یان نا! زەبیحی لە زمانی کوردی زۆر شارەزا بوو. کاک حەسەنی قزلجی ئەندام بوو.

*** مامۆستا، ئەگەر بێینە سەر بەشی سیاسیی دانیشتنەکەمان دەتوانم بڵێم ئێوە لە کتێبی «هێمن» لە نووسینی عوسمان دەشتیدا دەنووسن: «هێمن کە لەباری ئەدەبی و شیعرییەوە زۆر بەتوانا بوو بە هەمان ڕادەیش لەباری سیاسییەوە کەمتوانا بوو. پرسیار ئەمەیە کەسێکی «بێ توانای سیاسی» ئەوتۆ چۆن بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات؟ ئەویش بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵبژێردرایەوە.**

ئەمن بە جۆرێک لە جێگایەکی دیکە باسی ئەوەم کرد. یەکەم، هێمن ئەو پیاوە بێ توانایە نەبوو کە بڵێم بێ تواناترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ. دووەم، هەر کەس لەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە لە بەردەستیدا هەن. ئێمە مەجمووعەیەک بووین کە لە نێویان کەسانی وامان هەبوون کە لە باری سیاسی و ئاگایی و زانیارییەوە لە مامۆستا هێمن خوارتر بوون. ڕەنگە من یەکێک لەوانە بووبم. مەسەلەکە ئەوە نییە. بەڵام ئەوەی پێوەندیدارە بە شەخسی مامۆستا هێمن، پێش ئەوەی لەبەر توانا سیاسییەکەی بێ، لەبەر ئەو ناوبانگە ئەدەبییەی بوو کە هەیبوو. حەتتا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چەند جار باسم کردووە کە بابە لێیگەڕێن، ئەو پیاوە با کاری خۆی بکا. ئەوە بۆ سیاسەت دروست نەبووە. جا بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ شیعر دروست ببوو. هەر چەند پیاوێکی بەفەرهەنگ و بەموتالەعە و خوێندوار بوو، بەڵام ئەو بۆ سیاسەت دروست نەببوو. دەیفەرموو ناوی هێمن لە لیستی کۆمیتەی ناوەندی هێزێکە. بۆیە زیاتر لەو بارەیەوە بوو. بەڵام وا نییە کە بڵێی بەقەد شاعیرییەکەی بێ. ڕەنگە ئەو بەراوردکردنەی من لەبەر ئەوە بێ کە هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو. هەرچەند ئەو لە هێندێک کەسی نێو کۆمیتەی ناوەندی بەتواناتر

بوو. بەڵام ئەو بەراوردکردنە کەسێک بیڵێ کە چەندە شاعیر بوو ئەوەندەیش سیاسی بوو ئەوە بەراوردکردنێکی غەڵەتە.

**٭ باشە تۆ پێت وا نییە کاتی خۆی کە هێمن هەڵبژێردرایەوە بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزب، ویستوویانە زیاتر وەک کەسێکی ناسراو و یادگاری کۆمار بیقۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن؟**

عەرزم کردی، ئەو کەسایەتییەکی ناسراوی ئەدەبی بوو کە گرینگ و دیار بوو ئەگەر لە حیزبدا بێ، حەتمەن دوکتۆر قاسملوویش باوەڕی وا بووە.

**٭ باشە ماموٚستا هێمن ئەگەر تێکەڵ بە «تاقمی حەوت کەسی» نەبایە و لە حیزب جیا نەبووایەتەوە، تۆ ئەم قسەیەت هەر دەکرد؟**

ئەگەر بۆنەیەک ڕێککەوتبایە، ئەمن ئەو قسەیەم هەر دەکرد. چونکە بە حزووری خۆیشی ئەو قسەیەم کردووە. هەر بە خۆیم گوتووە. وەنەبێ من غەیبەتی هێمن بکەم، یان لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە. بە باوەڕی من ئەوە لە کەسایەتیی هێمن کەم ناکاتەوە. مەسەلەن ئەمن پێت دەڵێم دوکتۆر قاسملوو لە باری سیاسییەوە چەند لە سەرێ بوو، ڕاست بەقەد ئەوە لەباری شیعرییەوە لە خوارێ بوو. بەڵام ئایا دوکتۆر قاسملوو لێی کەم بۆوە ئەمن وام گوت؟ هێمن سیاسییەکی سەرکەوتوو نەبوو و قاسملوویش هەر شاعیر نەبوو. تواناکان بەش کراون. بۆ وای لێ بکەم، ئەگەر گوتم هێمن سیاسییەکەی گەورە نەبوو ئیدی لێی کەم بۆتەوە؟ دوکتۆر قاسملوو ماموٚستام بوو، ڕێبەرم بوو، ئۆلگووم بوو، هەموو شتێکی من بوو، بەڵام پێت دەڵێم شاعیر نەبوو.

**٭ ماموٚستا، بە سەرنجدان بەوە کە تۆ زۆر لە هێمن نیزیک بووی، کە دیوانەکەی چاپ دەکرێ پێشەکییەکەی لەلایەن دوکتۆر قاسملووە دەنووسرێ. بۆچی تۆ ئەم پێشەکییەت نەتنووسی و ئەم پێشەکییە چۆن نووسرا؟**

دیارە دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی گشتی لە ئەدەبیاتدا خاوەن ڕا بوو. پاشان مەوقیعییەتی دوکتۆر قاسملوو مەوقیعییەتێکی دیکە بوو. شانازییەکی گەورە بوو کە قاسملوو پێشەکی بۆ شیعری هێمن بنووسێ. بەڵام ئەمن بە هیچ جۆر لەو مەوقیعییەتەدا نەبووم کە کتێبی ماموٚستا هێمن بە پێشەکی من وەبرەو بکەوێ. بەتایبەتی ئەو کاتە ئەمن لە مەجالی کاری ئەدەبیدا زۆر کەم ناسرابووم. دوکتۆر قاسملوو هەم لەباری ئەدەبییەوە لە من باڵاتر بوو هەم لە باری سیاسییەوە.

*** ئەگەر هێمن ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبوایە دوکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ دیوانەکەی دەنووسی و بە شاعیری گەلی دەناساند؟**

حەتمەن. ئەگەر ئاوا لێک نیزیک بوایەن حەتمەن بۆی دەنووسی. ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ دیوانەکەی هێمن نووسیوە لەبەر ئەوە نییە کە هێمن ئەندامی حیزب بووە، لەبەر ئەوە بووە کە هێمن شاعیرە. دکتۆر قاسملوو وتاری لەبارەی گۆران هەیە کە زۆر بەهێزترە لەو پێشەکییەی کە بۆ دیوانی هێمن نووسیویەتی. خۆ گۆران ئەندامی حیزبی ئێمەیش نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە شتی لەبارەوە نووسیوە.

*** مامۆستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە ئێستایش لەنێو خەڵکدا هەبێ کە چۆن بوو کەسێک کە بە شاعیری گەل دەناسرێ، دوایە دەخرێتە ڕیزی خیانەتکارانەوە؟**

ئەوە مەسەلەیەکە زۆر جار ڕەنگە بێتە گۆڕێ بەڵام تەزمین بۆ هیچ کەس نییە. نە بۆ ئەوەی تا سەر چاک بێ، نە بۆ ئەوەی تا سەر خراپ بێ. بۆیە تەزمین بۆ کەس نییە کە لە ژیاندا هەڵە نەکا. ئینسان بەهەڵەدادەچێ. لە واقیعدا تەنیا دوای مردنی ئینسانێکە کە دەتوانی حوکمی نیهایی بدەی لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە تاسەر لەسەر بیروباوەڕی خۆی ماوە. ئێنسان دەتوانێ بگۆڕدرێ. ئەوەی کە هێمن لە ڕیزی ئەوانەدا حیساب کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکی سەیر نەبوو. ڕاستە قبوولکردنی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مامۆستا هێمن و بۆ ئەوانی تر وەک یەک نەبوو. لەڕاستیدا ئەوە هەڵسەنگاندنێکی عاتیفی بوو. حەوت کەس کارێکیان کردووە. حوکمێکیان لەسەر دەدرێ. باشە بۆچی بۆ شەشیان دروستە و یەکیان غەڵەتە؟ بۆ کاری شەشیان حەرامە و هی یەکیان حەڵاڵە؟ یان بە پێچەوانەوە. شتی وا نییە. هێمن شاعیر بوو، خۆشەویست بوو لەنێو خەڵکدا لەبەر شیعرەکانی. یان خەڵک لە دوورەوە شیعرەکانی هێمنیان خۆشدەویست و ئاگاداری قەزیەکە نەبوون. دەنا چەند جارێک لەگەڵ ئەدیبان ڕێدەکەوت کە قسەم بۆیان دەکرد قسەیان پێ نەدەما. ئەتۆ نابێ کار بە شەخس هەڵسەنگێنی بەڵکو دەبێ شەخس بەکار هەڵسەنگێنی. مەسەلەن ئەگەر پیاوێکی موسڵمان چووە مەیخانە، مەیخانە نابێتە پەرستگە، موسڵمانەکە گوناهبار دەبێ. یانی لەو بارەیەوە هەڵەیەک کرا. مامۆستا هێمن بۆخۆی گوتوویەتی«فلان کەس... هێندەی ویسکی دامێ نەمزانی چیم ئیمزا کرد».

*** کێ ویسکی پێدا؟**

جا بۆ بیڵێین؟!

پاش زیاتر لە دوو دەیە لەو کارە پێت وایە ئەو حوکمەی سەر هێمن ڕاست بوو؟

– دوای چل ساڵیش پێم وایە هیمن نەدەبوا ئەو کارەی بکردایە. هەر حەیف بوو نوختەیەکی وا کەوتە ژیانی هێمنەوە. نەک لەبەر حیزب، یان میللەت، هەر لەبەر خودی هێمن حەیف بوو. هێمن ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو کاتی کە لەنێویان دایە، زەمی ئەو ڕێژیمە دەکا:

**سەقزوسەردەشتوسابلاغوسنەی کردغەرقی خوێن**
**سێی تری ویستن گوتی: بۆ سفرە حەوسینم دەوێ**

لە بارەی خومەینییەوە دەڵێ:

**بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە**
**هاتە کوردستان وتی ڕەجمی شەیاتینم دەوێ**

ئەو هەر ئیمانی پێی نەبوو. جا حەیف بوو ئەو حیزبەکەی خۆی و بزووتنەوەی خۆی مەحکووم بکا. بەتایبەتی هێمن زۆر باش دەیزانی کە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چەندە پێوەندییەکی سەربەرزانەیە. ئێستا ئیدی تەواوی دنیایش ئیعترافی پێدەکا. بەڵام شتێک نووسرا هەرچەند ئەوان بەداخەوە هیچ کامیان نەیاننووسی. حیزبی توودە بۆیانی نووسی و ئەوانیش ئیمزایان کرد. قەت پێم خۆش نەبوو لە ژیانی هێمندا شتی وا ڕوو بدا. هێمن زۆر گەورەتر بوو.

*** دەڵێن مامۆستا هێمن کاتی خۆی لەو کارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

بەڵێ گوایە خۆی هەر ئەو کاتە گوتوویەتی کە ئەو هەتیوەی فلان کەس ئەوەندەی ویسکی دامێ بۆخۆیشم نەمزانی چیم ئیمزا کرد. بەڵام دواتر ئێمە دەمانویست ئەو حوکمەی لەسەری درابوو ئیسلاح بکرێ. کاک حەسەنی شەرەفیمان ناردە لای. بنکەی کۆمیتەی شارستان لە شیلاناوێ بوو. مامۆستا هێمنیش لە شیلاناوێ بوو؟ ناردمانە لای کە بابە شتێک بنووسە کە من ئەو کارە بە هەڵە دەزانم. ئێمە بە «تعهد»ەوە بڵاوی ناکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی

ببێته دەلیلێک بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بگۆڕین با شتێکی ئاوا بنووسیٚ. بە کاک حەسەنی گوتبوو باشە بەیانی وەرەوە دەتدەمێ. بەیانی کە چووبۆوە کە پێم خۆش نییە هۆیەکەی باس بکەم پەشیمان ببۆوە و گوتبووی نایکەم.

*** دوای ئەوە ئێوە چەند ساڵ دواتر و پاش مردنی هێمن، ئەو کاتەی کە ئێوە سکرتێری حیزب دەبن، ئیعادەی کەسایەتی لەبارەی هێمن بڵاودەکەنەوە. ئەویش لە بڵاوکراوەی نێوخۆی حیزب بە ناوی تێکۆشەردا. بۆ لە ڕۆژنامە بڵاوتان نەکردەوە؟**

دیارە هەر لە تێکۆشەردا نەبوو، لە ڕادیۆیشدا بڵاومان کردەوە. لەڕاستیدا ئەوە زیاتر لەبەر «اعادە حەیسییەت» لەو نەبوو. اعادە حەیسییەتەکەمان بە کردەوە لێکردبوو. زۆر جار لە بۆنەکاندا شیعرەکانی ئەومان دەخوێندنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەوجیهێک بێ کە ناکرێ شاعیرێک بە خائین دابنێی و شیعرەکانیشی وەک حەدیسی ئەبوو هورەیرە بهێنیتەوە. بۆیە ئەوەمان کرد کە بڵێین ئەوە دیکۆمێنتێکە بۆ ئەوەی کە بەجێیە لە شیعرەکانی ئیستفادە بکەین. شەرایتێک بوو کە هێمن بەسەریدا سەپابوو. جا پیری بووبێ، یان هەرچی بێ. لەڕاستیدا مامە غەنیش، هەروەها بوو. لە خۆیان ڕانەدەدی بێنە ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هات، بەتایبەت کە ئەوانیش ئەزموونیان هەبوو. بێجگە لەوەی کە تەئسیراتی ئەملا و ئەولایان لەسەر بوو.

*** مامۆستا، ئەو ئیعادەی کە کرا بە پێشنیاری ئێوە بوو، یان بەرهەمی فشاری خەڵکی بوو؟**

هیچ کەس داوای ئیعادەی حەیسییەتی بۆ مامۆستا هێمن نەکردووە. ئەوەیش کە ئێمە ئەوەمان کرد لەژێر پاڵەپەستۆی خەڵکی نەبوو، بەڵام ئێمە لە حیزبدا پێمان وا بوو کە دەبێ ئەم کارە بکرێ. هەرچەند ئێمە بە کردەوە هەڵمانگرتبوو ئەو تەحریمە، بەڵام ئەمن گوتم با تەوجیهێکیش هەبێ. دەنا خەڵک حەقیانە بپرسن باشە ئەتۆ کە بە خائینی دەزانی بۆ شیعرەکەی لە ڕادیۆکەتدا دەخوێنیتەوە.

*** من لە قسەکانت وا تێگەیشتم کە تۆ کەسێکی نیزیک لە مامۆستا هێمن بوویت، بەڵام لەملا و لەولا باس لەوە دەکەن کە پێوەندیی تۆ و هێمن زۆر نۆرمال نەبووە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

ئێستا ماون ئەوانەی شاهیدی پێوەندیی نێوان من و هێمن بوون. نیزیکترین

کەس لە ڕەفیقەکانی هێمن ئەمن بووم. کاتی خۆیشی ئیمزای خۆی شاهیدە کە چەندە شوێنم لەسەری داناوە. حەتتا جاروبار زۆر لوتفی دەکرد. جارێکیان لەبیرمە جێژنی نەورۆز بوو لە بەغدا چووبووینە دەرێ. شایی و هەڵپەڕکێ بوو.

هات، ئەمن سەرچۆپیم گرتبوو، گوتی ئەشەدوبیللا لەوەیشدا هەر ئوستادی. یانی ئەو وشانەی بەکار دەبردن. بەڵام ئەمن لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی ئەواندا توند بووم و نایشارمەوە. ئەمن تەنانەت لەو دیمانەیەدا کە کردم لە وەڵامی گۆڤاری چشم انداز دا گوتم سپاسی کاک غەنی بلووریان دەکەم کە شاهیدێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو چۆن دیفاعی لە جمهوری ئیسلامی کرد و ئەمن چون دیفاعم لە بزووتنەوەی کوردستان کردووە. جا بەبێ شک ئەوانەی قسەیان لەسەر من کردووە تەئسیریان لەسەر داناوە. ئەگینا تا پێکەوە بووین گەپ و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

*** من لێرەدا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم. ئێوە ئەگەر شتێکتان ماوە دەتوانن باسی بکەن؟**

ئەمن شتێکم نییە جگە لەوەی سڵاو بۆ یادی هێمن بنێرم و ڕێز دابنێم بۆ هەموو ئەو خزمەتانەی کە ئەو هەم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردی و هەم بە فیکری شۆڕشگێڕانەی لاوانی کورد. یادی بەخێر بێ.

## ناوەڕۆک

* ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا..... د.عوسمان دەشتی...................................٥
**– هۆنراوەکان:**
* شینگێڕی – عەباس حەقیقی...................................٣٩
* یادی هێمن – عەباس حەقیقی...................................٤١
* شینگێڕی – سەید تاهیری هاشمی...................................٤٢
* کوڵی دڵ – سەید تاهیری هاشمی...................................٤٤
* شینگێڕی – ڕەبیعی...................................٤٥
* شینگێڕی – فیدایی...................................٤٨
* شینگێڕی – ح. زەرزا...................................٥١
* شینگێڕی – سەید عەبدولقادری سیادەت...................................٥٣
* یادی هێمن– سەید عەبدولقادری سیادەت...................................٥٤
* یادی هێمن – سەید عەبدولقادری سیادەت...................................٥٥
* شینگێڕی – ئوستا...................................٥٦
* بەهاری ڕەشپۆش – ڕەحمان قازی...................................٥٩
* شینگێڕی – سەلاح عەرەبی...................................٦١
* شینگێڕی – سدیق بۆرەکەیی...................................٦٢
* شینگێڕی – ک.د. ئازاد...................................٦٤
* یادی هێمن – سەید لەتیفی هاشمی...................................٦٦
* شین – ب. ج. هێڤی...................................٧١
* نوێ جێژنە – شەریف...................................٧٤
* شینی هێمن – مشەختی...................................٧٥
* بەهی نامە – دانا کاکە حەمە...................................٧٦
* یادی هێمن – شێخ عەبدولکەریم هیرانی – وریا...................................٧٧
* پێنجخشتەکی – مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی...................................٧٨
* یادی هێمن – ف. محەمەدی...................................٨٠
* بەهاری زەرد – ج. ئاشتی...................................٨١

* یادی هێمن – سەید ئیبراهیم ستوودە.......................................................................٨٨
* شینگێڕی – خاڵەمین.......................................................................٩٠
* یادی هێمن – هەژار.......................................................................٩٢
* من دەڵێم – حاجی حوسێن حەداد.......................................................................٩٥
* یادی هێمن – ئەحمەد دەشتی.......................................................................١٠١
* یادی هێمن – حوسێن شینکی.......................................................................١٠٤
* یادی هێمن – مستەفا کوێستانی.......................................................................١٠٥
* یادی هێمن – سەید کامیل ئیمامی.......................................................................١٠٨
* شینگێڕی – ش. نانەوا.......................................................................١٠٩
* شینگێڕی –مارف ئاغایی.......................................................................١١٠
* بۆ یادی هێمن – مستەفا ئیلخانیزادە.......................................................................١١١
* کوا – بەڕۆژ ئاکرەیی.......................................................................١١٤
* لەسەر گڵکۆت – ڕێبوار.......................................................................١١٦
* شینی هێمن – خالید حیسامی (هێمن).......................................................................١١٧
* یادی هێمن – خالید حیسامی (هێدی).......................................................................١٢١
* شینی مامۆستا هێمن – مەلا کەریم سارده کوێستانی.......................................................................١٢٣
*بەبۆنەی کۆچی شاعیری نەمر مامۆستا هێمن – مەلا کەریم سارده کوێستانی....١٢٤
* یادی هێمن – ئەمین گەردیگلانی.......................................................................١٢٥
* یادی هێمن – حوسێن حەیدەر پوور.......................................................................١٢٩
* یادی هێمن – پەرویز فەقری (پیرە).......................................................................١٣١
* تاپۆی هێمن – عەلی حەسەنیانی (هاوار).......................................................................١٣٣
* شینی هێمن – عەلی حەسەنیانی (هاوار).......................................................................١٣٧
* کۆچی دوایی هێمن – مەلا حوسێن کورڕژی.......................................................................١٤٢
**– پەخشانەکان:**
* چلەی هێمن – مەحموود شکاک.......................................................................١٤٧
* پیوسۆز – فەتتاح ئەمیری.......................................................................١٥٢
* شینگێڕی – عەلی نانەوا زادە.......................................................................١٥٧
* مەهاباد – عەلی نانەوا زادە.......................................................................١٦٠
* یادی هێمن – حەسەن سەڵاح سۆران.......................................................................١٦٥
* هێمن نامرێ – ئە. بیدە شێخی.......................................................................١٦٨
* هێمن شاعیر و هێمنی سیاسی – عەبدوڵلا حەسەنزادە.......................................................................١٧١

View publication stats